حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

# هێز و ئاوازە
# لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کراوە

بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا

لە زمانی کوردیدا

لە لایەن

**عەبدولوەهاب خالید موسا**

( بڕوانامەی بەکالۆریۆس / زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ١٩٨٧-١٩٨٨ز )

( بڕوانامەی ماستەر / زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ١٩٩٩-٢٠٠٠ز )

بە سەرپەرشتی

**پ.د.وریا عومەر ئەمین**

نەورۆز٢٧٠٧ی کوردی رەبیعولئەووەل١٤٢٧ی کۆچی نیسان٢٠٠٧ی زایینی

سـلاو له گیانی پاکی (خانی) که دەڵێ:

| | |
|---|---|
| گەر دێ هەبویا مە ئیتتیفاقەك | ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك |
| ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی | هەمیان ژ مەرا دکر غولامی |
| تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت | تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت |
| تەمییز دبوون ژ هەڤ مەقالات | مومتاز دبوون خودان مەقامات |
| دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد | بێ مەعریفەتن بێ ئەسڵ و بنیاد |
| ئەنواعی میلەل خودان کتێبن | کرمانج تەنێ د بێ حسێبن |
| عیلم و هونەر و کەمال و ئیزعان | شیعر و غەزەل و کتاب و دیوان |
| ئەڤ جنس ببوویا ل بال وی مەعموول | ئەڤ نەقد ببوویا ل نك وی مەقبوول |
| نەقدی مە مەبێژە کێم بەهایە | بێ سککەیێ شاه شەهرەوایە |
| کرمانجیە سەرف بێ گومانە | زێڕ نینە ببێن سپیدەمانە |
| گەردێ ببووا ب زەربی مەنقووش | نەدما وەهە بێ ڕەواج و مەغشووش |

((ئەحمەدێ خانی))

1706-1650ز

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە (دەنگسازی) زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د.وریا عومەر ئەمین
سەرپەرشتیار
مێژوو: 19 / 4 / 2007

بە پێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم
سەرۆکی بەشی کوردی
کۆلێجی زمان-زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو: 19 / 4 / 2007

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامە یەمان خوێندەوە و لە گەڵ قوتابیە کەدا گفتوگۆ مان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا، کە شایانی ئەوەیە بڕوانامەی دکتۆرای لە (دەنگسازی)ی زمانی کوردی پێ بدرێ.

| | | |
|---|---|---|
| ناو:پ.ی.د.یوسف شریف سعید | ناو:پ.ی.د.فریدون عبدول برزنجی | ناو:پ.د.محمد معروف فتاح |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| مێژوو: 19/ 4 / 2007 | مێژوو: 19/ 4 / 2007 | مێژوو: 19 / 4 / 2007 |

| | | |
|---|---|---|
| ناو:پ.ی.د.طالب حسین علی | ناو:پ.ی.د.فتاح مامە علی | ناو: پ.د. وریا عومەر ئەمین |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام و سەرپەرشتیار |
| مێژوو: 19/ 4 / 2007 | مێژوو: 19/ 4 / 2007 | مێژوو: 19/ 4 / 2007 |

لە لایەن کۆلێجی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو: د.عەلی مەحمود جوکل

ڕاگری کۆلێجی زمان

مێژوو: / / 2007

# ((ســــوپاسنامه))

له سەرەتادا سوپاسی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین دەکەم، کە بواری خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندین و توانیمان لە ژێر سێبەری بەخشندەیی و میهرەبانیان ئەم ئەرکە ئەنجام بدەین. سوپاسی تایبەتیم بۆ کۆلێجی زمان و بەشی زمانی کوردی، کە هەرگیز درێغیان نەکردووە لە ئەرکەکانیان و هاوکاری کردنمان.

سوپاس و ستایشی بێ پایانی هەموو ئەوانە دەکەم، کە هەر چرکەیەك لە کاتیان بۆ من تەرخان کردووە و بە زانیاری و بەهرە و کارامەیی خۆیان هاوکارییان کردووم، هەڵبەتە ئەگەر هاوکاری ئەو بەڕێزانە نەبووایە، هەرگیز ئەم بەرهەمە بەم شێوەیە نەدەبوو. بە تایبەتی سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنی کۆرسەکان وانەیان پێداین و پاراویان کردین بە زانیارییەکانیان. سوپاسێکی تایبەتی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی ئەم نامەیە دەکەم، کە سەرنج و تێبینیەکانیان دەبنە پتر دەوڵەمەندکردن و پتەوکردنی نامەکە و لە ئەنجامدا ڕادەی باوەڕ بەخۆ بوون و سەنگی نامەکە پتر دەکەن.

سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستا و هاوڕێم پ.ی.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول، کە بە سەرچاوە و وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزیەکان و چاپکردنی نامەکە درێغی نەکرد لە هاوکاریکردنم.

سوپاسی تایبەتیم بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیارم پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.

## ((پێشکەشنامە))

- پێشکەشە بە خوێنی شەهیدانی کوردستان، کە هەوێنی هەموو بەرهەمێکی سوودبەخشن.

- پێشکەشە بە گیانی پاکی هەردوو مامۆستای دەنگسازی: (م.غازی فاتح وەیس) و (د.ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی).

- پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی پیرۆزی و یەکێتی زمانی کوردی دەپارێزن و بە بیرتەسکی و ناوچەپەرستی دڵیان ژەنگاوی نابێ.

- پێشکەشە بە هەموو ئەو مامۆستایانەی وشەیەکیان فێرکردووم و ئەو قوتابیانەی وشەیەکیان فێردەکەم.

# ((ناوەرۆك))


| بـــابــــــــەت | لاپـــەڕە |
| --- | --- |
| سوپاسنامە.............................. | V |
| پێشکەشنامە.............................. | VI |
| ناوەرۆك.............................. | VII |
| لیستی زاراوەکان.............................. | X |
| | |
| (أ) پێشەکی.............................. | 1 |
| (أ-أ) ناونیشانی نامەکە.............................. | 1 |
| (أ-ب) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە.............................. | 1 |
| (أ-پ) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە.............................. | 1 |
| (أ-ت) سنووری لێکۆڵینەوەکە.............................. | 2 |
| (أ-ج) گیروگرفتی بابەتەکە.............................. | 2 |
| (أ-چ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە.............................. | 3 |
| (أ-ح) پێڕەوی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە.............................. | 3 |
| (أ-خ) بەشەکانی نامەکە.............................. | 3 |
| | |
| بەشی یەکەم.............................. | 5 |
| (1) کەرەسە ناکەرتیەکان.............................. | 6 |
| (1-1) دەسپێك و ناساندن.............................. | 6 |
| (1-2) زەمینەی کەرەسە ناکەرتیەکان.............................. | 8 |
| (1-3) پێکهاتەی بڕگە.............................. | 9 |
| (1-4) هێز.............................. | 13 |
| (1-5) ئاوازە.............................. | 17 |

(1–6) لەرە........................................ 20
(1–7) نێوان.................................... 21
(1–7–1) وەستان........................................ 25
(1–7–2) هەڵوەستە...................................... 25
(1–8) تــرپــە.......................................... 27

**بەشی دووەم**........................................ 28
**(2)** هێز.............................................. 29
**(2–1)** پێشەکی........................................ 29
**(2–2) دەنگسازیی بیستەنی**.............................. 29
(2–3) هێز لە ڕووی دروستبوونەوە........................... 31
(2–4) هێز لە زمانەوانیدا............................... 35
(2–5) سیماکانی هێز لە کوردیدا.......................... 39
(2–6) جۆرەکانی هێز.................................... 42
(2–7) هێزی وشە...................................... 42
(2–7–1) هێز لە وشەی سادەدا............................ 43
(2–7–1–1) وشەی سادەی یەك بڕگەیی....................... 43
(2–7–1–2) وشەی سادەی دوو بڕگەیی........................ 46
(2–7–1–3) وشەی سادەی سێ بڕگەیی........................ 47
(2–7–1–4) وشەی سادەی چوار بڕگەیی...................... 47
(2–7–2) هێز لە وشەی داڕێژراودا........................... 47
(2–7–2–1) هێز لە چاوگدا.............................. 51
(2–7–2–2) هێز لە ئاوەڵناوی کراودا...................... 52
(2–7–3) هێز لە وشەی لێکدراودا.......................... 53
(2–8) هێزی ڕستە...................................... 54
(2–8–1) هێز لە بچووکترین ڕستەی کورتکراوەدا....... 54

(2-8-2) گیرەکە هێزکێشەکان لە ڕستەی کورتکراوەدا.. 55
(2-8-3) هێز لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا........... 55

بەشی سێیەم.............................. 57
(3) ئاوازە.................................. 58
(3-1) ئەرکەکانی ئاوازە.................. 58
(3-2) شێوازەکانی خستنەڕووی ئاوازە......... 60
(3-3) بۆچوونی بەریتانی........................ 61
(3-4) بۆچوونی ئەمریکی......................... 65
(3-5) بۆچوونی باسی سەرەکی........ 67
(3-6) ئاوازە لە کوردیدا..................... 67
(3-7) ئاستەکانی ئاوازە لە کوردیدا............ 75
(3-7-1) چیناوازی بەرز......................... 75
(3-7-2) چیناوازی ئاسایی............................ 75
(3-7-3) چیناوازی نزمەبەرز.............................. 76
(3-7-4) چیناوازی بەرزەنزم.................................. 76
(3-8) ئاوازەی جۆرەکانی ڕستە.......................... 77
(3-8-1) ئاوازەی ڕستەی هەواڵدان................ 77
(3-8-2) ئاوازەی ڕستەی پرسیاری.................. 78
(3-8-3) ئاوازەی ڕستەی فەرماندان................ 79
(3-8-4) ئاوازەی ڕستەی سەرسوڕمان.................. 80

بەشی چوارەم................................ 82
(4) لێڵی و کەرەسە ناکەرتیەکان..................... 83
(4-1) نێوان و لێڵواتایی......................... 83
(4-2) هێز و لێڵواتایی............................... 86

(**4-3**) ئاوازە و لێڵواتایی........................ 88
(**4-4**) هێز و ئاوازە و لێڵواتایی...................... 90

ئەنجامەکان................................................ 92

سەرچاوە کوردیەکان...................................... 95
سەرچاوە ئینگلیزیەکان.................................... 97

کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی (ملخص البحث)...... 99

کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی (Abstract)........ 100

## ((لیستی زاراوەکان))

| | |
|---|---|
| Melody | ئاواز |
| Intonation | ئاوازە |
| Accentual | ئەکسێنتدار |
| Theme | باسی سەرەکی |
| Rising | بەرزبوونەوە (ڕك) |
| Non-accentual | بێئەکسێنت |
| Popping | تەقینەوە |
| Rhythm | تــرپــە |
| Remiss | توخمی خاو (عنصر خامل) |
| Ictus | توخمی گورج (عنصر مشدد) |
| Tone-groupe | پۆلەچیناواز |
| Swishing | پستاندن |
| Pre-head | پێشسەرە |
| Pretonic | پێشچیناوازی |
| Syllable Structure | پێکهاتەی بڕگە |
| Syllable Structure | پێکهاتەی بڕگە |
| Feet | پێی(تفعیلە) |
| Aspiration | پفدەرچوون |
| Tunes | پلەکانی ئاوازە |
| Loudness | دەنگداری |
| Acoustic phonetics | دەنگسازیی بیستەنی |
| Prosodic features | دیاردەکانی چنینکاری |
| Syntactic structure | ڕۆنانی ڕستەیی |
| Levels method | ڕێگەی ئاستەکان |

| | |
|---|---|
| Contour method | ڕێگەی چێوەیی |
| Tone method | ڕێگەی چیناواز |
| Graphic method | ڕێگەی هێڵکاری |
| rising–Falling tone | ڕکەلێژ |
| Tone-head | سەرەچیناواز |
| Acoustic characteristics | سیما دەنگیەکانی گوێلێبوون |
| Tone | چیناواز (چینی دەنگ) |
| Tonality | چیناوازبەندیی |
| Tonicity | چیناوازکاریی |
| Tonic | چیناوازی |
| High rising tone | چیناوازی بەرزەڕك |
| Falling tone | چیناوازی لێژ |
| falling–Rising tone | چیناوازی لێژەڕك |
| Low rising tone | چیناوازی نزمەڕك |
| Articulate | گۆکردن |
| Inflectional | گیرەکی ڕێزمانی |
| Derivational | گیرەکی ناڕێزمانی |
| Segmental feature | فۆنێمە ئاساییەکان |
| Primary phoneme | فۆنێمی سەرەکی |
| Segmental Phoneme | فۆنێمی کەرتی |
| Secondary phoneme | فۆنێمی لاوەکی |
| Supra-segmental Phoneme | فۆنێمی ناکەرتی |
| Amplitude | فراوانی لەرە |
| Terminal junctures | کۆتایی نێوانەکان |
| Supra-segmental | کەرەسە ناکەرتیەکان |
| Phonetic aspect | کەرەسەی دەنگی |

| | |
|---|---|
| Prosody | کێشناسیە |
| Audible | لایەنی بیستن |
| Pitch | لەرە |
| Pitch movement | لەرە جووڵە |
| Frequency | لەرەلەر |
| Oscillograph | لەرەنووس |
| Vibrating | لەرینەوە |
| Duration | ماوەی خولانەوە |
| Falling | نزمبوونەوە (لێژ) |
| Juncture | نێوان |
| Close juncture | نێوانێکی داخراو |
| Open juncture | نێوانێکی کراوە |
| Pause | هەڵوەستە |
| Stop | وەستان |
| Monosyllabic word | وشەی تاك بڕگە |
| Polysyllabic word | وشەی فرە بڕگە |

## پێشەکی

**(أ-أ) ناونیشانی نامەکە:**

ناونیشانی نامەکە ((هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا)) یە. نامەکە باسی کەرەسە ناکەرتیەکانی زمانی کوردی دەکا بە گشتی و هێز و ئاوازە بە تایبەتی. جیاکردنەوەی کەرەسە ناکەرتیەکان لە یەکتر کارێکی ئاسان نیە و سەرجەم کەرەسە ناکەرتیەکان لە هێز، ئاوازە، نێوان، ترپە و وەستان ...هتد تێکڕا کارێکی هەرەوەزی دەکەن و بەیەکەوە ئامانجی سەرەکی دەپێکن، بەڵام ئەو کەرەسە ناکەرتیانەی زۆرتر بەکاردێن، (هێز) و (ئاوازە)ن، بۆیە پتر بایەخ بەمانە دراوە و بەشی زۆرتری نامەکەیان بۆ تەرخان کراوە، هەر لەبەر ئەمەش نامەکە بەو ناونیشانە ناونرا.

**(أ-ب) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەرەسە ناکەرتیەکانی Suprasegmental Features زمانی کوردی بەگشتی و پڕاکتیزەکردنی لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا، چونکە ڕۆڵی کەرەسە ناکەرتیەکانی وەك ((هێز– Stress، ئاوازە – Intonation، نێوان – Juncture، ترپە – Rhythm و ...هتد)) لە گواستنەوەی واتادا، تەواوکەری ڕۆڵی کەرەسە کەرتیەکانن (فۆنیمە ئاساییەکان) Segmental Features و هەردووکیان هاوکارن لە پێکهاتەی ڕۆنانی زماندا. ڕەنگە توانای دەربڕینی هیچ ڕستەیەك بە بێ کەرەسە ناکەرتیەکان نەبێ، ئەگەر ئەو توانایەش هەبێ، وەکوو لە نووسیندا، ئەو ڕستەیە بە بێ کەرەسە ناکەرتیەکان لێڵواتا دەبێ.

**(أ-پ) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لە زمانەوانی هاوچەرخدا کەرەسە ناکەرتیەکان سەرنجی زمانەوانە جیهانیەکانی ڕاکێشاوە و بە وردی ئەم کەرەسانەیان وەك بەشێکی دانەبڕاوی زمان خستووەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکانیان و هەوڵی کردنەوەی ئەو گرێکوێرانەیان داوە، کە بەهۆی بوون و نەبوونی ئەم کەرەسانە دێنە دێراوی زمان و دەبن بە بوارێکی لێکۆڵینەوەی پابەندی زمانەوانی.

لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیشدا فەرامۆش نەکراوە و بایەخی باشی پێدراوە، لەو دیالێکتەدا بە کوردی و بە ئینگلیزی بابەتەکە تاوتوێکراوە. بەڵام لە دیالێکتی ژووروی زمانی

کوردیدا هیشتا باسێکی ئەکادیمی سەربەخۆی بۆ تەرخان نەکراوە و ــبە دەگ ــمەن با ــسی ــئەم کەرەسانە کراوە. بۆیە ئەم بابەتە بۆ لێکدانەوە و گەڵاڵەکردن و پڕاکتیزەکردنی ــئەو کەرە ــسانە هەڵبژێردرا لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا.

## (أ-ت) سنووری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەگەرچی شێوەی نووسینی بە شێوەی نووسینی دیالێکتی ناوەڕاستە، بەڵام سنووری کارکردن و پڕاکتیزەکردنی کەرەسەکان و ڕوونکردنەوەی دیاردەکە بە دیالێکتی ژووروویی زمانی کوردیە بە گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتی شێوەزاری ــبادینی ــئەو دیاڵ ــێکتە وەرگیراوە، چونکە گرانی و ئەستەمی گەیشتن بە شێوەزارەکانی تری ئەو دیالێکتە، توێژەری ناچار کرد، پتر پشت بە شێوەزاری بادینی ئەو دیالێکتە ببەستێ و لە گەڵ ئەوەشدا ــهەوڵ دراوە ــلە شێوەزارەکانی تری ئەو دیالێکتەش نموونە وەربگرێ، بە تایبەتی ئەو دەربڕینانەی هاوبە ــشن ــلە سەراپای دیالێکتەکەدا.

## (أ-ج) گیروگرفتی بابەتەکە:

گرفتێکی نووسینی ئەو بابەتە، کێشەی زاراوەکان بوو کە زۆر ــبەیان ــبە ئینگلـ ــیزین و تەنانەت هەندێ جار پتر لە زاراوەیەك بۆ کەرەسەیەك دانراوە. زۆر لە سەرچاوەکانیش بە ز ــمانی ئینگلیزی بوون، کە هەندێ جار توێژەری ناچاری وەرگێڕان دەکرد و وەرگێڕانیش هەر ــچەند ورد بێ، ناگاتە دەقی بنەڕەتی.

لە لایەکی تر،گرفتێکی تر لە توێژینەوە دەنگسازیەکانیی زمانی کوردیدا نەبوونی ئام ــێرە ورد و تایبەتمەندەکانی دەنگپێوە، ئینجا چ هێز بێ، لەرەلەر بێ، ــئاوازە ــبێ،..... ــیان ــهەر کەرەسەیەکی تری دەنگسازی، کەرتی بێ یا ناکەرتی. بۆیە بە ناچاری پەنا دەبرێتە بەر سەلیقە و چۆنیەتی بیستنی توێژەرەکان و ڕادەی پشتبەستنیان بە سەرچاوەکان.

## (أ-چ) ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە بە شێوەیەکی گشتیی کارەکیە و توێژەر کەرە ــسەکانی ــلە سنووری باسەکەی کۆکردۆتەوە و باسیکردوون و بە پێی تیۆری و پێوانە ــستاندەرەکانی ــئەو کەرەسانە ڕوونیکردونەتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پتر بایەخ بە لایەنی (فسیۆلۆجی گۆکردن) دراوە، چونکە ئەم لایەنە بنچینەیە بۆ هەموو توێژینەوەیەکی دەنگسازیی زمان و بەرجەستەترە و ڕوونتر یەکالا دەکرێتەوە، جگە لەمە ئەم لایەنە لە شیکردنەوەدا وردترە لە بەدەستەوەدانی پێوەر و تایبەتمەندی و دەرئەنجامەکان لە دەستنیشانکردنی سەرجەم دیاردە دەنگیەکان و دەرخستنی پێکهاتە و سروشتی کەرەسە دەنگیەکان و کەوتگەی هەریەکەیان لە پێکهاتەی زماندا.

## (أ–ح) پێڕەوی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا ئاخاوتنی هەندێ قسەپێکەرانی دیالێکتی ژووروو (شێوەزاری بادینی) تۆمار کراوە و ئەو قسەپێکەرانە هەڵبژێرراون، کە تەمەنیان لە نێوان سی تاکو شەست ساڵی دایە، ئینجا سەرجەم قسە تۆمارکراوەکان دواتر لە ژێر تیشکی ئەو تیۆریانە بە وردی شیکراونەتەوە. هۆکارێکی پتر سەرکەوتنی کردارەکە ئەوەیە، دیالێکتی زگماکی توێژەر دیالێکتی ژووروو‌ە. جگە لەمە تۆمارکردنی کۆمەڵێك چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆشنبیر و هۆزانڤان و شارەزایانی زمان و ئەدەب لەو دیالێکتە، کە دیسان بوون بە سامانێکی دەوڵەمەند بۆ هەمان مەبەست. لە تۆمارکاریەکاندا، توێژەر هەوڵیداوە، وا لە قسەکەران بکا، خۆیان لە بیر بکەن و ئاریشەی ئەوە لە هزریان نەمێنێ، کە دەنگیان تۆمار دەکرێ. کەرەسەکان بە پێی چەندجارەی گوێگرتن و بیستنەوە شیکراونەتەوە.

## (أ–خ) بەشەکانی نامەکە:

ئەم نامەیە لە پێشەکی و چوار بەش پێکهاتووە. لە پێشەکیدا ناونیشانی نامەکە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، سنووری لێکۆڵینەوەکە، گیروگرفتەکانی بابەتەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی پێڕەوی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئینجا ڕوونکردنەوەی بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکراون.

لە بەشی یەکەمدا تاوتوێی کەرەسە ناکەرتیەکان کراوە، هەوڵدراوە پتر ئەم کەرەسانە بۆ دیالێکتی ژووروو ڕوونبکرێنەوە: هێز، ئاوازە، لەرە، نێوان، ترپە و ...هتد.

لە بەشی دوەمدا، تیشك خراوەتە سەر هێز و هەوڵیداوە ئەم لایەنانەی هێز تاوتوێ بکا، دەنگسازیی بیستەنی، هێز لە ڕووی دروستبوونەوە، هێز لە زانستی زماندا، جۆرەکانی هێز و.....هتد.

لە بەشی سێیەمدا توێژەر لە ئاوازەی کۆڵیوەتەوە و لە چەند لایـەنێکی ئاوازە دواوە، وەك: شێوە و ئەرکەکانی ئاوازە.

لە بەشی چوارەم و کۆتایی نامەکەدا، باسی لێڵواتایی لەگەڵ کەرەسە ناکەرتیەکان ـکراوە بەتایبەتی هێز و ئاوازە و لێڵی.

لە کۆتایی نامەکەشدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان و کورتەی نامەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## ((بەشی یەکەم))

## دەسپێك و ناساندن– Introduction & Definition

کەرەسە ناکەرتیەکان– Suprasegmental.

زەمینەی کەرەسە ناکەرتیەکان

پێکهاتەی بڕگە  Syllable Srtucture.

هێز – Stress.

ئاوازە  Intonation.

لەرە  Pitch.

نێوان  Juncture.

أ– وەستان  Stop.

ب– هەڵوەستە  Pause.

تــرپــە  Rhythm.

# بەشی یەکەم

## 1) کەرەسە ناکەرتیەکان (Suprasegmentals

### 1-1) دەسپێك و ناساندن:

لە تۆژینەوە دێرینەکانی زمانەوانی بە گشتی و لە زمانی کوردیدا بە تایبەتی کەمتر با ـسی کەرەسە ناکەرتیەکان کراوە. دوای ئەوە دەنگسازی بوو بە ئاستـ ـێکی هاو ـشانی وشە ـسازی و ڕستەسازی و لە دوو تویێی ڕێزمانیش ترازا، ئەم دەنگە نەنوو ـسراوانە ـتا ڕادە ـیەك ـفەرامۆش دەکران، لێکۆڵینەوەکانی دواتر دەستیانکرد بە دەرخستنی بایەخی ئەو کەرەسانە. ئەم تۆژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەم بوارەدا بەتایبەتی لە کوردیی ژووروودا بەدیدەکرێ.

لە دەنگسازیدا کەرەسە دەنگیەکان دوو ـجۆری ـسەرەکین، ـکەرتی (Segmental و ناکەرتی (Suprasegmental. کەرەسە ناکەرتیەکان کارەنجامی ئەو گۆکردنان، کە بە سەر پتر لە دەنگێك هەڵدەکشێن لە دەربڕینەکاندا، وەك جۆری چینە دەنگیەکان – Pitch، هێز (Stress، یان نێوان (Juncture......هتد. لە هەندێ شیکردنەوەی بیردۆزە ڕۆنانیەکانی ئەمریکی، کەرەسە ناکەرتیەکان بە فۆنێم دادەنێن و لە ڕیزبەندی هەندێ سیماکانیشیان بە مۆرفیم دادەنرێن[1]. ـئەم دابەشکردنەی ئەمریکیەکان بە تایبەتی قوتابخانەی بلۆمفیلد[2] و لایەنگرانی، بوو بە نەریتێکی باو. هەندێ جار زمانناسان لە بری ناکەرتی، زاراوەی تر بەکاردێنن، وەك: دەن ـگەکانی ـچنینکاری (الأصوات التطريزية)[3] یان دەنگە سەروو ڕۆنانەکان .....هتد. بە گشتی هەموویان دەن ـگەکان دابەشی دوو جۆر دەکەن: (فۆنیمی سەرەکی (Primary phoneme) و (فۆن ـیمی لاوە ـکی (Secondary phoneme)[4].

فۆنێمی سەرەکیەکان (کەرەسەی کەرتی) ئەو ڕیزە دەنگانەن، کە کەرت دەکرێن و دەبنە فۆنێمەکان.

کەرەسەی ناکەرتی ئەو دەنگانەن، کە لە ڕەوتی ئاخاوتنی قسەی نەپچڕاودا د ـێنە ـئاراوە. واتە؛ کاتێ زنجیرە دەنگەکان دەکەونە تەك یەك و لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەرکێکی د ـیاریکراو

---

[1] Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P.447.

[2] ميلكا إفيتش. (1996). إتجاهات البحث اللساني. ص 273.

[3] محمد علي الخولي. (1987). الأصوات اللغوية. ص 234.

[4] كمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص 496.

ڕادەپەڕێنن و سیمای دەنگیی بەهادارن و بە فۆنیمە لاوەکیەکان دادەنرێن، وەك: هێز، ئاوازە، چیناواز (تۆن)، نێوان، ترپە، وەستان، ........ هتد.

کەرەسە ناکەرتیەکان لە هەر زمانێکدا سیمای جیاواز بە سەر قسەکاندا دەسەپێنن، بەڵام لە هیچ قسەیەکدا نابنە توخمێك لە ڕۆنانی ئەو ئاخاوتنانە، یان کەرتێك لە پێکهاتی ئەو شانە، هەربۆیە هەندێ لە لێکۆڵەران جۆری یەکەمیان بە (فۆنیمی کەرتی Segmental Phoneme) ناو دەبەن و بە تایبەتی چونکە کەرت دەکرێن، بەڵام جۆری دووەمیان بە (فۆنیمی ناکەرتی Suprasegmental Phoneme) ناو دەبەن. ئەم ناولێنانە جیاوازی نێوان هەردوو جۆرەکە لە ڕووی ئەرك و کەوتگەیان(موقع) ڕوونتر دەردەخا، بەوەی کە فۆنیمە سەرەکیەکان کەرتین و دەتوانرێ کەرت بکرێن و لە یەکتر جیابکرێنەوە و لە شوێنەکانیان دابڕێن و لە شوێنێکی تر و ڕۆنانی وشەیەکی تر ڕۆڵی خۆیان ببینن و کار لە گۆڕانی واتای وشەکان بکەن. کەچی فۆنیمە لاوەکیەکان کەرتی نین و ناتوانرێ پارچە پارچە بکرێن و جیابکرێنەوە و بەمەش بەشداری ڕۆنان و پێکهێنانی وشە ناکەن. ئەم فۆنیمانە لە سەرەوەی پێکهاتی وشەکانن، واتە؛ هەموو وشەکە و دواتر سەرتاپای ئاخاوتنەکە دادەپۆشن و ڕووبەری داپۆشینەکەیان کەرت ناکرێ. ئەم فۆنیمانە لە ڕووی ئەرکەوە، ڕۆڵی جیاواز دەبینن، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تێروتەسەلی باسیان دەکرێ.

شایانی باسە هەندێ لە زمانەوانان لایەنگری ئەو پۆلینکردنە نین، لەوانە فیرس Firth ڕابەری قوتابخانەی ئینگلیزی، کە پێی وایە، لە بنچینەدا بە شێوەیەکی گشتی ئەم دابەشکردنە دووانیەی فۆنیم ڕاست نیە، بەوەی پۆلێك لە پۆلەکەی تر بایەخدارتر دادەنێ. چونکە سەرجەم ڕووداوە دەنگیەکان – سەرەکی و لاوەکی، ڕۆنانی و ژوور ڕۆنانی بایەخ و ڕۆلی خۆیان هەیە لە ڕەوتی ئاخاوتندا و بە لادانی هەریەکێکیان، ئاخاوتنەکە تایبەتمەندیی خۆی لە دەست دەدا[1]. لە لای فیرس و لایەنگرانی ئەو فۆنیمانەی بە لاوەکی دانراون، بایەخێکی زۆریان هەیە لە زنجیرەی گۆکردنی قسەکاندا، سیمای ڕاستەقینەی دەربڕینەکانن و بە شێوەیەکی زانستیی ورد جۆر و چۆنیەتی گەیاندنیان دەستنیشان دەکەن. هەروەك دیاردە و سیماکانی (چنینکاری تطريزي)، کە بۆ جلوبەرگەکان بەکاردێن و جوانکاری و وردەکارییان پێ دەبەخشن و گونجاوتریان دەکەن[2]. دەتوانرێ لێکچواندنەکەی فیرس بەوە لێك بدرێتەوە: دەشێ قوماشێك زۆر نایاب و گرانبەها بێ، بەڵام لە دەستی بەرگدرووێکی نەزان و کەم بەهرە، جلێکی زۆر ناشیرین و

---

[1] كمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص 497.
2 نفس المصدر السابق. ص 479.

ناپەسەندی لێ دەربچێ، بە پێچەوانەش لەوانەیە، قوماشێکی ئاسایی و هەرزان لە دەستی بەرگدروویێکی کارزان و بەهرەمەند، جلێکی شاهانەی ڕازاوەی زۆر پەسەندی لێ دروستبکرێ. لە هەمان کاتدا ئەگەر داوەکانی چنینی قوماشەکە لە زێڕ و زیویش بن، بەڵام ئەگەر چنینەکە نەشیاو بێ، پەڕۆکی ناشیرین و ناپەسەندی لێ دەردەچێ. بەم پێیە ئەگەر ئەو فۆنێمانەی بە فۆنێمە کەرتیەکان دانراون، کەرەسە بنچینەییەکەی ئاخاوتن بن، هیچ سوود و بایەخێکی ئەوتۆیان نابێ، ئەگەر هونەر و سیماکانی چنینەوەیان لە گەڵدا بەکار نەهێنرێ و ئەو هونەر و سیمایانەش ئەو دەنگانە دەگرنەوە، کە بە فۆنێمە ناکەرتیەکان ناوبراون. هەربۆیە لای فێرس و هاوڕێکانی وا ڕاستتر و گونجاوترە، ناوێکی تر لە فۆنێمە لاوەکیان بنرێ، کە وردتر ڕەچاوی ئەرك و نرخی ئەو فۆنێمانە بکا و ناوبنرێن: کەرەسەکانی کێشناسی یان (دیاردەکانی چنینکاری [1] Prosodic features)[2]، کە ئەمەش زاراوەیێکی ترە بۆ کەرەسە ناکەرتیەکان. فیرس لە سەر ئەفراندنی ئەم پەیڕەوە بەردەوام بوو، هێندە تیایدا قووڵ بووەوە، تا گەیشتە ڕێکخستنی سیستەمێك یان لقێکی دەنگسازیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە دیاردانە و ناوی نا دەنگسازیی چنینکاری. لە ڕوانگەی ئێمەشەوە ئەو پەیڕەوە جێگەی بایەخە و شایانی ئەوەیە لە زمانەکان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی برەوی پێ بدرێ و لێکۆڵینەوەی زۆرتر لە سەر هەموو لایەنەکانی بکرێ. ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەم بابەتە و لە سەرجەم بەشەکان و لایەنێکی ئەم دیاردانە دەکۆڵێتەوە.

سیما ناکەرتیەکان هاوکات لەگەڵ فۆنێمە کەرتیەکان دەردەکەون. باڵ دەکێشن بە سەر بڕگەکان، وشەکان، دەستەواژەکان و ڕستەکان[3] و ئەو دیاردانەی لەم بەشەدا تاوتوێیان دەکەین.

## (2–1) زەمینەی کەرەسە ناکەرتیەکان:

(ڕاهاتنی گۆکردنی نێوان دەنگە کپ و گڕەکان وایکردووە لە بڕگەدا کۆببنەوە و یەکەی هێزیش لە بڕگەدا خۆی دەنوێنێ)[4]. ئەدگارەکان یان سیماکانی کەرەسەناکەرتیەکان هاوڕێك و هاوکات لەسەر فۆنێمێك یان پتر دێنە ئارا. ئەم ئەدگارانە لەسەر بڕگەکان یان وشە، دەستەواژە و ڕستەکان دادەنرێن، یان دەردەکەون. لە هەر بڕگەیەکدا هێز دەکەوێتە سەر ئەو دەنگەی دەرکەوتووترە[5]، ئەگەر بڕگەکە هیشوە کۆنسونانت نەبێ و ڤاولدار بێ، ڤاولی بڕگەکە پتر

---

1 Firth. (1948). Sound and Prosodies TPS. pp. 50-127.

2 جلوريا ج. بوردن، كاثرين س. هارس و لورانس ج. رافائيل. (1998). أساسيات علم الكلام. ص. 189.

3 نفس المصدر السابق. ص. 190.

4 محمد معروف فتاح. (1990). زمانەوانی. ل74.

دەریدەخا. دەركەوتوویی دەنگەكان بە پێی كورتی و درێژی و بەرزی ڕادەی لەرەلەرەكە ـیەتی، واتە تا دەنگەكە درێژتر بێ و لەرەلەری زیاتر بێ زەقتر و ئاشكراتر دەردەكەوێ. بەم پ ـێیە ـبە شێوەیەكی گشتی بزوێنە درێژە لەرەلەر بەرزەكان لە پێ ـشەوە د ـێن، وەك (/ا/، /ۆ/)، ئین ـجا بزوێنەكانی تر (/و/، /ی/، /ە/) و دوای ئەمان دەنگە لەرزۆك و لاوەكی و لووتیەكان (/ڕ/، /ر/، /ڵ/، /ل/، /م/، /ن/) دواتر دەنگە زرینگۆك و ـگڕ و خ ـشۆكەكان (/ج/، /ڤ/، /ز/، /ژ/، /د/، /گ/، /ف/، /س/، /ش/) و ـلە دوایـ ـیدا دەن ـگە ك ـپەكانی وەك (/چ/، /پ/، /ت/، /ك/). دەركەوتوویی ئەم دەنگانە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوێتە بن لەگەڵ دەستنیشانكردنی شوێنی ه ـێز و ئەم دەنگانەش دەكەونە ناو تخووبی بڕگە. دەربارەی چۆنیەتی ڕۆنان و پێوانەكاری بڕگە، تا ئێستا نەك تەنیا زمانەوانەكانی زمانە جیاوازەكان بەڵكو زمانەوانانی تاكە زمانێكیش بە تەواوی لە ـسەر چۆنیەتی ڕۆنان و پێكهاتنی بڕگە ڕێكنەكەوتوون. هەستكردنی تەواو بە بوونی بڕ ـگە و ـنەبوونی پێناسە و پێوەرێكی هاویەك، وای لە هەندێ زمانەوانە هاوچەرخەكان كردووە، بڕگە یان هەر نەبێ ڕۆنانی بڕگە بە كەرەسەیەكی ناكەرتی دابنێن[1]. تەنانەت درێژیی بزوێنەكانی بڕگە[2]، لە سەرچاوە نوێیەكاندا وەكو كەرەسەی ناكەرتی بەرچاو دەكەوێ. بە پاساوی ـئەوەی ـكورت و در ـێژی بزوێنەكان كاردەكاتە سەر ڕادەی كردنەوەی دەم لە هەر بڕگەیەكدا و لە ئەنجامدا كاتی خایاندنی دەربڕینی بڕگەكە دەگۆڕێ[3]. بۆیە وەك زەمینەیەكی سەرهەڵدان ـیان دەر ـكەوتنی ه ـێز، ـبە پێویستیمان زانی كە كورتەباسێكی بڕگە بكەین:

## (3-1) پێكهاتەی بڕگە – Syllable Structure :

كەرەسەناكەرتیەكان بەشداری دەكەن لە گۆڕینی دەن ـگەكان ـبۆ یە ـكەی ـگەورەتر و لێكۆڵینەوە لە كەرەسەناكەرتیەكان دووری نێوان فۆنەتیك (توێژینەوەی دەنگەكانی ئاخاوتن وەك بابەتێكی فیزیكی) و فۆنۆلۆجی (توێژینەوەی چۆن زمانەكان دەنگەكانی ئاخاوتن دە ـگۆڕێ ـبۆ پێكهاتەی جۆراوجۆر)[4] پتر دەكا.

بڕگە و هێز هاوبەندی یەكن لە باس و لێكۆڵینەوەكاندا، چونكە بڕگە هەڵگری ه ـێزە و هێزیش كەرەسەیەكە لە گەڵیا دەردەكەوێ. (گرنگیی ستڕێس لەگەڵ بەكارهێنانو ـچۆنیەتیو

1 Fasold. R. & Connor-Linton. J. (2006). An Introduction to Language & Linguistics. P.28.

2 أحمد مختار عمر. (1976). دراسة الصوت اللغوي. ص311.

3 Fasold. R. & Connor-Linton. J. (2006). An Introduction to Language & Linguistics. P.28.

4 Ibid.

جۆری بڕگەی زماندا دەرئەکەوێ چونکە هەر ناوی سترێسمان هێنا ئەبێ ناوی بڕگەشی لە گەڵدا بهێنین ، بۆ نموونە ئەڵێین بڕگەی هێزدارو ناڵێین ووشەی هێزدار . بەم جۆرە سوودی کەرت کردنی ووشە دەرئەکەوێ ، چونکە ئەگەر ووشە دابەش نەکرێ بەسەر بڕگەدا ئەوا سنووری سترێسیش دەرناکەوێ ، بەڵکو ناتوانرێ دەستنیشان بکرێ. هەروەها گرنگی فۆنیم لە دەستنیشان کردنی بڕگەدا دەرئەکەوێ چونکە ئەگەر بڵێین بڕگە چییە ؟ ، ئەبێ لە وەڵامدا بڵێین بڕگە بریتیە لە چەند فۆنیمێك . هەروەها جیاوازی بڕگەو سترێس لەوەدا یە کە بڕگە ئەتوانرێ دەستنیشان بکرێ لە نووسینەوەدا دوای درکاندنی ، بەڵام دەستنیشانکردنی سنووری هێز وەیا سترێس لە مێشکی مرۆڤدایە.)[1] .

(تا ئێستا زانستی زمان نەیتوانیوە، پێناسینێکی بێ کەلە بەری بڕگە پێشکەش بکات)[2]، یەکێ لە گرفتەکانی بڕگە نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی سەراپایە، کە بکرێتە پێوەرێك بۆ دەستنیشانکردنی بڕگە و جۆرەکانی لە زمانەکاندا. ئەمە وایکردوە، سەرباری هەندێ لایەنی هاوبەشی بڕگە لە زمانەکاندا، هەندێ لایەنی جیاوازیشی هەبێ. بەگشتی زمانەوانەکان لەسەر ئەوە رێکن، کە بڕگە لە فۆنیم گەورەترە و لە وشە بچووکترە، هەرچەندە ئەمە مەرج نیە و هەندێ جار فۆنیمێك دەبێتە بڕگەیەك و بچووکترین وشە یەك بڕگەییە. ئەو وشانەی لە بڕگەیەك پێك دێن، (تاك بڕگە– monosyllabic word)یان پێ دەوترێ و ئەوانەی لە بڕگەیەك زۆرتر پێك بێن، (فرە بڕگە– polysyllabic word)یان پێ دەوترێ. (هەموو ئەو هەوڵانەی دراوە بۆ دانانی پێناسەیەکی فۆنەتیکی یان فۆنۆلۆجی بڕگە سەرکەوتو نەبوون و نەیان توانیوە چارێ بۆ هەموو ئەو دیاردانە بدۆزنەوە کە بە بڕگەوە بەندن. ئەم کێشەیە وای لە هەندێ زمانەوان کردووە کە بڕگە بە کەرەسەیەکی ناپێویست دانێن لە گەڵ ئەوەشدا کە بەڵگە لە سەر بوونی بڕگە زۆرە))[3]. ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی بڕگە دوو جۆری دەستنیشانکراوە: بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگەی فۆنۆلۆجی، بەڵام بە چاوخشاندنێك بە پێناسەکانی بڕگەدا، دەبینین دەنگناسان سێ رێچکەیان بۆ لێکدانەوەی بڕگە گرتووە، واتە بە پێی بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانان دەتوانرێ پێناسەکان دابەشی سێ جۆر بکرێن:

---

1 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل82.

2 وریا عمر أمین. (1990). شەپۆلەکانی شیعری کوردی. ل.48.

3 محمد معروف فتاح. (1990). زمانەوانی. ل71.

له جۆری یەکەمیاندا، هەندێ لە دەنگناسان تیشکیان خستۆتە سەر تەنیا لایەنی کەرەسەی دەنگی (phonetic aspect). ئەمانە لە پێوەری لێکدانەوەکانیان پشتیان بە هۆکاری فسیۆلۆجی یان ئۆرگانیی گۆکردن بەستووە، بڕگە بە (خورپەیەکی سییەکان[1]) دادەنێن. لە سەر ئەو بنچینەیەی کە مرۆڤ لە کاتی گۆکردنیدا هەست بە جۆرە فشارێك یا پێداگرتنێك(emphasis) دەکا. هەڵبەتە ئەم پێوەرە بە شێوەیەکی تیۆری ناسەلمێنرێ و لە ڕووی زانستی زمانەوە پەسەند ناکرێ، چونکە ئاماژە بە هیچ کەرەسەیەکی کەرتی و ناکەرتی ناکا و لە بە دوای یەکدا هاتنی بڕگەکاندا پاسادان ناکرێ. نموونەی ئەم ڕایە لە لای زمانەوانە کوردەکان بەدی دەکرێ، وەك: (بڕگە بریتییە لە دەنگێك یاخود پتر لە دەنگێك، کە بە یەك تەکانی هەوای دەرباز بوو لە دەم تلفظ کرابێت)[2].

له جۆری دووەمدا، دەنگناسان پشتیان بە لایەنی بیستن(audible) بەستووە. لای ئەمانە بڕگە لە کاتی گۆکردندا ڕوونترە و لە بیستندا کاریگەرترە، بەوەی کەوا لە بیستندا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە بە شێوەیەکی ئاسایی بزوێنێك دەگرێتە خۆی و بزوێنەکانیش لە گۆکردندا دەنگی بەرزتر و گڕترن و دەبنە هۆی بیستنێکی باشتر بە بەراورد لە گەڵ دەنگەکانی تر. بەڵام ئەم پێوەری بیستنەش[3] لە هەموو دۆخێکدا ناتوانرێ بسەلمێنرێ و شایانی پەسەندکردن نیە، بەتایبەتی هەندێ بڕگە لە هەندێ زماندا بزوێن ناگرنە خۆیان، وەك لە ئینگلیزیدا و هەندێ جاریش بزوێنەکە زۆر کورتە وەك لە کوردیدا، لە (ها / تم)، (دوو / رن)،..........هتد.

جۆری سێیەم، هەوڵیان داوە هەردوو لایەنی یەکەم و دووەم تێکەڵ بکەن و پشت بە لایەنی سیما دەنگیەکانی گوێلێبوون (acoustic characteristics)[4] ببەستن لە دەستنیشانکردن و ناسینەوەی بڕگەدا، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی پەیدابوونی ئەو لەرەلەرانەی خاوەنی سیمای تایبەتین لە هەوادا. ئاشکرایە، ئەم جۆرەش ئەستەمە پەسەند بکرێ، چونکە ئەو لەرەلەرانەی گۆکردن لە هەوا دروستیان دەکا، چوونەناویەك و تێکچرژاون و وابەستەن، هەرچەندە دەتوانرێ هەست بە شوێنی دەنگە بزوێنە درێژەکان بکرێ، بە پێی توندیی سروشتیان لە بیستندا، بەڵام ئەم هەستپێکردنە نابێتە هۆی دەسنیشانکردنی تەواوی بڕگەکان. نموونەی ئەم هەوڵە لە کوردیدا وەك: (بڕگە بریتی

1 محمد معروف فتاح. (1990). زمانەوانی. ل75. لەم سەرچاوەیەدا ئەم جۆرە بە (تیۆری نەبز) دانراوە.
2 ئەورەحمانی حاجی مارف. (1976). زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. ل68.
3 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل7.
4 كمال بشر. (2000). علم الآصوات. ص 126.

یە لە بچووکترین دانەی سروشتیی تەلەفوزکراوی دەنگەکانی ئاخاوتن. ئاخێوەر ـکە و ـشەیەك تەلەفوز دەکا بەسەر تاکە تاکەی دەنگەکانی ئاخاوتندا دابەشی ناکات، ـبەڵکو بە ـسەر بڕ ـگەدا دابەشی دەکات. بڕگە یەکێتیی وتن و بیستن دەگرێتە خۆ)[1]. یان هەندی زمانەوانی ـتر بڕ ـگە دابەشی دوو جۆر دەکەن: ((بڕگەی فۆنەتیکی: ئەم جۆرەیان گشتییە. ئەو قاڵبەیە ـکە ـهەموو زمانانی جیهانی تیا بەشدارن، پێوەندیی بە فسیۆلۆجی‌یەتی هەناسە وەر ـگرتن و میکانیزم ـیەتی کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە. لە ناو چوارچێوەی ئەم قاڵبە گشتی‌یەدا زمانەکان جیاوازی لە چۆنیەتی لێکدانی فۆنێمەکان پێشان دەدەن. واتا هەر زمانەی یاسای تایبەتی بە خۆوەی هە ـیە بۆ لێکدانی فۆنێمەکانی لە ناو قاڵبی بڕگەی گشتی (فۆنەتیکی). ئەم لێکدان و داڕشتنە تایبەتی ـیە بڕگەی فۆنۆلۆجی پێك دەهێنێ (کە جۆری دووەمە). بچووکترین بڕگە لە بزوێنێك vowel پێك دێت. ئەم بزوێنە ناوکی nucleus بڕگە پێك دەهێنێ. لە گەڵیا دەشێ ـچەن دەنگ ـێکی ـکپ consonant دەرکەوێ.))[2]، ڕەنگە نووسەر مەبەستی لەم کپە نەبزوێن بێ.

دەنگناسە هاوچەرخەکان پەنایان بردە بەر پێوەرێکی وردتر و پەسەندتر ـبۆ د ـیارکردنی بڕگە، کە بە پێوەری دەنگسازی (phonological) ناسراوە. ـئەم پ ـێوەرە لە ـسەر دوو ب ـنەما دامەزراوە، یەکەمیان وردبوونەوە لە ڕۆنان و پێکهاتە و چۆنیەتی ڕیزبوونی بڕگەکان، کەوا ـبە زۆری لە شێوەی چەپك یان هیشوەدەنگ لە ئاخاوتندا خۆیان‌دەنوێنن. دووەمیان ئەو کردارە ـلە هەر زمانێکدا بە جیا ئەنجام بدرێ، چونکە هەر زمانێك سیما و تایبەتمەندیی جیای خۆی هەیە، لە بەدوای یەکدا هاتنی ئەو زنجیرە دەنگانە، لە شێوەی چەپك بێ یان هیشوو یان هەر پێکهاتەیەکی تری دەنگی.[3] بۆ نموونە تا ڕادەیەك لە کوردیدا پێناسەی لەو پێوەرەمان هەیە وەك: (بڕ ـگە ـبەو کۆمەڵە دەنگە ئەووترێ کە لە ناو وشەدا درکاندنێکی بەرزی هەبێ و بیستەر بە ئاشکەرا هە ـست بەو درکاندنە بکات و بتوانێ بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە لە ووشەدا هەیەتی لە بڕگەکانی ـتری جیا بکاتەوە)[4].

(دیاری کردنی سنووری بڕگە شتێکی زۆر ئاڵۆز و گرا ـنە)٭ ـلە دەنگ ـسازیی ز ـمانی کوردیدا لەبەر ئەوەی دەنگی هەمزە (ئـ) بە هەڵە بە فۆنێم دانراوە[5]، وایکردووە لە کوردیدا بڕگە

1 ئەوڕەحمانی حاجی مارف. (2004). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. ل73.

2 وریا عمر أمین. (1990). شەپۆڵەکانی شیعری کوردی. ل.48–49.

3 کمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص505.

4 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل83.

5 محمد معروف فتاح. (1990). زمانەوانی. ل72.

بە بزوێن دەست پێ نەکات. هەروەها کێشەی بوونی بزرۆکە وایکردووە لە کوردیدا بڕگە نەبێ بزوێنی تیادا نەبێ.

## (4-1) هێز □ Stress:

هێز لە بڕگەدا دەردەکەوێ، ڕەنگە بڕگەکاریش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێ یان هاویەك نەبێ. هەروەها لە بەرئەوەی دەنگەکان هەڵگری واتاکانن و لە میانەی بەکارهێنانی شێوەکانی هێز لە ئاخاوتندا پەیامەکەیان دەگەیێنن[1]، بۆیە کرداری پێناسەکردنی هێز وەکو فۆنێمە کەرتیەکان کارێکی ئاسان نیە. لێرەدا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی و ئاسایی تەماشای هێز بکەین لە زماندا، واتای دەرکەوتن و بەرزبوونەوەمان بۆ دەگەیێنێ. هێز لە بابەتی دەنگسازیدا واتای گۆکردنی بڕگەیەك بە شێوەیەکی ڕوونتر و بڵندتر لە بڕگەکانی دەوروبەری دەگەیێنێ. ئاشکرایە، کە هەر وشەیەك لە زنجیرەیەك دەنگی بەستراو و بە دوای یەکدا پێکهاتووە، ئەم دەنگانە لە شێوەی گۆکردندا بە پێی سروشت و کەوتگەی دەرچوونیان جیاوازن. ئەو دەنگەی یا ئەو بڕگەیەی کە بە شێوەیەکی توندتر و بڵندتر لە دراوسێکانیدا گۆدەکرێ، پێی دەوترێ دەنگێك یان بڕگەیەکی هێزدار. هەڵبەتە، دەنگی هێزدار تا ڕادەیەك وزە و فشارێکی پتری دەوێ لەو دەنگەی یا ئەو بڕگەیەی هێزدار نەبێ، هەروەك ئەرکێکی زۆرتر دەخاتە سەر کۆئەندامی ئاخاوتن.

بە شێوەیەکی گشتی، وشەی (هێز) لە فۆنەتیکدا، زاراوەیەکە، گوزارشت لە ڕادەی ئەو توندیە دەکا، کە لە دروستکردنی بڕگەیەکدا پەیدا دەبێ[2]. ئەو جیاوازیە باوەی لە نێوان بڕگەی هێزدار و بڕگەی بێهێزدا هەیە، ئەوەیە، بڕگەی هێزدار بەرزترە لە بێهێز. □لە توێژینەوەکاندادا وا باوە هێمای هێڵێکی ستوونی بچووك لە سەر لووتکەی بڕگە هێزدارەکە دادەنرێ، /'/.[3]. (ئەم چیچکە بەرزیە لە بڕگەی هێزداردا دەگەڕێتەوە بۆ بڵندبوونەوەی دەنگی گۆکردن)[4]. بەم پێیە زۆربەی ئەو زمانەوانانەی لەم بوارە دواون، پێناسەی هێزیان کردووە و تا ڕادەیەك پێناسەکان لە یەکتر یان لە زمانەکانی تر وەرگیراون و هاوشێوەییەك بە هەندێکیانەوە دیارە. لە خوارەوە هەندێ لە پێناسە کوردیەکانی هێز دەخەینە ڕوو.

---

1 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (2004). چەندپیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا. ل2.

2 Finch. G. (2000). Linguistic Terms & Concepts. P.39.

3 ئەورەحمانی حاجی مارف. (1976). زمانی کوردیی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. ل69.

4 Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P.435.□

هێز لە هەندێ زماندا دیارترین و کێشەدارترین بنەمای کێشناسیە (Prosody)، وەك بنەما کێشناسیەکانی تر، کە دەستنیشانکردنی سروشتە ڕاستەقینەکەی کارێکی ئاسان نیە. (بەر لە هەموو شتێك، هەوڵێکی گەورەی ماسوولکەیی قسەکەرە)[1]. هەر بۆیە توێژەرانی دەنگسازی بە گشتی و کوردی بە تایبەتی کۆك نین، لە پێناسەکردنی هێزدا.

هەندێك پێناسە وەك ئەو نموونەی (تراسك)، لە ڕوانگەی قسەکەر و چۆنیەتی وەبەرهەمهاتنەوە هێز پێناسە دەکەن. ئەم نموونەیەی پێناسە لە لایەن چەندین زمانەوانی بیانی تر دەبینرێ، وەك[2]: کینگدەن، ڕۆبنس، ئەبێرکرۆمبی، جیمسۆن، لێدفۆگد، ئۆکۆنەر، ڕووچ، کەمال بشر و چەندانی تر. لەمەدا پێناسەی ئەوڕەحمانی حاجی مارف ((هێز بە دەرخستنی دەنگێك، یان بڕگەیێك، یان وشەیێك دەوترێ، کە لە ڕێگەی تین دان بە گرژبوونی ماسوولکە و تەوژمی لووزەوی هەواوە، یان گۆڕینی ڕادەی بەرزیی دەنگەوە ئەنجام دەدرێ.))[3] لەم جۆرەیە.

هەندێك زمانەوانی تر لە ڕوانگەی گوێگر و لە ڕووی هەستکردن بە جیاوازی بڕگەی هێزدار و بێهێزەوە پێناسە دەکەن، وەك ئەوەی، کە بڕگەی هێزدار دەنگدارتر یان بڵندترە لە بڕگەی بێهێز و (گوێگر لە جۆراوجۆری ئاوازکاری سوودمەند دەبێ، بۆ ناسینەوەی بەرزی و نزمیی بڕگەکان)[4]. هاوواتایی ئەم جۆرە پێناسانە لە لای چەندین زمانەوان ڕەنگی داوەتەوە، وەك[5]: ئۆکۆنەر و ئارنۆڵد، لیبەرمان، جیمسۆن، هارتمان و ستۆرك، سۆمێرستین، ڕۆچ، کەمال بشر، و گەلێکی تر. لە کوردیشدا زۆربەی پێناسەکانی هێز لەم بابەتەن، وەك: پێناسەی محەمەد ئەمین هەورامانی ((هێز، جۆرە (گرتن)ێکە، جۆرە (هێز)ێکە، یاخود جۆرە (گیر)ێکە، دەخرێتە سەر بزوێنی بڕگە لە وشەدا))[6]، غازی فاتح وەیس ((ستریس (Stress) ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە

---

1 Trask, R. L. (1993). A Dictionary of Phonetics & Phonology. P.336.

2 بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (Kingdon, R. (1958). The Ground work of English Intonation. P.1.)، (Robins. R. H. (1964). General Linguistics – An Introductory Survery. p.85.)، (Abercrombie, D. (1967). Elements of General Phonetics. p.35.)، (Gimson, A. C. (1976). An Introduction to the Pronunciation of English. p.266.)، (Ladefoged, P. (1982). A course in Phonetics. P.223.)، (O'Conner, J. D. (1980). Better English Pronunciation. P.194.)، (Roach, P. (1983). English Phonetics & Phonology. P.73.) و (کمال بشر. علم الأصوات. ص513.).

3 ئەوڕەحمانی حاجی مارف. (2004). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. ل412.

4 Trask, R. L. (1993). A Dictionary of Phonetics & Phonology. P.336.

5 بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (O'Conner, J. D. & Arnold, G. F. (1973). Intonation of Colloquial English. P.287.)، (Lieberman, P. (1967). Intonation Perception & Language. P.144.)، (Gimson, A. C. (1976). An Introduction to the Pronunciation of English. p.56.)، (Hartman, R. R. & Stork, F. C. (1972). Dictionary of Language & Linguistics. P.200.)، (Sommerstien, A. H. (1977). Modern Phonology. P.36.)، (Roach, P. (1983). English Phonetics & Phonology. P.73.).

6 محەمەد ئەمین هەورامانی. (1974). سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی. ل87.

سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی ووشە.))[1]، سەباح ڕەشید قادر ((هێز: ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە))[2]، ئەوڕەحمانی حاجی مارف ((توندتر تلفظ کردنی بڕگەیەك لە فۆنەتیکدا بە (هێز) ناسراوە))[3]، و وریا عومەر ئەمین ((هێز– Stress وزەیەکی زیاترە (بە گوێرەی بەشەکانی تر) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە یا دەستەواژە.))[4]. ((هێز زیادە وزەییەکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا.))[5].

هەندێکی تریان بۆ ناساندنی هێز، پەنایان بردۆتە بەر پەیوەندیی نێوان هێز و واتا و بەڕای ئەوان، هێز دەبێتە هۆی واتا گۆڕین، تەنانەت بەم بۆچوونەیان دووچاری تێکەڵییەکی نادروست بوونە، کە هێزیان بە فۆنێمێکی ئاسایی داناوە، هەروەك: پێناسەی (محمد علی الخولی)، ((ئەگەرگۆڕینی هێز لە وشەی زمانێك ببێتە هۆی واتا گۆڕین، واتای ئەوەیە هێز لەو زمانەدا فۆنیمە))[6]، ((هێز ئەرکی فۆنێمی هەیە، ئەگەر پلەکەی گۆڕا و لە بڕگەیەکەوە گوێزرایەوە بۆ بڕگەیەکی تری هەمان وشە و کاری لە واتا کرد، ئەوە هێزی فۆنێمیە))[7]، محمدأمین هەورامانی ((هێز، فۆنێمێ دەگۆڕێ بۆ یەکێکی کە، هەروەها ماناکەشی دەگۆڕێ))[8]، فتاح مامە علی ((هێز: ئەوەی هاوپیت لە نێوان جووتە وشەیێکی هاونووس پەیدا دەکات هێزە، لەبەر ئەوەی کە هێز لە زمانی کوردیدا فۆنیمە.))[9] و محمد حسن بناڤی ((هێز، دکەڤیتە سەر بڕگەکێ ژ وشێ و مانا وێ دگوهوریت، هەروەسا دکەڤیتە سەر ڕستێ و مانا ژێ دهێتە گوهارتن و دکەتە پرسیاری.))[10]. لەمەدا پشت بەستراوە بەو پێناسە باوەی بۆ فۆنێم کراوە: ((بچووکترین یەکەی دەنگە، کە دەتوانێ جیاوازیی نێوان دوو وشە دروست بکا.))[11]. ئەوەیان لەبیرکردووە، کە (هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجی‌یە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ)[12] و هێز خودی خۆی نابێتە هۆی واتاگۆڕین، بەڵام گۆڕینی شوێنی هێز لەو وشانەی پتر لە بڕگەیەکیان هەیە[13]،

---

1 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل84.

2 سەباح رشید قادر. (2000). هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا. ل48. (جێی سەرنجە، بێ ئاماژەدان هەمان پێناسەکەی پێشتری غازی فاتح وەیسی دووبارە کراوەتەوە).

3 ئەوڕەحمانی حاجی مارف. (1976). زمانی کوردیی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. ل69.

4 وریا عومەر ئەمین. (2004). فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی. ل53.

5 وریا عمر امین. (1994). هێز و ئاواز. ل13.

6 محمد علي الخولي. (1987). الأصوات اللغوية. ص 161-162.

7 محمد علي الخولي. (1982). معجم علم الآصوات. ص. 172.

8 محمدأمین هەورامانی. (1974). فۆنەتیکی زمانی کوردی. ل 47.

9 فتاح مامە علی. (1989). هاودەنگ لە زمانی کوردیدا. ل11.

10 محمد حسن بناڤی. (1986). هێز د کرمانجی دا. ل39.

11 Finch. G. (2000). Linguistic Terms & Concepts. P.60.

12 وریا عمر امین. (1994). هێز و ئاواز. ل13–14.

13 ئەم کردارە لە وشە یەك بڕگەییەکاندا، کردارێکی زۆر ئەستەمە و جیاکردنەوەی ئاسان نیە.

واته گواستنەوەی لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر دەبێتە هۆی واتا گۆڕین. وەك لە زمانی ئینگلیزیدا:

((pe'rvert (noun) as in "My neighbor is a pe'rvert." (دراوسێکەم دێوە/ئەژدیهایە)
perve'rt (verb) as in "Don't perve'rt the idea." (بیرۆکەکە مەشێوێنە)
su'bject (noun) as in "Let's change the su'bject."(با بابەتەکە بگۆڕین)
subje'ct (verb) as in "He'll subje'ct us to criticism.")(ڕووبەڕووی ڕەخنەی کردین))[1]

لە زمانی کوردیشدا بە هەمان شێوە، لە چاوگە کار تێنەپەڕ و تێپەڕەکاندا ئەگەر هێز لە سەر بڕگەی یەکەم بگوازرێتەوە بۆ سەر بڕگەی کۆتایی، وشەکە لە ناو (چاوگ) دەگۆڕێ بۆ کارێکی گەردانکراو:

سـۆتا□ن / (سـۆ□تن) (چاوگ □ ناو) وەك لە "سۆ□تنا لەشی یا دژوارە."
سـۆتا□ن / (سـۆتـ□ن) (کاری گەردانکراو) وەك لە "زارۆکا وێنەیێن دیکتاتۆری سۆتـ□ن."
ڕا□پەڕین (چاوگ □ ناو) وەك لە "ل ڕا□پەڕینا ئادارا 91ێ کەرکووك هاتە ئازادکرن."
ڕاپەڕیـ□ن (کاری گەردانکراو) وەك لە "پێشمەرگە و جەماوەر ل ئادارا 91ێ ڕاپەڕیـ□ن."
کێـ□لان (چاوگ) وەك لە "ل دەڤەرێن چیاییدا کێـ□لانا زەڤیا ب گا و جووتایە."
کێـلا□ن (کار) وەك لە "جووتیارا هەمی زەڤیێن دێم و ئاڤیێن خۆ کێلا□ن."

وەك لەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێ، گۆڕینی شوێنی هێز، بووە هۆی گۆڕینی واتا، یان ڕاستتر ئەوەیە، گۆڕینی واتا بووە هۆی گۆڕینی شوێنی هێز و ئێمە هیچ دەنگێکمان زیاد و کەم نەکردووە، بۆیە ئەگەر هێز بە فۆنیمیش دابنرێ، ناکرێ بە فۆنیمێکی ئاسایی (کەرتی) دابنرێ، بەڵکو دەبێ بە فۆنیمێکی نائاسایی (ناکەرتی) دابنرێ و ئەم یەکانە لە سەرووی ئاستی یەکە کەرتیەکان دادەنرێن[2].

کەواتە هێز دەنگێکی سنووورداری دیاریکراو نیە، وەك فۆنیمە ئاساییەکان، بەڵکو بڵندتر و توندتر گۆکردنی ئەو بڕگەیە کە لە وشەدا تیشکۆی جەختی دەخرێتە سەر.

---
1 Victoria Fromkin, Robert Rodman & Nina Hyams. (2003). An introduction to Language. p.318-319.
2 Finch. G. (2000). Linguistic Terms & Concepts. P.39.

بەم پێیە، ((بڕگە ئەدگارێکە لە ئەدگارەکانی (سیماکانی) وشە، یان توخمێکە لەو توخمانەی جیای دەکاتەوە لەوانی تر و دەیکاتە یەکەیەکی تەواو لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆك. بۆیە هەندێکیان بە فۆنێمی لاوەکیان (Secondary Phoneme) داناوە، بۆ جەختکردن لەسەر ئەو بایەخە ڕێژەییەی هەیەتی لە ڕۆنانی وشەدا، هەندێکی تریان (فێرس و قوتابخانەکەی) بە جۆرێك لە چنینکاریان (التطريز–Prosodic feature) داناوە. چنینکارییێك، نەك تەنیا بە واتای ڕازاندنەوە و خۆشگوتن □ سەرباری ئەمانەش □ بە واتای توخمێك کە تەواوکاری بە ڕۆنانی وشەکە دەدا و بالایەکی جیاوازی تایبەتی پێ دەبەخشێ، ئەمە وا لە وشەکە دەکا ببێتە یەکەیەکی یەکپارچەیی تەواو لە ڕووی هاوڕێکی ڕۆنان و ڕوخسار.))[1].

## (5-1) ئاوازە □ Intonation:

دەنگناسەکان (Phonetician) زاراوەی کێشەدار(problematic) بەکاردەهێنن، کاتێ باسی بابەتی ئاوازە دەکەن و پێناسەی دەکەن، بۆنموونە بڕوانە ڕای ئەم دەنگناسانە[2]: ( جۆنس، ڕۆچ، جیمسۆن، هێوینگس، و چەندانی تر.....). دەتوانرێ سروشتی کێشەداری ئاوازە لە دوو ڕوودا گەلاڵە و یەکالا بکرێتەوە:

*یەکەم*: دەستنیشانکردنی واتای ئاوازە خۆی لە خۆیدا زۆر گران و ئالۆزە. دیاریکردنێکی وردی ئەرکی تایبەتی جۆرەکانی ئاوازە کردارێکی ئاوێتە و ئەستەمە. (دەستنیشانکردنی [نۆتەی] هەر ڕستەیەك واتا و ئاوازەکەی و سروشتی هەر بڕگەیێك بەبێ ئامێری Spectogram ناکرێ. لە ڕاستییا ئەم لایەنەی زمان ئەوەندە سرکە، تازەترین و پێشکەوتووترین ئامێریش ناتوانێ هەموو لایەنەکانی بە وردی دەست نیشان کات.)[3].

*دووەم*: پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ڕادە و پلەی ئاوازە کارێکی ئاسان نیە. بە گشتی گرانیی کردارەکە لەوەدایە، چۆن دەتوانرێ ئاوازە لە کەرەسەکانی تری کێشناسی ( یان دیاردەکانی چنینکاری) جیابکرێتەوە، وەك جیاکردنەوەی ئاوازە لە هەریەکێك لە: (لەرە–

---

1 كمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص.513.

2 بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (Jones, D. (1959). The Pronunciation of English. P304.)، (Roach, P. (1983). English Phonetics & Phonology, A Practical Course. P116.)، (Gimson, A. C. (1976). An Introduction to the Pronunciation of English. revised by Susan Ramsaran. P284.) و (Hewings, M. (1998). Intonation Choices in the English of Non-Native Speakers. P316).

3 وریا عمر امین. (1994). هێز و ئاواز. ل16.

Pitch)، کە خۆی توخمێکی سەرەکی ئاوازەیە، (ماوەی خولانەوە–Duration)، کە خۆی توخمێکی سەرەکی درێژی شەپۆلە، دەنگداری (Loudness)، کە خۆی توخمێکی سەرەکی هێزە، و ....هتد. بەم شێوەیە جۆرە تێکەڵیەك لە ترازاندنی ئەمانە پەیدا دەبێ، چونکە لەرە، ماوەی خولانەوە و دەنگداری بەشی بایەخدارن لە پێکهێنانی پلە و پایەی برگەکان[1].

دیارترین و گرنگترین دیاردەی دەنگی ئاوازەیە, کە هەموو یەکە گۆکراوەکە دەگرێتەخۆی. هەندێ لە دەنگناسان لە پۆلینکردندا, بە فۆنیمی لاوەکی یان فۆنیمی سەرووکەرتییان داناون و هەندێکیان بە دیاردەکانی چنینکارییان داناون. ناونانەکان هەر چەند جیاوازبن و لە هەر ڕوانگەیەکەوە بن، ئاوازە بەهای گرانی خۆی هەر دەمێنێ و هەر ئەو تایبەتیە دەنگیە سەراپایەیە، کە هەموو دەربڕینە گۆکراوەکە دەپێچێتەوە و بە ناخی توخمە پێکهێنەرەکانیدا دەچێتە خوارەوە و هەمەڕەنگییێکی مۆسیقی دیاریکراویان بەپێی واتا و پێکهاتەیان و بەپێی مەبەستی دەربڕینیان, بە هەماهەنگیی لە گەڵ شوێن و ڕەوتی ئاخاوتنەکە[2] پێ دەبەخشێ.

ئەگەرچی ئاوازە کەرەسەیەکی هەستپێکراوە، بەڵام لە زمانەوانیی دێریندا وەکو کەرەسە ناکەرتیەکانی تر، لەبەر ئەوەی یەکەیەکی پێوانەی سەراپای نەبووە، پێناسەیەکی یەکانگیری دابڕی بۆ نەکراوە. ((سیماکانی کەرەسە ناکەرتیەکان دەتوانن هەڵوێست و هەستوسۆزی قسەکەر ئاشکرابکەن بە جۆرێك کە هەرگیز بەو زانیاریانەی پشت بە یەکە دەنگیەکان دەبەستن ئەنجام نادرێ.))[3]. بۆ نموونە دەتوانرێ، بە ئاسانی چوارچێوە، یان ڕووبەری تابلۆی نیگارێك بدۆزینەوە و ئەنجامی ژمارەکانی هەموومان بە وردی هاویەك دەردەچێ، بەڵام ئەگەر بە وردی نمرەی هەڵسەنگاندن بۆ جوانیی نیگارەکە دابنێین، ئەوا نمرەی هیچ یەکێکمان وەکو یەك دەرناچێ، چونکە یەکەیەکی پێوانەی سەراپا بۆ جوانی نیە[4] و ((دەنگ لە ئاخافتندا بریتیە لە چەندەیا شەپۆلی بەیەکداچووی ئاڵۆز، لەبەرئەمە دیراسەکردنی ئەم شەپۆلانە زۆر گرانە، بگرە هەر نابێ.))[5]. بە هەمان شێوە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، ئەگەر لە کوردیشدا کەم بێ و فەرامۆش کرابێ[6]، لە زمانانی تر درێغی نەکراوە بۆ ناساندنی ئاوازە و سەرجەم کەرەسە ناکەرتیەکانی تر[7]، بەڵام تا ئێستا

1 Cruttenden, A. (1996). Intonation. P16.

2 کمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص.531.

3 جلوریا ج. بوردن، کاترین س. هارس و لورانس ج. رافائیل. (1998). أساسیات علم الکلام. ص. 192.

4 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول. (2004). ئایا زمانەوانی زانستێکی سروشتیە یان ویژەییە. ل.164.

5 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل24–25.

6 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish. P57.

7 Anderson, S. R. (1985). Phonology in the Twentieth Century.

هەوڵەکان بەردەوامن، بەبێ دۆزینەوەی یەکەیەکی پێوانەی یەکانگیر و هاویەك بوونی پێناسەکان بە گشتی. لە ئینگلیزیدا سەرجەم هەوڵەکان تۆمار و پۆلین کراون و شوێنپەنجەی توێژەرانی دەنگسازی لە هەر قۆناغێکدا دیارە، وەك[1]: پلامێر، ئارمسترۆنگ و وۆرد، کینگدەن، جۆنس، ئۆکۆنەر و ئارنۆڵد، هالیدای، رۆچ، هالیدای، کریستال و بلۆمفیلڵد و چەندانی تر. لە کوردیدا هەر لەو ئاماژەپێکردنانەی کە لە سەرەوە (لە پێناسەی هێزدا) باسمان کردن، هەندێکیان پێناسەی ئاوازەیان کردووە، وەك: غازی فاتح وەیس دەڵێ: ((گۆڕینی پلەی (نغمە)ی ڕستەیەك بەبێ دەسکاری کردنی ووشەو برگەو فۆنێمو مۆرفیمی ئەو ڕستەیە پێی ئەووترێ ئاوازەو ئەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو ڕستەیە.))[2]، ئەورەحمانی حاجی مارف پێناسەیەکی سنوورداری ئاوازەی نییە و بەم شێوەیە باسی ئاوازە دەکا: ((چۆن مەفهوومی زەنگ لە خاسیەتی بیستنی دەنگدا شتێکی بنەڕەتی یە، بە هەمان چەشن مەفهوومی ئاوازیش لە خاسیەتی ڕستەدا شتێکی سەرەکی‌یە، ئەویش چونکە ئاواز، ساز و کێشی پێکهاتنی ڕستە دیاری‌دەکا.))[3]. چەند توێژینەوەیەکی تر بە زمانی ئینگلیزی لە سەر زمانی کوردی لایان لە کەرەسە ناکەرتیەکان بە گشتی و هێز و ئاوازە بەتایبەتی کردۆتەوە، لەمانە: ئێرنست ن. مەکارەس[4] و سوهەیلە حەمید مەجید[5] و محەممەد مەعرووف فەتتاحن[6]. یەکەمیان پێناسەی ئاوازەی نەکردووە، دووەمیان بەراوردە لە نێوان دەنگسازیی ئینگلیزی و کوردی و سێیەمیان لە پێناسەی ئاوازەدا دەڵێ: ((ئاوازە لەرەلەرە، یان بەرزونزمی لەرەی دەنگە لە قسەی گۆکراوی زمانێك، شێوەکانی لەرینەوە پێکدێنێ لە دەستەواژە، ڕستە و تەنانەت لە تاکە وشەدا. هێز و ئاوازە هاوبەندی نزیکن.))[7].

زاراوەی (ئاوازە) لە کوردیدا واتای ئاواز(لحن–Melody)ی ئاخاوتن دەگەیێنێ. (قسەکردن لە کاتی دەربڕیندا بە ڕەنگە مۆسیقیەکان باڵاپۆش دەکرێ، جیاوازییێکی ئەوتۆی لە

---

1 بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (Plamer, H. E. (1922). English Intonation with Systematic Exercises.)، (Armstrong, L. E. & ward, I. C. (1967). A Handbook of English Intonation.)، (Kingdon, R. (1958). The Ground work of English Intonation)، (Jones, D. (1959). The Pronunciation of English)، (O'Conner, J. D. & Arnold, G. F. (1973). Intonation of Colloquial English.)، (Halliday, M. A. K. (1970). A Course in Spoken English: Intonation)، (Roach. P. (1983). English Phonetics and Phonology. A Practical Course.)، (Halliday, M. A. K. (1963). The Tones of English. + Intonation & Grammar in British English)، (Crystal, D. (1969). Prosodic System & Intonation in English. P42.)، (Bloofeld, L. (1933). Language.114-115).

2 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل93.

3 ئەورەحمانی حاجی مارف. (2004). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. ل14.

4 McCarus, E. N. (1958). A Kurdish Grammar. P35-44.

5 Majid, S. H. (1987). The Role of Intonation in Grammar with Reference to English & Kurdish.

6 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish. P45-66.

7 ibid. P59.

گەڵ مۆسیقادا نیە، تەنیا لە پلەی هاویەکبوون و ڕێککەوتنی ئاوازە ناوخۆیـ ـیەکان ـنەبێ، ـکە کۆگشتێکی یەکپارچەی ڕێکاواز لە هەموو یە ـکە و لایەـنەکان درو ـستدەکات. مۆ ـسیقای ئاخاوتنیش لە شێوەی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە و هەمەجۆری دەنـ ـگەکان دەردە ـکەوێ، ـیان ئەوەی ناومانناوە ئاوازەکانی قسەکردن، چونکە قسەکردن □ هەر شێوە ئاخاوتنێك بێ □ بە هیچ جۆرێك لە یەك ئاستدا پێشکەش ناکرێ)[1].

کەرەسە ناکەرتیەکان، بەتایبەتی ئاوازە لە ـکاتی قـ ـسەکردن ـبەردەوام ـلە ـگۆڕان و بەرزبوونەوە(هەڵس)[2] و نزمبوونەوە(کەوت)دان، لە دەربڕینێك بۆ دەربڕینێکی تر جیاوازن، ـلە هەڵوێستێك بۆ هەڵوێستێکی تر، یان لە بارێکی دەروونی بۆ بارێکی تری دەروونی دەگۆڕێن. ئەم بەرزrising و نزمبوونەوەیfalling ئاوازەش بە بیستنێکی هەستیار و گوێـ ـچکەیەکی ـشارەزا هەستی پێ دەکرێ.

کەواتە، ئاوازە ئەو بەرز و نزمبوونی دەنگی ئاخاوتنەیە، کە کار ـلە وا ـتای گوتراوە ـکە دەکا[3].

### (6–1) لەرە □ <u>Pitch</u>:

لێکۆڵینەوە فیزیکیەکان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە دە ـنگ ـلە ـئەنجامی لەریـ ـنەوەی گەردیلەکانی تەنێك دروستدەبێ، کاتێ کاریگەری هێزێکی دەکەوێتەسەر. ئەم لەرە ـلەرەش ـلە لەرینەوەی گەردیلەکانی تەنەکە دەگوێزرێتەوە بۆ گەردیلەکانی هەوا یان گەردیـ ـلەکانی ـهەر تەنێکی تر. بەم پێیە کاتێ هەوای پەنگخواردوو لە سیەکان بە تەوژم دێتە دەرەوە و بە ـناو تا ـڵە ژێیەکان تێپەڕ دەبێ، چەندین لەرینەوەی جۆراوجۆر لە توندی و لە خێرایی درو ـست دە ـکا و دەبێتە هۆی پەیدابوونی ژمارەیەکی بێکۆتا لە شەپۆلی دەنگی.

کاتێ گەردیلەکانی هەر تەنێك فشارێکی هێزداریان بەردەکەوێ، بەر یەك دەکەون و ـلە یەکتر هەڵدەقۆزنەوە و بەردەوام چەندین جار ئەم کردارە دووبارە دەبێتەوە، تاکو زەبری هێزەکە کپ دەبێتەوە. خلۆربوونەوەی هەر تەنێك لە نێوان دوو بەریەککەوتندا پـ ـێی دەو ـترێ ـلەرە (pitch). بە هەمان شێوەش ئەو فشارەی لە ناو سیەکاندا دەکرێتە سەر گەردیلەکانی هەوا و ـبە

---

1 کمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص.533.
2 وریا عمر امین. (1994). هێز و ئاواز. ل16.
3 Hornby, A. S. (2001). Oxford Advanced Learner's Dictionary. P682.

تەوژم لە ناو دەربازگەکانی کۆئەندامی ئاخاوتندا دەردەپەڕن و بەر یەك دەکەونەوە و دوای دەرچوونیشیان بەر گەردیلەکانی هەوای دەوروبەر دەکەونەوە، لەرەلەرێك دروستدەکەن. هەر بەریەککەوتنەوەیەکیان لەرەیەك دروستدەکا، کە تێکڕا لە زەبر و خێرایی و فراوانی جیاوازن و ئەم جیاوازیەش سیما دەنگیەکانی وەك، بەرزی و نزمی و گڕی و کپی و......هتد دەستنیشان دەکا و لە دەنگێکەوە یا گوژمە دەنگێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ.

ئەمەی لە سەرەوە باسمان کرد، پێوانەیەکی فیزیکی بوو و دەتوانرێ، بە ئامێری پێوەری لەرەلەر (لەرەنووس–Oscillograph) تۆمار بکرێ. بەڵام ناتوانرێ لە کاتی ئاخاوتندا تۆژەرە دەنگناسەکان، یان هەر مرۆڤێکی ئاسایی ئامێری لەرەنووس هەڵبگرێ و بۆ هەر دەنگ و وشە و ڕستەیەك کردارێکی فیزیکی ورد ئەنجامبدا بە پێوان و بەراوردکردنی وێنە هێلکاریەکان، بۆیە لە توێژینەوە دەنگسازیەکان وا باوە پشت بە بەهرەی هەستی بیستن دەبەستریێ و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاستی چینی دەنگەکان بە (لەرە–Pitch) دەپێورێ. لە پستەپستدا لەرینی نزم و لە بانگکردندا لەرینی بەرز بەکاردێنین، یاخود بە گاریگەری لەرینەوەی تاڵەژییەکان (دەنگەژێیەکان) لە فۆنیمە گڕەکاندا لەرە بەرزە و لە کپەکاندا لەرە نزمە. کەواتە زاراوەی لەرە لە دەنگسازیدا بۆ دەستنیشانکردنی بەرز و نزمی چینی دەنگە.

لەرە کەرەسەیەکی گرنگی کێشناسیە. خاڵی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی لەرەدا گرژبوونی تاڵەژێیەکانە. گۆڕانی لەرەی دەنگ لە ئەنجامی گۆڕانی دۆخی تاڵەژێیەکانە لە گرژی و خاویدا کاتێ دەنگی جۆراوجۆر دروستدەکەن. تایبەتمەندیەکانی لەرە تەنیا هێماکاری واتا جیاوازەکان نیە، بەڵکوو بە هۆی لەرەی جیاوازەوە ڕەگەزی قسەکەر دەزانرێ، باری دەروونیی هەست و سۆزەکەی دەردەکەوێ، تەنانەت دەتوانرێ یەکسەر قسەکەرەکە بناسرێتەوە.

کەواتە (لەرە دیاردەیەکی هۆشەکیە)[1] و بنچینە سروشتیەکەی بریتیە لە ( دۆخگۆڕی لەرەلەری بنەڕەتی کە دەبێتە وابەستەیەکی سەرەتایی ڕێکوپێکی دەنگی لە گەڵ ئاوازە)[2].

## (1–7) نێوان [ ] Juncture:

(نێوان لە ڕێزمانی ڕۆڵ و پەیوەستکاری (ROLE AND REFERENCE GRAMMAR) بەکاردێ بۆ وەسفکردنی ئەو کەرەسەی ڕێزمان کە چۆن ڕەفتاردەکا بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی یەکە

1 Finch, G. (2000). Linguistic Terms & Concepts. P50.
2 Gaandour, J. & Weinberg, B. (1982). Perception of Contrastive Stress in a Laryngeal Speech. p.357.

لاوەکیەکانی دەستەواژەکان. وا دەردەکەوێ بە هاوکاریی لەگەڵ تیۆری پەیوەستی (NEXUS)ی، جۆری پەیوەندیی ڕستەیی لە میانی یەکەکان بە نێوان پەیدا دەبێ[1].

(زاراوەییێکە لە دەنگسازیدا بەکاردێ بۆ ئاماژەکردن بە سنوورداركردنی ئاکارە دەنگسازیەکان، کە ڕەنگە سنووری جیاکەرەوەی یەکە ڕێزمانیەکان بن، وەك مۆرفیم، وشە یان لاڕستە(clause). دیارترین ئاکاری نێوان کپبوونە، بەڵام لە ئاخاوتنی نەپچڕاودا ئەم ئاکارە هێندە باو نیە وەك لە گۆڕانکاریە جیاوازەکانی بەسەر سەرەتا و کۆتاییەکانی یەکە ڕێزمانیەکاندا دێ. دابەشکردنی وشە، بۆنموونە، دەشێ نیشانەداربکرێ بە تێکەڵی یەکی لەرە، هێز، درێژی و ئاکارەکانی تر)[2]. بۆنموونە: (هیوام نیە.) و (هی وام نیە.)، لە یەکەمدا (هیوا) ناوە و یەك وشەیە، واتە؛ (بێ ئومێدم و هیچ هیوایەکم نیە.)، بەڵام لە دووەمدا (هی وا ) دەستەواژەیە و دوو وشەیە و نێوانێکیان هەیە، واتە؛ (من شتی وەهام نیە.). زاراوەکە لێرەدا باس لە سیمایەکی فۆنەتیکی سنووری نێوان دوو وشە یان مۆرفیم دەکا و لە هەموو نێوانێك دیارترە. ئەم بێدەنگیەی نێوان دوو وشە، بەهۆی لەرە و هێز و درێژیەوە دەردەکەوێ. وەك: (سێبەر) و ( سێ بەر)..... لە فۆنۆلۆجیدا وەك یەك دەنووسرێن، بەڵام لە ڕووی فۆنەتیکەوە جیان.

نێوان یەکێکە لە کەرەسە ناکەرتیەکان، کە لە گۆکردندا کەرەسەیەك لە کەرەسەیەکی تر دادەبڕێ و جیا دەکاتەوە، بە هۆی کورتە پشوویەك یان وەستانێکی کورت. نێوان زاراوەییێکە لە دەنگسازیدا بۆ دیاریکردنی سنووری یەکە ڕێزمانیەکانی وەکوو مۆرفیم، وشە و لاڕستە[3] بەکاردێ. لە جۆرە هەرە باوەکانی نێوان، وەستانstop و هەڵوەستەpauseن. نێوانەکان بایەخی تایبەتیی خۆیان هەیە لە ڕەوانیی و گەیشتنی زنجیرە دەنگیەکان و ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە هاوکاری لێکدانەوە ڕێزمانی و واتاییەکانی ڕۆنانەکان. کرۆکی نێوان لە هەموو جۆرەکاندا کورتە بێدەنگیەکە، کە دەکەوێتە نێوان کەرەسە ڕێزمانیەکان، واتە: دەنگ بڕین بۆ ماوەیەکی کورت، ئیتر لەو ماوە کورتەدا هەوا لە سیەکاندا بێتە دەر، بچێتە ژوور یان بوەستێ گرنگ نیە، بەڵکوو گرنگیەکە لەوەدایە کورتە بێدەنگیەك دروست دەبێ، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی سنووری کەرەسە ڕێزمانیی یەکەم لە دووەم. بۆ نموونە، گواستنەوەی ئەم کورتە بێدەنگیە، لە پێش کەرەسەیەك (مۆرفیمی نەرێ [نا]) بۆ دوای کەرەسەکە، واتای دەستەواژەکە ئاڵوگۆڕ دەبێ:

1 Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P.249.
2 Ibid. P.248.
3 ئێرنست مەکارەس. (1987). ڕستەسازی. ل185. (محمد معروف فتاح) لەم وەرگێڕانەدا یەکەم جار زاراوەی (لاڕستە)ی بەکارهێناوە.

| نێوان لە پێش [نا]ی نەرێ (جەختکردنەوەی یەکەم) | نێوان لە دوای [نا]ی نەرێ (هەڵبژاردنی دووەم) |
|---|---|
| خوێنتاڵەکان □ ناشیرنەکان بڕۆن. | خوێنتاڵەکاننا □ شیرنەکان بڕۆن. |
| ژنەکان □ ناپیاوەکان بڕۆن. | ژنەکاننا □ پیاوەکان بڕۆن. |
| ترسنۆکەکان □ نامەردەکان بڕۆن. | ترسنۆکەکاننا □ مەردەکان بڕۆن. |

لە گرووپی یەکەمدا، کە (نێوان) لە پێش مۆڕفیمی (نا) بوو، وشەکە تا ڕادەیەك واتای وشەی یەکەمی بەخشی و جەختی لەسەر کردەوە، بەڵام کە نێوان کەوتە دوای مۆڕفیمی (نا)، بووە هۆی جیاکردنەوەی هەردوو وشەکە و هەڵبژاردنی وشەی دووەم بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، نێوان لە دیالێکتی ژووروودا ناتوانێ ئەم ڕۆڵە بەرچاوە ببینێ، وەك لە دیالێکتی ناوەڕاستدا هەیە، بەتایبەتی چونکە لە ڕۆنانی ئەم جۆرە ڕستانەدا پێکهاتەی وشەکان، مۆڕفیمەکانی ڕەگەز، ڕاناوە کەسیە سەربەخۆکانی خاوەنی و ڕاناوەکانی ڕێککەوتن چۆنیەتی دارشتنەکان دەگۆڕن[1].

ئەنجامدان و پڕاکتیزەکردنی تەواوی ئەو نێوانانە پابەندیی بە دوو لایەنی گرنگی زمانی هەیە: یەکەمیان– پێکهاتەی ڕۆنانەکان و ئەو یاسایانەی جۆر و تایبەتمەندیە ڕستەسازیەکانیان دەستنیشان دەکەن، واتە ڕێزمانی ڕێکخستنیان. دووەمیان– ئەو واتایەی لەم پێکهاتە ڕۆنانیانەنە دەپرژێ. ئەم دوو لایەنە، کە دەتوانرێ بوترێ، ڕوخسار و ناوەرۆك، یان ڕێکخستنی دەنگی و واتای پێکهاتەکان هاوتەریبی یەکن، لە ڕازاندنەوە و شێواندنی ڕۆنانەکان. بەراوردێکی ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

(برای ئازاد) □ دارتاشە. (برایەکە دارتاشە) برای □ (ئازاد دارتاشە). (ئازاد دارتاشە)

باوکی □ (هاوڕێی منە). (باوکەکە هاوڕێیە) (باوکی هاوڕێی) □ منە. (کوڕەکە هاوڕێیە)

خوشکی □ (خێزانی فەرهادە).(خوشکەکە خێزانە) (خوشکی خێزانی) □ فەرهادە.(خوشکەکە خێزان نیە)

لێرەدا نێوانەکان دەبنە هاوکاری کەرەسە ناکەرتیەکانی تر وەك: هێز و ئاوازە و..........هتد بۆ گەیاندنی ناخی واتاکان و پێکانی مەبەست، بەڵام دیسان ئەم جۆرە نێوانانە لە دیالێکتی ژووروودا کەمتر دروست دەبن، چونکە ئامرازی (ی)ی پەیوەندیی دەگۆڕێ بە پێی

1 بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (لێڵی و کەرەسە ناکەرتیەکان) لە بەشی چوارەمی ئەم نامەیە.

ڕەگەزی نێر و مێ و ڕێگە نادا ئەم داڕشتنە دروست بێ. بۆ نموونە ئەم ڕستانە بەم شێوەیە دەگۆڕێن:

| دیالێکتی ژووروو | دیالێکتی ناوەڕاست |
|---|---|
| ( برایێ ئازادی دارتاشە ). ( برایێ ئازادی دارتاشە ). | ( برای ئازاد دارتاشە. ) |
| ( بابێ وی/وێ هەڤالێ منە ). ( بابێ هەڤالێ منە ) | ( باوکی هاوڕێی منە). |
| (خوشکا وی/وێ ژنکا فەرهادیە).(خوشکا ژنکا فەرهادیە). | ( خوشکی خێزانی فەرهادە). |

جاری وا هەیە، ئەو دیاردەیە سەری لە دەنگناسان شێواندووە و جیاوازیەکەیان تەنیا بۆ هێز گێڕاوەتەوە، ڕاستە هێزیش لێرەدا ڕۆڵی لاوەکی هەیە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی بۆ نێوانەکانیان دەگەڕێتەوە، وەك:

- بێ پا□یە. (بێ قاچە).
- بێ پایە□. (بێ پلە و پایە)[1].

- ئێـ□ك مالە. (تەنیا یەك ماڵی هەیە).
- ئێکمالە□. (ناوی گوندێکە نزیك شاری دهۆك).

لەم نموونەیەی سەرەوەدا هەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و ژووروو لە داڕشتندا یەکدەگرنەوە، هەروەها لەم نموونەی خوارەوەشدا هەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و ژووروو هاویەکن، کە تیایدا هێز و نێوان بەیەکەوە ڕۆڵدەگێڕن بۆ جیاکردنەوەی واتاکانی هەردوو ڕستەکە:

بێکەسـ□ە. (ناوی بێکەسە). کوڕەمەلا□ هات. (ئەوەی هات کوڕی مەلایە).
بێ□کەسە. (خزم وکەسی نیە). کوڕە□ مەلا هات. (ئاگادار کردنەوەیە بۆ هاتنی مەلا).

(لە نموونەی یەکەمدا نێوانێکی کراوە(open juncture) هەیە لە نێوان دوو مۆڕفیمەکەی کۆتایی (پا□ + یە)، لێرەدا فۆنیمی /ا□/ تەواو درێژە، لەو کاتەدا /ە/ کورتر دەردەکەوێ. بەڵام لە نموونەی دووەمدا نێوانێکی داخراو(close juncture) هەیە لە نێوان دوو مۆڕفیمەکەی

1 محەمەد ئەمین هەورامانی. (1974). سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی. ل89.

کۆتایی وشەکە. لە ئەنجامی ئەمەدا و بە هۆکاری کە برگەی کۆتایی هێزدارە، فۆنیمی /ا/ جیاوازە و کورتترە و فۆنیمی /ە/ دەرکەوتووترە. بە کورتی جیاوازی نێوان یەکەم و دووەم دەگەرێتەوە بۆ هێز و نێوان و جۆری بزوێنەکە، نەك تەنیا بۆ هێز)[1].

وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەتوانرێ لە زمانی کوردیدا دوو شێوەی نێوان لە یەك جیا بکرێنەوە: وەستان، هەڵوەستە.

(**1–7–1**) وەستان Stop: وەستان یەکێکە لە سیما ناکەرتییەکان و لە پۆلینکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی بنەرەتی لە نێوانەکان بەکاردێ، کە ئاماژەیە بۆ هەردەنگێك کە تیایدا تاڵەژێیەکان تەواو داخراین[2]. لە کاتێکدا کە پێکهاتێك لە رووی رۆنان و واتا تەواو بوو وەستان دروست دەبێ، واتە هەر کاتێ رێکخستنی رێزمانیی زنجیرە دەنگەکان بێخەوش بوو و پەیام و مەبەستەکەی گەیاند، وەستان دێتە ئارا. دەستنیشانکردنی کەوتگەی وەستانەکان ئاسان نییە، چونکە وەستانە راستەقینەکان پابەندن بە شێوە و جۆر و واتای رۆنانەکان، ئەمانەش لە رۆنانێکەوە بۆ یەکی تر بە پێی بارودۆخەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ..... قسەکەر و گوێگر دەگۆرێن و ژمارەیان بێپایانە. هەرچەندە دیارکردنی کەوتگەی وەستانەکان ئاسان نییە، بەڵام پێچەوانەکەی ئاسانترە، واتە دەتوانرێ هەندێ شوێن دەستنیشان بکرێن، کە وەستانیان لێ دروست نابێ، وەك: نێوانی دیارخەر و دیارخراو، بکەر و کار، بەرکار و کار، ئامرازی پەیوەندی و بەرکاری بە یاریدە، راناوی نیشانە و ناوی نیشاندراو، ناو و نازناو......هتد. وا باوە لە وەستانی تەواودا ئاوازە دادەبەزێ. لە رستەکانی هەواڵدان، مەرجی، فەرماندان و.....هتد هێمای خاڵێك [0] دادەنرێ، بەڵام لە رستەی پرسیاریدا، هێمای نیشانەی پرسیار [؟] دادەنرێ، کە هەندێ جار پێی دەوترێ (وەستانی هەڵواسراو)، چونکە واتا کەی لە وەڵامی پرسیارەکەدا تەواودەبێ.

(**2–7–1**) هەڵوەستە Pause: یەکێکە لە کەرەسە ناکەرتیەکان و لە پۆلینکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی تر لە نێوانەکان بەکاردێ، کە لە وەستان سووکترە یان کورتترە و رادەکەی نزمترە. هەڵوەستە گۆرانی زنجیرەی گۆکردن یان رەوتی دەربرینە بە گۆرانی ئاوازەکەی و سووکە

1 Fattah, M. M. (1980). On the Stress System of Kurdish.p.181.
2 Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P.433.

ئاگادارکردنەوەیەکە کە قسەی دواتر یا داهاتوو پەیوەندییێکی توندی بە قسەی پێشتر یا ڕابوردووەوە هەیە. گوایە کە هاوشانە لە گەڵ بەرزبوونەوەی ئاواز rising tone کە نیشانەیە بۆ کۆتایی نەهاتنی قسەکە. هەندێ لە زمانەوانان لە نوو سیندا هێمای کۆما [،] یان بۆ دەستنیشانکردووە[1]. لە بنەڕەتدا ئەم نێوانە وەکوو پردێکە بۆ بە یەکەوە بەستنەوەی دوو پێکهاتەی ڕێزمانی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، یاخود ڕۆنان و واتا. هەڵوەستە پێچەوانەی وەستان خۆشەکیە، دەتوانرێ دابنرێ، یان دانەنرێ، بەڵام دانانی گونجاوترە[2]. لە شوێنە هەرە باوەکانی بوونی هەڵوەستە لە زمانی کوردیدا، نێوان شارستە و پارستەیە و دەکەوێتە پێش ئامرازە لێکدەرەکان و نێوان ڕستە سادەکانی ڕستە لێکدراوەکان، ژماردن یان جیاکردنەوەی زنجیرە یەکەیەکی ڕێزمانی، وەك: ناو، ئاوەڵناو ....هتد.

جگە لە وەستان و هەڵوەستە، جۆرێکی تری نێوان لە لایەن هەندێ لە زمانەوانان[3] دەستنیشانکراوە، کە پشووە (إستراحه). بریتیە، لەو هەناسە خواردنەوە یان هەناسە گلدانەوەی کە قسەکەر لە کاتی گۆکردندا سوودی لێ دەبینێ و ماوەکەی لە دوو جۆرەکەی تر کەمترە و هیچ نیشانەیەکی لە نووسین بۆ دانەنراوە، چونکە زۆرتر پابەندە بە نەمانی هەوای سیەکان یان هەناسە برکێی قسەکەر، ئەمەش زۆرتر لە کوردیدا لە لاوك و حەیران مەقامەکان بەکاردێ. بەڵام ئەم جۆرانە ناکرێ بە نێوان دابنرێن، چونکە، کار لە گۆڕینی ڕۆنانی داڕشتنەکە و واتای فۆڕمەکە ناکەن، جگە لەمەش بە پێی هەناسەدرێژی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن.

هەندێ زمانەوانی[4] تر ئاماژە بە جۆرێکی تر لە (نێوان) دەکەن، کە لە بنەڕەتدا دیاردەی دەنگسازین و دەبنە ناوبڕ لە نێوان دوو دەنگی وشەیەك و بەزۆری وەستانیان تیادا نیە، وەك:

1- دەنگە ناوبڕی نەبزوێن لە نێوان دوو بزوێن، وەك:

| فریزی ناوی | ڕەگی بوون دەرناکەوێ | دەنگە ناوبڕ ((نێوان)) | مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| ئازا | Ø | – | Ø | م | ئازام |
| ئازا | Ø | – | Ø | ی | ئازای |
| ئازا | Ø | یـ | ـە | Ø | ئازایـە |

1 كمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص.558.
2 نفس المصدر السابق. ص.558.
3 نفس المصدر السابق. ص.560.
4. Amin, W. O. (1979). Aspects of the verbal construction in Kurdish. P.25.

2ـ ئەو دەنگەی لە نێوان دوو نەبزوێندا پەیدا دەبێ، کە لە کوردیدا بە (بزرۆکە) ناوبراوە:

خوارد + ن ← خوارد + نێوان + ن ← خوارد ـ ن ← خواردن[1]

خوارد + مان ← خوارد + نێوان + مان ← خوارد ـ مان ← خواردمان

## (1–8) تــرپــە  Rhythm:

ترپە زنجیرە دەنگێکە، کە (دوو یان چەند برگەیەکە، کە هێز یەکی خستبن. ترپە دەتوانێ هاوسەنگی وشە بێ و وشە لە گرووپی یەك کێشیدا یەك بخا. ئەو جۆرە دابەشکردنەی ترپەیی ڕستە لە بنەمای ئاوازی شیعردا هەیە، کە کێشەکەی گۆڕینی ژمارەیێك برگەی بێهێز بە برگە و د ێر دەگرێتە خۆ.)[2]. ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوێکی ڕای گشتی دەنگنا سەکانە بۆ زنجیرە ستیکی ڕێکخستووی کەرەسە بەرزبووەوەکانی ئاخاوتن. ئەم زنجیربەستنە ڕێککەوتووە لەوانەیە لە ئەنجامی بە دوای یەکدا هاتنی برگە هێزدار و بێهێزەکان، برگە کورت و درێژەکان، برگە هاو شێوە و جیاوازەکان، یان تێکەڵییێکی ڕێککەوتووی زۆربەی جۆرەکان پەیدا ببێ، هەروەك لە زۆربەی هۆنراوەکان دەردەکەوێ، کە هەندێ جار وەکوو کێش ئاماژەی پێ دەکرێ.

1. Amin, W. O. (1979). Aspects of the verbal construction in Kurdish. P.25.

2 ئەوڕەحمانی حاجی مارف. (2004). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. ل112.

## ((بەشی دووەم))

## هێز □ Stress

دەنگسازیی بیستەنی ـ acoustic phonetics.

هێز لە ڕووی دروستبوونەوە.

هێز لە زانستی زماندا.

سیـماکانی هێز لە کوردیـدا.

جۆرەکانی هێز.

یەکەم – هێزی وشە.

أ– هێز لە وشەی سادەدا.

ب– هێز لە وشەی داڕێژراودا.

ج– هێز لە وشەی لێکدراودا.

دووەم – هێزی ڕستە.

أ– هێز لە بچووکترین ڕستەی سادەدا.

ب– هێز لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا.

## بەشی دووەم

## (2) هێز □ Stress

**(2–1) پێشەکی:**

وشە پێکهاتووە لە کۆمەڵە دەنگێك کە ئاماژە بۆ بوونی توخمێکی ناو مێشکی مرۆڤ دە ـکا، ئینجا توخمەکە واتایی بێ یان بەرجەستە. ئەم دەنگانەی لە وشەدا لە تەك یەك ڕیز بوونە، شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، لە ڕووی لەرینەوەی تاڵە ژێیەکان کپ و گڕیان هەیە، ـلە ڕووی ڕ ـێژەی کرانەوەی دەم بزوێن و نەبزوێنیان هەیە و .....هتد. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە ـهەر و ـشەیەکدا دەنگێکیان لە هەموویان بەرزتر گۆدەکرێ، یان دەربڕینەکەی زەقترە، ئەویش ئەو دەنگەیە ـکە هێزی کەوتۆتە سەر. بە زۆری ئەو دەنگەی هەڵگری هێزە دەنگێکی بزوێنە.

## (2-2) دەنگسازیی بیستەنی[1]:

ئەگەر سەرنجێکی سەرجەم لێکۆڵینەوە دەنگسازیەکان بدەین، دەبینین بە شێوەیەکی گشتی دوو لایەنیان لەخۆگرتووە، لایەنێکیان باسی چۆنیەتی دروستبوونی دەنگەکانی زمان دەکا لە ناو کۆئەندامی ئاخاوتن، لە سیەکانەوە تاکو لێوەکان، بەڵام ئەوەی لە ناوەوەی دەم ڕوودەدا، ـتەنیا بەشێکی پڕۆسەی پەیوەندی کردنە، بۆیە زۆر لە دەنگناسان لا ـیەنی دووەمی ـشیان ـفەرامۆش نەکردووە، کە چۆنیەتی گەیشتنی دەنگەکەیە بە گوێی بیسەر، تەنا ـنەت هەند ـێکیان ـلەوەش ڕەتدەبن و هاوکاروانی دەنگەکە دەبن، تاکو دوا هەوارگەی لە مێشکی گو ـێگر. ـئەم لا ـیەنی دووەمە لە زمانەوانیدا بە دەنگسازی بیستەنی (acoustic phonetics) ناودەبرێ، کە تا ڕادە ـیەك پتر لایەنە فیزیکیەکانی دەنگ دەگرێتەوە، بەبێ ڕە ـچاوکردنی لایە ـنەکانی گەیا ـندنی وا ـتا و پەیوەندیکردن.

دەنگەکانی ئاخاوتن جووڵانەوەی هەوایە. گۆکردن جووڵاندنەوەی هەوایە بەو ڕێگایانەی کە بتوانرێ ببیسرێن– لەرینەوە(vibrating)، تەقینەوە(popping) و پستاندن(swishing).

لە باسکردنی لایەنی فیزیکی دەنگەکانی ئاخاوتن، پتر تیشك دەخر ـێتە ـسەر ـجۆری لەرینەوەی دەنگەکان بە گشتی و بزوێنەکان بەتایبەتی. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ ئەوانی تر ـفەرامۆش دەکرێن، چونکە دەنگەکانی ئاخاوتن زۆر ئاڵۆز و تێک ـچڕژاون. دە ـتوانرێ ـبۆ ئا ـسانکردنی ڕوونکردنەوەی پڕۆسەی چۆنیەتی پەیدا بوون و گوێزانەوەی دەنگەکانی ئاخاوتن تاقیکردنەوەی زرنگانەوەی چەنگاڵێك بە نموونە بهێنینەوە.

---

1. Fasold. R. & Connor-Linton. J. (2006). An Introduction to Language & Linguistics. P.32-37.

لەرینەوەی کەرەسەی جیاواز لەرەلەری جیاواز دروستدەکەن، ئەم لەرەلەرە جیاوازانەش بە (لەرە–pitch) دەسنیشاندەکرێن. لەرینەوەی زەنگێکی دەستیی بچووك خێراترە و لەرەیەکی دەنگیی بەرزتر دروستدەکا لە زەنگە گەورەکەی کلێسایەك، کە لەرینەوەی لە سەرخۆترە و لەرەیەکی دەنگیی نزمتر دروستدەکا. مرۆڤ دەتوانێ ئەو دەنگانە ببیسێ کە لەرەلەرەکانیان لە نزمیدا لە دەوروبەری 20 بیست هێرتز و لە بەرزیدا لە دەوروبەری 20000 بیست هەزار هێرتز دایە و لەمانە بەرزتر و نزمتر نابیسێ، بەڵام ڕێژەی بیستنی گیانەوەرانی تر جیاوازە، بۆ نموونە دۆلفین دەتوانێ پتر لە 100000سەد هەزار هێرتز ببیسێ. بە کورتی واتە؛ لە لەرینەوەی هەر شەپۆلێکی دەنگدا، ئەگەر لە چرکەیەکدا بیست جار گەردیلەیەك هاتوچۆ بکا واتە بیست خولی هەبێ، ئەو شەپۆلی دەنگە زۆر نزمە و بە دەگمەن دەبیسترێ، ئەگەر لە بیست هەزار خول لە چرکەیەکدا تێپەڕی، دەنگەکە نابیسرێ، کەواتە لەرینەوەی ئەو دەنگانەی مرۆڤ دەیبیسێ، لە نێوان ئەو دوو ژمارەدایە. ژمارەی ئەو خولانە لە چرکەیەکدا پێی دەوترێ (لەرەلەر–Frequency).وەکو لە سەرەوە باسکرا، یەکەی پێوانی ئەم لەرەلەرە هێرتزە(Hertz=Hz)، بۆ نموونە: کە دەوترێ، ئەم شەپۆلە لەرەلەرەکەی 440هێرتزە (440 Hz)[1]، واتە، 440خولچ (چوارسەد و چل خول لە چرکەیەکدا).

چۆن لەرینەوەی چەنگاڵە کانزایەکە وا دەکا ئەو دەنگە بگاتە گوێمان؟ هەر کە چەنگاڵەکە لەریەوە، هەوای دەوروبەری لەگەڵ خۆی دەلەرێنێتەوە، گەردیلەکانی هەوای دەوروبەری چەنگاڵە لەراوەکەش گەردیلەکانی تەك خۆیان دەلەرێننەوە و بەم شێوەیە وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، تا دەگاتە گەردیلە هەواکانی ناو گوێی مرۆڤ و ئەوانیش پەردەی گوێی مرۆڤ دەلەرێننەوە. ئەم بەردەوامی گواستنەوەی لەرینەوەیەش پێی دەوترێ (شەپۆڵە دەنگیەکان). چۆن ئەم شەپۆڵە دەنگیانە پەردەی گوێی مرۆڤیان لەراندەوە بە هەمان شێوە شەپۆڵی لەرینەوە بە هەستەدەمارەکان تێدەپەڕێ تا دەگاتە مێشکی مرۆڤ.

لێرەدا ئەو تاقیکردنەوەی لەراندنەوەی چەنگاڵ، نموونەیەکی زۆر سادە و ساکاری لەرینەوە دروستدەکا، تاکە ئاوازێکی پاك و بێگەردە، بەڵام ئەو شەپۆڵە دەنگانەی لە تاڵژێیەکان دروستدەبن، زۆر ئاوێتە و ئاڵۆزترن.

1. Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P.355.

ئامێری تاڵژێیەکان وەکو زوڕنایە، هەر لوولێکی تاڵەکان قامیشێکی زوڕناکەیە و سەرچاوەی لەرینەوەیە. ستوونە هەواکانی ناو دەم، ستوونە هەواکانی ناو ئامێرەکەیە و فلتەری لەرینەوەکانە و قسەکەریش موسیقاژەنەکەیە، ستوونەکانی هەوا دەگۆڕێ بۆ گۆڕینی شێوەی ئاوازەدەنگیەکان. ئەم جۆرە بۆچوونەی دروستبوونی دەنگەکانی ئاخاوتن پێی دەوترێ، بیردۆزەی پاڵاوتنی سەرچاوە (source-filter theory)[1].

ئەمە چۆنیەتی کارکردن و پەیدابوونی دەنگەکانی ئاخاوتنە، کە هەوا لە میانی تاڵژێیەکان بە قوڕگدا ڕەتدەبێ و لە دەم دەردەچێ و لەرینەوە پەیدا دەبێ.

## (3–2) هێز لە ڕووی دروستبوونەوە:

مەبەست لە هێز لە ڕووی دروستبوونەوە دەرخستەی هێزە لە ژێر تیشکی بنەڕەتە فیزیکیەکان، کە چۆنیەتی ڕۆیشتن و پاڵەپەستۆی گەردیلەکانی هەوا دەگرێتەوە، کە هەڵگری دەنگن[2].

پاڵەپەستۆی هەوا یەکێ لە توخمە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی دەنگە. لە کرداری دەنگ دروستکردندا ڕێژەی پاڵەپەستۆی هەوا بەردەوام جێگیر و نەگۆڕ نیە، بەڵکو هەردەم لە توندبوون و کزبووندایە، هەروەکو ئەو باڵۆنە لاستیکیە (دەبدەبە/شیشڵدان)ەی دەمەوانەکەی بە پیکێك یان فیکفیکەیەك کۆتایی هاتووە و دەنگ پەیدا دەکا. گریمان ئێمە فشار بخەینە سەر باڵۆنەکە و چەند کەرەتێك پاڵەپەستۆی بەهێز و بێهێزی بخەینە سەر، ئەوا گوێمان لە دەنگی جیاوازی یەك لە دوای یەك دەبێ. کردارێکی لەم شێوەیەش دروستدەبێ، کاتێ هەوا لە سیەکان دێتە دەرەوە، کەوا ناوپەنچك (midriff) پاڵەپەستۆی جۆراوجۆر دەخاتە سەر سیەکان. ڕادەی توندیی پاڵەپەستۆکەش لەسەر دوو توخم بەندە: بڕی هەواو چۆنیەتی دەرچوونی. ئەم پاڵەپەستۆیەش لە هەر جۆرە دەنگێك بۆ جۆرە دەنگێکی تر دەگۆڕێ. بۆ نموونە، پاڵەپەستۆکە لە گەڵ دەنگە وەستاو و خشۆکە کپەکان توندترە لە دەنگە وەستاو و خشۆکە گڕەکان و ئینجا لە دەنگەکانی تر کەمترە. لە کرداری دروستکردنی دەنگدا ئەم دووبارەبوونەوەی پاڵنان و فشار خستنەسەرە یەك لە دوای یەکانە، زنجیرە دەنگەکان دابەشی پارچە یان بڕگەی جۆراوجۆر دەکەن، بەم دیاردەیە دەوترێ (هێز).

1. Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P33.

2 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل7.

دەنگ لە لەرینەوەی بچووك لە تەوژمی هەوا پێکدێ، کە زۆر بە خێرایی یەك لە دوای یەك ڕوودەدا. کارکردنی کۆئەندامی قسەکەر دەبێتە هۆی ئەو لەرینەوانە، بە زۆری تەوژمی بە گوڕی دەرچوونی هەوای سیەکان ئەم ئەرکە دەبینێ[1]. لە ڕووی فیزیکیەوە دەنگ لە شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی پێکدێ. هەموو شەپۆلێکیش بریتیە لە لەرینەوەی گەردیلەکان و تەشەنەکردنی ئەو لەرینەوەیە بە هۆی بەریەککەوتنیان. جوولەی گەردیلەکانی هەوا تا ڕادەیەك هاوشێوەیە لەگەڵ جوولەی تۆپەکانی بلیارد کاتێ بە کاریگەری زەبری لێدانی یاریکەرەکە بەریەك دەکەون، یان خلۆردەبنەوە تا بە لێواری مێزی بلیاردەکە دەکەون و هەڵدەقۆزنەوە[2]. گریمان تۆپەکە لە ڕێگەی خلۆربوونەوەکەی بە تۆپێکی تر کەوت، ئەوا تۆپی دووەم بە هەمان ئاڕاستە هەڵدەقۆزێتەوە، تا ئەویش بەبەر تۆپێکی تر دەکەوێ و ئاڕاستەکەی پێ دەگۆڕێ و بە هەمان شێوە کردارەکە بەردەوام دووبارەدەبێتەوە، تا زەبری هێزە سەرەکیەکە تەواو دەبێ و نامێنێ. بە هەمان شێوە گەردیلەکانی هەوای دەوروبەر بە کاریگەری تەوژمی ئەو گەردیلە هەوایانەی لە دەمی قسەکەر دەردەچن بەریەك دەکەون و هەڵدەقۆزنەوە، دەتوانرێ هەر هەڵقۆزینەوەیەك بە لەرەیەك دابنرێ و سەرجەم بەریەککەوتن و هەڵقۆزینەوە یەك لە دوای یەکەکان بە شەپۆلی دەنگی دابنرێن. دەرپەڕینی تۆپەکە یان گەردیلەکە لە شوێنێك بە هۆی ئەو زەبرەی بەریدەکەوێت و گەڕانەوەی یان هەڵزەقینەوەی بۆ شوێنی خۆی ناونراوە (خول–Cycle)[3]، وەك ئەوەی پەندۆلی (کاتژمێرێکی چالە) دەلەرێتەوە و یان وەکوو چۆن جۆلانەیەك دیلانێ دەکا و لە باری ستوونی لار دەبێتەوە و بەرەو ئەملاو ئەولا دەڕوا و هەرجارەش بە باری ستوونیەکەیدا گوزەر دەکاتەوە، دەرچوونی تۆپی پەندۆلەکە لە باری ستوونی بۆ هەر لایەك و گەڕانەوەی بۆ هەمان باری ستوونی خولێك دروست دەکا. ئەو کاتەی لە هەر جوولەیەکدا تۆپەکە دەیخایێنێ تا دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی پێی دەوترێ (ماوەی خولانەوە–Duration). هەڵبەتە ئەم ماوەیە لە تەنێکەوە بۆ تەنێك بە پێی قەبارە و بارستایی تەنەکە دەگۆڕێ. دووری و نزیکی نێوان هەردوو خاڵی هاتوچۆی گەردیلەکە یان تۆپەکە، لە گەڵ زوویی و درەنگی یان خێرایی و هێواشی هاتوچوونەکە لەرینەوە پێك دەهێنن و تاکوو دووریەکە زۆرتر بێ و کاتەکە خێراتر بێ، شەپۆلەکە بەهێزتر دەبێ و ئاوازەکەش بەرزتر دەبێ.

1 Ladefoged, P. (1982). A Course in Phonetics. P166.

2 عبدالرحمن أيوب. (1989). تحليل عملية التكلم و بعض نتائجة التطبيقية. ص38.

3 Malmberg, B. (1963). Phonetics. P5.

به شێوەیەکی گشتی لەرینەوە لەسەر دوو پێوەر بەندە، یەکەمیان ئەو کاتەی لەرە کە دەیخایێنێ کە بە (ماوە–period) ناسراوە، لەگەڵ دووری نێوان دوو هەڵقۆزینەوە (خول)، کە بە (فراوانی لەرە–amplitude) ناونراوە. (ئەوەی گرنگ بێ و پێوەندی بە ستریێسەوە هەبێ و تایبەتیەکانی پێ دەستنیشان بکرێ لە حاڵەتی بەکارهێنانی ئامێردا (amplitude)ە و ئەمپلتیودیش، هەروەکو ووتمان ڕۆیشتنی لەرینەوەیە لە خاڵی وەستانەوە تاوەکو ئەو شوێنەی ئەو لەرینەوەیە پێی ئەگا لە ماوەیەکی دیاریکراودا)[1].

دەنگ بریتیە لە کۆمەڵێك شەپۆلو بە هەوادا ئەڕوات، خێرایی ڕۆیشتنی ئەم کۆمەڵە شەپۆلە کە دەنگ پێكدێنن دەوروبەری (1100) پێیە لە یەك چرکەدا[2]. بەرزی و نزمی ئەم شەپۆلی دەنگانەش دەکەوێتە سەر ڕادەی لەرەلەرەکانیان.

دەنگەکانی زمان، کەرتی بێ یان ناکەرتی، چەند لایەنێکیان هەیە: لایەنی ئەندامیی فسیۆلۆجی (physiological) یان گۆکردن (articulate) و ئەکۆستیکی (acoustic) یان فیزیکی (physical). لایەنی یەکەم پەیوەندیی بە ئەندامانی ئاخاوتن و جووڵە و دۆخەکانیان. لایەنی دووەم پەیوەندیی بە ئەو شوێنەوارانەوە هەیە کە لە هەوا پەرش دەبنەوە لە شێوەی لەرەلەری دەنگی و دەگەنە گوێی گوێگر و کاریگەرییێکی دیاریکراوی تێدەکەن. لایەنێکی تری سێیەمیش هەیە، ئەویش لایەنی بیستەنیە (auditory). ئەم لایەنە دوو ڕووی هەیە، ڕوویێکی فسیۆلۆجیە و تایبەتە بە ئەندامانی بیستن، ڕووەکەی تری تایبەتە بە لایەنی هۆشەکی یان دەروونی (psychological)، بەتایبەتی بەو کردارە دەروونیەی دێتە ئارا دوای ئەوەی گوێگر لە دەنگەکان دەگا. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ، ئەگەر ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بە وردەکاریە فیزیکیەکاندا بچێتە خوارەوە، جگە لەوەی ئەرك و کاتێکی زۆری دەوێ، ئاڕاستە سەرەکیەکەی ڕێبازەکەش دەگۆڕێ و مەبەستی بنەڕەتی ناپێکێ. بۆیە وردەکاریە فیزیکیەکان تابەتە بە فیزیاناسەکان و ئەوەی مەبەستە وردەکاریەکانی فسیۆلۆجی گۆکردنی کەرەسە دەنگیە ناکەرتیەکانە.

سوود و پێویستی ئەم وردەکاریە فیزیکیانە لە شارەزابوونی چۆنیەتی دروستبوونی سەرجەم کەرەسە دەنگیەکاندایە، چونکە زانینی سروشتی چۆنیەتی هاتنە ئارای سەرجەم کەرەسە و دیاردە دەنگیەکان ئاسانکاری ئەوەمان بۆ دەکا میکانیزمی کرداری قسەکردنمان بۆ ڕوونبێتەوە و دەبێتە

1 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل86.

2 هەمان سەرچاوە. ل23.

زەمینە خۆشکەر بۆ تێگەیشتنی سەرجەم دیاردە دەنگیەکان. بۆ نموونە، ئەو بەرزی و نزمی و سستی و توندیەی لە شەپۆڵە دەنگیەکان پەیدا دەبێ، جگە لەوەی فۆنیمە کەرتیەکان و بڕگەکان دێنێتە ئارا، لە هەمان کاتیشدا سەرجەم کەرەسەناکەرتیەکانیش دروستدەکا، چونکە کەرەسە کەرتی و ناکەرتیەکان وابەستەی یەکترن. بۆ نموونە، هەر فۆنیمێك لە شەپۆلێك یان کۆمەڵە شەپۆلێکی دەنگیی جیاواز لە فۆنیمەکانی تر دروستدەبێ، بڕگەش لە فۆنیمێك یا پتر پەیدا دەبێ، کە زەمینەی هێزە و وابەستەی یەکترن. ( لە ڕووی دروستبوونەوە بڕگەی هێزدار بەپێی قورسی هەوا لە بڕگەی بێهێز جیائەکرێتەوە . واتە ئەو بڕگەیەی هێزی ئەکەوێتە سەر هەوایەکی زۆری لەگەڵدا سەرف‌ئەکرێ‌و ئەوەی هێزی ناکەوێتە سەر هەوایەکی کەم تری لەگەڵدا سەرف ئەکرێ.)[1]. کەواتە، دەتوانرێ، لە ڕووی فیزیکیەوە بە وردی پێوانەی بەرزی و نزمی و سەرجەم لایەنەکانی شەپۆڵی دەنگی بڕگەکان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کەرەسە ناکەرتیەکانی وەك، هێز و ئاوازە ...هتد لێکبدەینەوە، بەڵام لە ئەنجامدانی ئەم هەموو وردەکاریە فیزیکیانەدا لایەنە واتاییە ئاڵۆزەکان و ڕێزمانیە وردەکان فەرامۆش دەکرێن و ناتوانرێ ڕەچاوی مەبەستە جۆراوجۆرەکانی قسەکەر و لێکدانەوە جیاوازەکانی گوێگر بکرێ. سەرباری ئەمەش تا ئێستا بڕگە و زۆربەی دیاردە دەنگیەکانی تر پێناسەیەکی وردی زانستانەی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە، کە سەرجەم زمانەوانان لەسەری کۆك بن و هەندێکیان بەرەو لایەنی دەنگیی ڕووتی (phonetic aspect) دەبەن واتە گۆکردنی کردەکی (articulation)، هەندێکی تر پشتیان بە لایەنی دەنگسازی (phonological)، واتە ئەرکی بەستووە بۆ پێوانەکردنیان[2]. بەم پێیە هێز ڕووگەیەکە لە ڕووگەکانی( سیماکانی) وشە، یان توخمێکە لە توخمەکانی و جیایدەکاتەوە لە وشەکانی تر و تێکڕا ڕوخساری وشەکە لە ڕووی ڕۆنانەوە تەواو دەکا، بۆیە هەندێ دەنگناس لەبەر گرنگی و ڕادەی بایەخی هێز لە ڕۆنانی وشەدا بە فۆنیمی دووەمی (لاوەکی)(secondary phoneme) دادەنێن[3].

## (4-2) هێز لە زمانەوانیدا:

ئەگەرچی زمان دیاردەیەکی دەسکردی کۆمەڵایەتیە، لە زمانەوانی بە گشتی و لە دەنگسازیدا بەتایبەتی، مرۆڤ هاوکێشە و یاساکان دانارێژێ، بەڵکو دەیاندۆزێتەوە و لە زمانەکەدا

1 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل86.
2 کمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص 504.
3 نفس المصدر السابق. ص513.

هەڵیاندەهێنجێ، چونکە دیاردەکە بەر لە توێژینەوەکە لە ئارادایە و بووەتە کردەیەکی گ شتیی لەخۆوە. بۆیە هەر ئاخێوەرێکی هەراشی زمانەکان[1] بە ڕێکی و ئاسایی ه ێزی سەر بڕ گە و وشەکان بە ڕاستی و بەبێ گرێ بە پێی ئەو مەبەستەی دەیەوێ بەکاردێنێ. ( لە زما ندا ستر ێس هیچ وێنەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە ، بەڵام خاوەن–زمان بە ئاسانیو بێ تەنگو چەڵەمە بەکاری ئەهێنێو لەو شوێنەدا بەکاری ئەهێنێ کە پێویستە بەکاربهێنرێو بێ هەڵەکردن . ئەم دیاردەیەش ئەوە ئەگەیەنێ کە مرۆڤ هەر لە منالیەوە فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی سترێس ئەبێو ئەبێتە بەشێك لەو دەستوورانەی کە مرۆڤ فێریان ئەبێو لە دوایدا بەکاریان ئەهێنێ ، وە کو دە ستوورەکانی لێکدانی دەنگو واتاو بەستنەوەی ستراکچەری سەرەوەو ستراک چەری ژ ێرەوە)[1]. ئا شکرایە زانیاری دەربارەی جۆرەکانی هێز پێویست بە ڕێنمایی ناکا و م ندالان ز مانی زگماکی یان وەردەگرن بە شێوەیەکی ئاسایی و بەبێ ئەوەی بە ڕاشکاوی لای دایك و باوکیان ئاراستە بکرێن و فێری ئەوە بکرێن هێز لە کام شوێنی وشە دابنێن. کەواتە ئەگەر پرسیارێکی ئەوتۆ لە خۆ مان بکەین، کە چۆن مرۆڤ فێری کەوتگەی هێز دەبێ؟ دەشێ لە وەڵامدا بوترێ، ڕەن گە ئاخ ێوەر شوێنی هێزی هەر وشەیەك لە بیری خۆیدا تۆمار دەکا و لە کاتی بەکارهێنانەوەیدا دەکەو ێتەوە یادی، کە وشەکە پێکهاتەی وشەسازی چۆنە و چەند فۆنیمە و هێز دەکەوێتە سەر کام فۆن ێم. کەواتە دەبێ هەر ئاخێوەرێك تێکڕا ژمارەیەکی یەکجار زۆری کەوتگە و جۆری هێز لە مێشکیدا تۆمار بکا، چونکە لەوانەیە زۆربەی وشەکان پتر لە هێزێك وەربگرن بە پێی شوێنی و شەکە لە ڕۆنانە جیاجیاکاندا. گومان لەوەدا نیە، مرۆڤ دەتوانێ ژمارەیەکی بێپایان زانیاری لە مێ شکی خۆیدا تۆمار بکا، ئەم هەموو زانیاریانە بە وشە و فۆنیم گوزارشتیان پێ دەکرێ، هەر وشەیەك لە ڕۆنانی جیادا کەوتگەی هێزی بگۆڕێ و هەر فۆنیمێك لە وشەی جیادا پێوەندیی لە گەڵ ه ێز بگۆڕێ، کەواتە ژمارەی داتاکانی بەکارهێنانی هێز، کە پێویست بە تۆمار و پاراستن دەکەن لە کۆگای بیری هەر قسەکەرێك لە توانا دەردەچێ و دەبێتە کردارێکی نالۆجیکی و بایۆلۆجیش دانی پیادا نانێت. جگە لەمە (هەندێ زمانانی وەکو گریکی هاوچەرخ (Modern Greek) جۆری هێزی وشەکان ڕێك لەخۆوەیە و وا دەردەکەوێ کە هیچ گشتاندنێکی تایبەت بە جۆری هێزی

---

1 Carr, P. (1999). English Phonetics & Phonology. P87.

1 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. ل84–82. بۆ زانین، ئەو دوو لاپەڕەیەی ئەم سەرچاوەیەی ناوبراو بە هەڵە پاش و پێشیان پێکراوە.

وشە هەبێ. هەروەها هەندێ زمان هێزی نەگۆڕ و چەسپاویان هەیە و کەوتگەی هـێز بەردەوام لەسەر یەك بڕگەیە □ بۆنموونە، لە فەڕەنسیدا بەردەوام هێز لەسەر دوابڕگەی وشەیە)[1].

چ تێکەڵییێك لای ئاخێوەری ئینگلیزی دروستدەبێ، ئەوەی فەڕەنسی و ئیتاڵی نازانێ و هەرگیز ئەم وشانەی نەبیستووە، ئایا لە یەکەم یەکتربینیندا، چ هەستێکیان لا دروستدەبێ و چ لەیەکترنەگەیشتنێك پەیدا دەبێ؟ چونکە هەریەکەیان بە پێی گشتاندنەکەی تایبەت بە زمانەکەی خۆی هێز دادەنێ. یان دەبێتە ئاماژەیەك بۆ بەرامبەرەکەی، کە دووەمیان زمانی یەکەم نازانێ. لەم جۆرە بارودۆخەدا گرنگیی زانینی شوێنی هێز لە وشە و ڕستەکاندا ڕوونتر دەردەکەوێ.

لە زماندا هێز ئاکامی چالاکبوونی هەموو ئەندامانی کۆئەندامی ئاخاوتنە لە یەك کاتدا. لە کاتی گۆکردنی بڕگەیەکی هێزداردا، ماسوولکەکانی سیەکان چوستتر دەبن و چالاکییەکی زۆرتر بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لە کاتێکدا دەنگەکە گڕی هێزدار بێ، جووڵەی هەردوو چەپکە ژێیەکانی دەنگ بەهێزتر و خێراتر دەبن و لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی تەوژمی هەوا تەسکتر بکەنەوە، بەمەش لەرەلەری دەنگەکە فراوانتر دەکەن و لە ئەنجامدا دەنگەکە بەرزتر و ڕوونتر دەبێ. بەڵام دەنگەکە کپی هێزدار بێ، تاڵەژێیەکان پتر لە یەکتر دەترازێن، واتە لە یەکتر دوورکەوتنەوەیان لە دەنگی کپی هێزدار زۆرترە لە دەنگی کپی بێهێز، بەمەش ڕێگەی بڕێکی زۆرتر لە هەوا دەدرێ بۆ دەرچوون و گۆکردنی دەنگەکە ئاشکراتر و بەرزتر دەبیسرێ. دیسان لەگەڵ دەنگی هێزداردا تێبینی چالاکبوونی ئەندامەکانی تری کۆئەندامی ئاخاوتن دەکرێ، وەك قوڕگ و زمان و لێوەکان، بەڵام لە کاتی گۆکردنی دەنگە بێهێزەکان تێبینی خاوبوونەوەیەك لە کۆئەندامی ئاخاوتن دەکرێ، لە بری چالاکبون[2].

---

1 Carr, P. English Phonetics & Phonology. P88-89.

گریمان وا دابنێین بە چەند بەڵگەیەك قسەپێکەرانی زگماکیی ئینگلیزی گشتاندنێکی تایبەتی بۆ جۆرەکانی هێزی وشە ئینگلیزیەکان پەسەند دەکەن، بۆ نموونە سەیری ئەم نموونانە بکە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (1) | elephant | فیل | potato | پەتاتە | kangaroo | کەنغەر |
| | cinema | سینەما | horizon | ئاسۆ | ballyhoo | پاگندەی پڕهەرا |

هەڵبەتە لە ستوونی یەکەمدا هێز لەسەر بڕگەی یەکەمدایە و لە ستوونی دووەمدا هێز لەسەر بڕگەی دووەمدایە و لە سێیەم ستووندا لەسەر سێیەم بڕگەدایە. وا دادەنێین، کە جیاوازییان لە شوێنگەی ڕستەیی نیە و هەموویان (ناو)ن و ژمارەی بڕگەکانیشیان هاویەکە. لێرەدا دەرەکەوێ، گشتاندنێکی تایبەت بە هێزی وشە لە ناوی بڕگەداری ئینگلیزیەوە نیە. هەرچۆنێك بێت، وادابنێین، ئەمانەی خوارەوە ناوی سێ بڕگەیی ئینگلیزی نین:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (2) | Gigondas | جیگۆنداس | Zaventem | زەڤێنتام | tavola | تەڤۆولە/مێز |

وشەی یەکەم فەڕەنسیە (ناوی شارێکە لە خوارووی Rhone Valley) و هێزەکەی وەك سەرجەم وشە فەڕەنسیەکان لەسەر بڕگەی کۆتاییە. دووەم ئەڵمانیە (ناوی شارێکە لە Flanders و ناوی فڕۆکەخانەی Brusselsـە)، بە پێی زمانی ئەڵمانی هێزەکەی لەسەر یەکەم بڕگەیە. سێیەمیان وشەیەکی ئیتاڵیە بۆ (مێز) و بە پێی زمانی ئیتاڵی هێزەکەی لەسەر یەکەم بڕگەیە.

2 ابراهيم أنيس. (1975). الأصوات اللغوية. ص169- 170.

توێژینەوەی هێز لە زمانەوانیدا سـپتر تایبەتمەسـندە سـبە تیـ شك خستنە سـەر پەیوەند سـیە دەرکەوتووەکانی نێوان بڕگەکان. ئایا بڕگەیەك درێژە، لەرە سـکەی سـبەرزە سـیا نز سـمە، سـیان گۆکردنەکەی ئاشکراترە لە بڕگەکانی دەوروبەری. بە تەواوی دەتوانرێ، بە گ سـشتی بڕ سـگەکانی وشەیەك بژمێرین و هەرە دەرکەوتووەکەیان دەستنیشان بکەین. لە زمانی ئینگلیز سـیدا سـبە لای کەمەوە سێ ئاستی جیاوازی هێز لە ئارادان. بۆ نموونە وشەی (ئالاباما–Alabama) لە ئینگلیزیدا (ناوی شوێنێکە لە ئەمریکا). هێزی سێیەم بڕگە (با) لە هەموویان دەرکەوتوتر و سەرەکی ترە، بەڵام سێ بڕگەکانی تر هێزێکی هاوهێزی بڕگەی سێیەم هەڵناگرن. بڕگەی یە سـکەم بزوێن سـێکی ئاسایی تەواوی هەیە (ا)، لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی بزوێنەکەی بڕگەی سێیەم درێژ و دەن سـگدار نیە، بەڵام بڕگەی دووەم و چوارەم کورت و بێهێزن و جووڵەی دەم کەمتر لە شێوە ئاساییەکەی خۆی دەترازێ. لێرەدا دەوترێ، بڕگەی یەکەم هێزی لاوەکی وەردەگرێ و دووەم و چوارەمیش بێهێزن[1]. نموونەی لەم بابەتەش لە زمانی کوردیدا هەن:

/با/دیـ/نا/نی□/ ، /سو/لێـ/ما/نی□/ ، /شا/رسـ/تا/ نی□/ ،........

زمانناسەکان پۆلینکردنی بڕگە هێزدار و بێهێزەکان و بە دوای یەکدا هاتنیان بە (سـپێ– foot– تفعیلە شعریە) دادەنێن، کە چەند جۆرێکی هەیە، وەك (دا–دوم) یان (د'ا–دوم)، وا سـتە (بێهێز–هێزدار) یان (هێزدار–بێهێز).

جۆری دابەشبوونی هێز لە زمانەکاندا هاوشێوە نیە[2]. شایانی باسە هیچ زمانێك بە تەواوی و بەبێ ناوێزە بەر هیچ سیستەمێك ناکەوێ و هەموویان تا ڕادەیەکی کەم یان زۆر و سـشەی سـلە سیستەمەکانی تر تیادایە، دانانی هەر زمانێك لە لیستی هەر سیستەمێك واتای ئەوە دەدا، زۆربەی

---

1 Fasold. R. & Connor-Linton. J. (2006). An Introduction to Language & Linguistics. P.31.

2 بۆ زانیاری زۆرتر هەر لەم بارەیەوە: هەندێکیان تا ڕادەیەکی زۆر بە ڕێکوپێکی هێزەکە دابەش بووە و پێشبینی هاتنی بڕگەی هێزدار یا بێهێز دەکرێ، وەك زمانی پینتوپیی ئوستڕالی، کە هێزی سەرەکی بەردەوام لەسەر بڕگەی یەکەمە و لە فارسی بە زۆری لە سەرەتایە و لە تورکی بە زۆری لەسەر دوابڕگەیە. (لە لاتینیدا دیارکردنی بە پێی ڕادەی بڕگەکانە و ڕەچاوی ئەوە دەکرێ، کە دەبێ لە کۆتاییەکانی وشە بێ. زۆربەی وشە تاك بڕگەکان هێزدارن، بۆ نموونە، (pe's–پێ)، بەڵام ئەگەر دووەم بڕگەی کۆتایی درێژبوو، هێزدار دەبێ، بۆ نموونە، (´ama'vi–خۆشمویست)، ئەگەر دووەم بڕگەی کۆتایی درێژنەبوو، سێیەم بڕگەی کۆتایی هێزدار دەبێ، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕادەی زۆری بڕگەکان، بۆ نموونە، (ama'veram–خۆشمویستبوو). بەپێی کەوتگەی هێز لە زمانی لاتینیدا بە شێوەیەکی گشتی لە ڕادەی بزوێنەکانی بڕگەکانی کۆتایی پێشبینی شوێنی هێز دەکرێ لە وشەدا)□. ئەم سیستەمە پێی دەوترێ، (هێز نەگۆڕ–fixed stress). لە هەندێ زمانی تر پێشبینی هێز ناکرێ، ئاخێوەر لە گەڵ فێربوونی وشەکان، لە یادیدا تۆمار دەبێ وشەکە لە چ گرووپێکە. بۆ نموونە لە ڕووسیدا ئەگەر هێز بکەوێتە سەر یەکەم بڕگەی وشەی (دو'خی–d'uxi)، واتای (گیان) دەدا و ئەگەر لەسەر دووەم بڕگە بێ، واتای (گوڵاو) دەدا، ئەم سیستەمە پێی دەوترێ، (هێزی فەرهەنگی–lexical stress). جۆری سێیەم، ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە هێزی سەرەکی وشەکانیان بە پێی بەشەکانی ئاخاوتن دەگۆڕێ، بۆنموونە ئایا وشەکە ناوە یان کارە. زمانی ئینگلیزی بە زۆری سەر بەم سیستەمەیە، بۆنموونە لە ئینگلیزیدا زۆر جووتە وشەی دوو بڕگەیی هەن بە هۆی گۆڕینی شوێنی هێزەکەیان بەشی ئاخاوتنەکەیان لە ناو و کار ئاڵوگۆڕ دەبن و ئەگەر هێزەکە لە بڕگەی کۆتایی بێ ناوە و ئەگەر هێنامانە یەکەم دەبێتە کار، وەك (بەرپەچدانەوە–reject)، (تۆمارکردن–record)، (هیدایەتکار–convert)، (بێڕێزکردن–insult)، ....هتد. ئەم سیستەمە پێی دەوترێ، (هێزی نموونەیی–paradigmatic stress).

وشەکانی لەو سیستەمەیە. لەگەڵ بوونی جۆرەکانی تر زمانی کوردی پتر دەکەوێتە بەر جۆری سێیەم.

کاتێ لە کوردیدا بەراوردی ئەم دوو ڕستەیە دەکەین، دەبینین کەوتگەی هێز لە ئاخاوتندا بایەخی گرنگ و تایبەتیی خۆی هەیە:

- هەمی باژێر ڕا'پــەڕین.
- ڕاپــەڕیـ'ـنێ کورد ڕزگارکرن.

لە (ڕا'پــەڕین)ی ڕستەی یەکەمدا، کە (کار)ە، هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە و لە (ڕاپـەڕیـ'ــن)ی ڕستەی دووەمدا، کە (ناو)ە، هێز لەسەر بڕگەی دووەمە. ئەمە دیاردەیەش بەسەر زۆربەی چاوگە تێنەپەڕەکاندا ڕاستە. وەك:

- کەنیـ'نێ زارۆکا خۆشە.
- زارۆك گەلەك ب وی کە'نین.

ئەم جیاوازیە بەردەوام لە چاوگی تێنەپەڕ و ناوی دیالێکتی ژووروو بەدیدەکرێ. بە پێ چەوانەی زمانی ئینگلیزی، کە لە ناودا هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە و لە کاردا هێز لەسەر بڕگەی دووەمە، وەك لەم نموونانەی[1] خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| | | | |
|---|---|---|---|
| i'mport | هێنانە وڵات | impo'rt | دەهێنێتە وڵات |
| e'xport | بردنە دەرەوە | expo'rt | دەباتە دەرەوە |
| re'cord | ژمارەی پێوانەیی | reco'rd | تۆماردەکا |
| o'bject | شتێك | obje'ct | بەرپەچدەدا |
| i'nsult | ڕووشکاندن | insu'lt | ڕووشکێنی دەکا |

کاریگەریی بەکاربردنی هێز لە کوردی و ئینگلیزی و هەندێ زمانی تری جیهان جیاوازی هەیە لەگەڵ زۆر لە زمانانی تری جیهان. لە زۆر زماندا کەوتگەی هێز پابەندی وشەیە و جێگیرە. وشەکانی زمانی چیکی تاڕادەیەك بەردەوام هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە، بەبێ گوێدانە ژمارەی بڕگەکانی وشەکە. بە شێوەیەکی ئاسایی لە پۆڵەندی و سواهیلیدا هێز لەسەر بڕگەی

1 محمد علي الخولي. الأصوات اللغوية.ص162.

پێش کۆتاییە. لە هەندێ زماندا هێز ئەدگارێکی تایبەتیی وشە نیە. لە وشەی فەڕەنسیدا هەموو بڕگەکان یەکسانن لە هێزدا، تەنیا لە دوابڕگەی دەستەواژەکاندا هێز زیاد دەبێ.

جیاوازیی بەکاربردنی هێز لە زمانەکاندا بووەتە هۆی جیاوازیی ئەو زمانانە لە ترپە (ڕەزمدا)(rhythm)[1]. لە فەڕەنسیدا هاوسەنگییێکی زۆر لە ترپەدا هەیە، تەنیا دوا بڕگەی دەستەواژەکان جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە. بە بەراوردی فەڕەنسی لە گەڵ کوردی و ئینگلیزیدا، دەتوانرێ بە فەڕەنسی بوترێ، زمانی بڕگە–ماوەدار(syllable-timed)، لە سەرجەم بڕگەکاندا، جگە لە بڕگە هێزدارەکان، هەمان ماوەی کات بە ڕێکی دووبارە دەبێتەوە. بە پێچەوانە لە ئینگلیزی و هەندێ زمانی تری جێرمانی، دەشێ پێیان بوترێ، زمانی هێز–ماوەدار(stress-timed)، کە هێز تیایاندا ئارەزووی ئەوەی نیە لە کاتی ڕێکدا دووبارە بێتەوە. بەم پێیە دەتوانرێ، زمانەکان لە ڕووی ڕەزمەوە دابەشی دوو بەش بکرێن، ئەو زمانانەی وشەی هێزداری جۆراوجۆریان هەیە، وەك کوردی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ......هتد و ئەو زمانانەی وشەی هێزداری جێگیریان هەیە، وەك چیکی و پۆڵەندی و سواهیلی ...... لە گەڵ ئەوانەی دەستەواژەی هێزداری جێگیریان هەیە، وەك فەڕەنسی[2].

## (5–2) سیماکانی هێز لە کوردیدا:

هەرچەندە بڕگەی بێهێز(unstressed) لە ئارادا نیە و بڕێك هێزی هەر دەخرێتە سەر[3]، بەڵام کاتێ دەوترێ، ئەم بڕگەیە هێزدارە، یان هێزەکەی لاوازە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئاستی سنووورداری ڕەها و دابڕ لە هێزدا هەن. ڕادەی توندی و کزیی هێز شتێکی ڕێژەییە و بڕگەی هێزدار گورجتر و بەرزتر و دەنگدارتر دەبیسرێ لە بڕگەی بێهێز، کە هاوکات بەیەکەوە لە یەك وشە گۆدەکرێن[4]. بۆنموونە، لەم وشانەدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم بۆیە بزوێنی بڕگەی دووەم بەرزتر دەبیسرێ:

- /سـۆ/لا□ۋ/. /د/هۆ'ك/. /زا/خـۆ'/. /هۆ/زا'ن/..........

1 سەلام ناوخۆش. (2002). فەرهەنگی ئۆکسفۆرد. ل296. بۆ ئەم زاراوەیە (ترپە) و (ڕیتم) و (ڕەزم)یش بەکارهاتوون.
2 Ladefoged, P. (1982). A Course in Phonetics. P224.
3 Fattah, M. M. (1980). On the Stress System of Kurdish. P.182.
4 محمد علي الخولي. (1987).الأصوات اللغوية.ص160.

هەڵبەته ئەگەر وشەیەك یەك بڕگە بێ و هێزی لەسەر بێ، ئەو هێزە بە هـێزی سەرەکی دادەنرێ. بەڵام ئەگەر پتر لە بڕگەیەك بوو، ئەوا تەنیا بڕگەیەکیان هێزی سەرەکی وەردەگرێ. کەواته، لە وشەی فرە بڕگەدا، بڕگەیەك هێزدارە و بڕگەکانی تر هێزدار نین، یان بێهێزن. بەم پێیە دەتوانرێ، بە لای کەمەوە، دوو ئاستی هێز دەستنیشان بکرێن، هێزی سەرەکی و هـێزی لاوەکی. بەم پێیە دەشێ، لە وشە فرەبڕگەییەکان سێ جۆری هێز دەستنیشان بکرێن، هـێزی سەرەکی هێمای کورتەهێڵێکی ستوونی [ˈ] دەخرێته سەر سەرەتای بڕگە هـێزدارەکە، هـێزی لاوەکی هێمای کورتەهێڵێکی لاری [ˊ] دەخرێته سەر سەرەتای بڕگە هێزدارەکە، بەڵام بڕگەی بێهێز هیچ هێمایەکی بۆ دانانرێ[1]، ئەگەر وشەکە سێ بڕگە یان پتر بوو. بەڵام ئەگەر وشەکە تەنیا دوو بڕگە بوو، ئەوا تەنیا هێزی سەرەکی دەستنیشان دەکرێ و بڕگەی دووەم بە شێوەیەکی ئاسایی بەبێ دانانی هێما [ˊ] هێزی لاوەکی بەسەرەوەیە.

بە زۆری هێز دەخرێتە سەر بزوێنی(vowel) ناو بڕگەکان. وا باوە تاکو بزوێنەکە درێژتر بێ پتر هێزی سەرەکی بۆ خۆی ڕادەکێشێ و بە پێچەوانەشی ڕاسته. وەك:

– /ڕا/دەˈ/. /با/دەˈ/. /سـا/دەˈ/. /مە/زˈن/...........

لە زمانی کوردیدا ئەم سیمایە هاوشانە لەگەڵ جۆری وشەکە لە بەشەکانی ئاخاوتندا بە تایبەتی ناو و کار. بۆ پتر ڕوونکردنەوە، لە وشەی (سوتان)دا، بزوێنی (ا) درێژترە لە بزوێنی (و)، بە پێی سیمای بزوێنایەتی بێ، دەبێ بەردەوام هێز لەسەر بڕگەی دووەم بێ، بەڵام ئەمە بە پێی جۆر یا ئەرکی وشەکە لە ڕستەدا دەگۆڕێ. بۆنموونە:

- نڤیـˊسیـˈنا دەستورێ هەرێمێ کارەکێ پێدڤیبوو. (نڤیـسیـˈن ناوە، هێزی سەرەکی [ˈ] لەسەر بڕگەی دووەمە).
- مە ناڤێن مالباتێن[2] شەهیدا نڤیـˈسین. (نڤیـˈسین کارە، هێزی سەرەکی لە سەر بڕگەی یەکەمە).

---

1 کمال بشر. (2000). علم الأصوات. ص 513.

2 لە ئاخاوتنی شێوەزاری بادینیدا (ێت) بۆ خستنەسەر (ئیزافە)ی کۆ بەکاردێ، هەرچەندە لە نوونیسیندا فۆڕمی (ێن) بەکاردێنن، کە لە بنچینەدا لە شێوەزاری بۆتانی وەرگیراوە و لە شێوەزاری هەکاری و هەندی ناوچەی دەوروبەری ئامێدیشدا لە ئاخاوتندا فۆڕمی (ێد) بەکاردێنن.

تەنانەت ئەگەر بزوێنەکە هەمان دەنگیش بێ، درێژی ڕوونی گۆکردنە کەی بە پ ێی هێزداری و بێ هێزی دەگۆڕێ، واتە هەمان بزوێن لە کام بڕگە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر لە گۆکردندا لەو بڕگەیە درێژتر و ڕوونتر دەردەکەوێ. بۆنموونە:

- ئەنفالکری مـ'ـرَ ن. (ژووروو)          (ئەنفالکراوەکان مـ'ـردَ ن.) (ناوەڕاست)
- مـَ ـر'نیٚ ئەنفالکری بەرزەکرن.      (مـَ ـرد'ن ئەنفالکراوەکانی بزرکرد.)

لێرەدا دەنگی بزرۆکە لە ڕستەی یەکەمدا، لە بڕ گەی یە کەم ئا شکراتر و در ێژتر دەردەکەوێ، چونکە کارە و هێزی سەرەکیی کەوتۆتە سەر بزرۆکە، ئەگەر بەراوردی بکەین لە گەڵ هەمان دەنگ لە بڕگەی دووەم، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بە پێچەوانە، واتە دەنگی بزرۆکە لە ڕستەی دووەمدا لە بڕگەی دووەم ئاشکراتر و درێژتر دیارە، ئەگەر بەراوردی ب کەین لە گەڵ بڕگەی یەکەم.

ئەم دیاردەی پتر دەرکەوتنی دەنگەکان بە هۆی وەرگرتنی هێزی سەرەکی تەنیا دەن گە بزوێنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو کار دەکاتە سەر دەنگەکانی تریش بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆنموونە ئەگەر بەراوردی ئەم دوو ڕستەی خوارەوە بکەین، دەبینین:

- جاش ژ ترسا قەهرەمانیا پێشمەرگا(ن) تۆ□پین.
- تۆپیـ'ـنا جاشا(ن) ژ ترسا قەهرەمانیا پێشمەرگا(ن) بوو.

لە ڕستەی یەکەمدا فۆنێمی (تـ) لە بڕگەی یەکەمی (تۆ'پین) چونکە هێزی سەرەکی لەسەر ئەو بڕگەیەیە، هێزی پفدەرچوونەکەی (aspiration) زۆرترە لە دۆخی ئا سایی، یان ئە گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ هەمان فۆنێم لە ڕستەی دووەم. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا فۆنێمی (پـ) لە بڕگەی دووەمی (تۆپیـ'ـن) لەبەر هەمان هۆ، هەمان کاریگەریی بەسەردا دێ[1].

جگە لەو ئاکار و سیمایانەی پێشتر[2] باسکران، بە شێوەیەکی گشتی تاڕادەیەك ه ێز لە زمانی کوردی هاوشێوەیە لە گەڵ هێز لە زمانی ئینگلیزیدا، تەنیا لە هەندێ کەوتگەی هێز نەبێ، بۆ نموونە وەکو، کەوتگەی هێز لە ناودا لە سەر بڕگەی کۆتایی وشەیە و لە ئینگلیز یدا بە

---

1 Lehman. W.P. (1976). Descriptive Linguistics. P.72.

2 بڕوانە بەشی یەکەم پێکهاتەی بڕگە لاپەڕە (14).

پێچەوانە لە بڕگەی سەرەتایە. لە کاردا دیسان کەوتگەی هێز پێچەوانەی یەکترن، لە کوردیدا هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە و لە ئینگلیزیدا زۆربەی هێز لە سەر بڕگەی کۆتایی کارەکەیە.

## (2–6) جۆرەکانی هێز:

(هێز ئاکارێکی کەرەسەناکەرتیەکانە. تەنیا بەسەر بزوێنێکی (vowel) تایبەتیدا ناسەپێ، بەڵکو بەسەر هەموو بڕگەکاندا هەرچییەك بێ، دەسەپێ. بڕگەی هێزدار بە بڕێکی زۆرتر لە وزە لە بڕگەی بێهێز گۆدەکرێ)[1]. ئەگەرچی سروشتی هێز تا ڕادەیەك ساکار و ئاسانە[2]، بەڵام هەندێ جار لە دوو ڕووەوە تێکەڵ و ئاڵۆز دەکرێ. یەکەمیان، تێکەڵکردنی لەگەڵ لەرە و ئاوازە و ترپە و .....هتد. دووەمیان، تێکەڵکردنی هێزی وشە و فرێز و ڕستە.

دەنگناسان جیاوازن لە دەستنیشانکردنی ژمارە و جۆری هێزەکان لە کوردیدا جیاواز بن و هەندێکیان تەنیا باسی هێزی سەرەکی و هەندێکی تر باسی چوار ئاستی هێز بکەن و تەنانەت هەندێك لەو باوەڕەدا بن، لە کوردیدا بڕگەی بێهێز(unstressed) نیە[3].

بۆ ئەو مەبەستە دەتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی لە کوردیدا دوو جۆری هێز جیا بکرێنەوە، هێزی وشە و هێزی ڕستە، کە دەشێ هەر یەکێ لەم دوو جۆرە بۆ لقی وردتر پۆلین بکرێن:

## (2–7) هێزی وشە:

بەر لە هەموو شتێك دەستنیشانکردنی تخووب یان چوارچێوەی وشە لە زمانی کوردیدا، کارێکی ئاسان نیە. چونکە لە کوردیدا زۆرجار ڕستەکان قاڵبی وشە وەردەگرن و دەتوانرێ ڕستەیەکی وەکو (من لە ئایندەدا جارێکی تر ئێوە دەبینم.) لە وشەیەکی وەکو (دەتانبینمەوە) خۆی بنوێنێ، هەرچەندە لە دیالێکتی ژووروودا ئەم سیستەمە گۆڕانی بەسەردادێ و ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی دەبن بە ڕاناوی سەربەخۆ، بە تایبەتی لە کاری تێپەڕدا لە دیالێکتی ناوەڕاست جیا دەبێتەوە. جگە لەمەش تێکەڵکردنی وشە و ئامراز گرفتێکی تر بۆ دەستنیشانکردنی هێز دروستدەکا و ڕەنگە توێژەر بەرەو ڕێچەوتی ببا[4]. بۆیە پێویستە بەر لە دەستنیشانکردنی هێزی وشە، ڕەچاوی شێوە و پێکهاتەی وشەکە بکرێ و جۆرەکەی لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە

---

1 Ladefoged, P. (1982). A course in Phonetics. Edinburgh. p.224.
2 Roach. P. (1983). English Phonetics and Phonology. p.93.
3 Fattah, M. M. (1980). On the Stress System of Kurdish. P.182.

4 وریا عمر امین. (1986). مردنی وشە. ل8.

دیاربکرێ. وەك ئەوەی (وشە: بریتیە لە هەر فۆڕمێکی سەربەخۆی ڕستە کە بتوانرێ بە یەکێ لە فۆڕمەکانی پرس پرسیاری دەربارە بکرێ و بتوانێ ببێتە وەڵامی پرس. بەم پێیە: کار، ناو، ئاوەڵناو، ژمارە، ئاوەڵکاری کات و شوێن و ڕاناوە سەربەخۆکان بە وشە دادەنرێن. بەڵام ئامراز: بریتی دەبێ لە فۆڕمە سەربەخۆکانی تری ڕستە کە ناتوانرێ بە یەکێ لە فۆڕمەکانی پرس پرسیاری دەربارە بکرێ و ناتوانێ ببێتە وەڵامی پرس. بەم پێیە: فۆڕمەکانی پەیوەندی، پرس، سەرسوڕمان، بەستنەوە ....هتد دەبن بە ئامراز)[1]. کەواتە بە پێی جۆری وشەکان دەتوانین هێزی وشە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە پۆلین بکەین:

## (2-7-1) هێز لە وشەی سادەدا:

مەبەست لە وشەی سادە ئەو وشانەن، کە لە تاکە مۆڕفیمێکی سەربەخۆ پێک هاتوون. لە زمانی کوردیدا وشەی سادە بە زۆری ئەو وشە یەك مۆڕفیمانە دەگرێتەوە، کە سەر بە گرووپی ناوین و دەتوانن ئەرکی ناو ببینن، وەکو (ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو، ئاوەڵکار، ........هتد). واتە، هەرگیز کار لە زمانی کوردیدا وشەی سادە یان یەك مۆڕفیمیدا نیە[2]. کەواتە لە وشەی سادەدا پێویست بەوە ناکات ئاماژە بە هێزی کار بکرێ.

به شێوەیەکی گشتی وشەی سادە لە کوردیدا لە چوار بڕگە تێپەڕ ناکا و هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی وشەکە. شایانی باسە هێز لە وشەی سادەدا لەسەر دەنگە بزوێنەکەی دوا بڕگەی وشەکە دەنیشێ و ئەگەر بڕگەکە بزوێنێکی ئاشکرای تیادا نەبوو، لەسەر بزرۆکەی ناو بڕگەکە دادەنرێ.

بە پێی ژمارەی بڕگەکان دەتوانرێ وشەی سادەی کوردی دابەشی ئەم بەشانەی خوارەوە بکەین:

### (2-7-1-1) *وشەی سادەی یەك بڕگەیی:*

وشەی سادەی یەك بڕگەیی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە سەر بە گرووپی ناوین. بەردەوام لەم وشانەدا هێز لەسەر بزوێنی بڕگەکەیە و ئەگەر بزوێنەکە بە ئاشکرا دەرنەکەوتبێ، لە سەر

1 عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالید موسا. (2004). وشەی سفر و مۆڕفیمی سفر. ل14.

2 محمد معروف فتاح. (1989). کارپۆلین کردن بە پێی ڕۆنان. ل44.

بزرۆکەی نێوان دوو فۆنێمە نەبزوێنەکەیە. لێرەدا دەتوانرێ دوو بۆچوون لە بڕگەسازی کوردی بخرێتە ڕوو.

أ ــ بۆچوونی یەکەم، کە دان بە بوونی بزرۆکە (i) دەنێ[1] وەکو فۆنێمێکی بزوێن، هەروەها دان بە بوونی هەمزە (ئـ) دەنێ وەکو فۆنێمێکی نەبزوێن. بەم جۆرە لە نێوانی هەر دوو نەبزوێن، بزوێنی بزرۆکە پەیدا دەبێ و نابێ بڕگەش بە بزوێن دەست پێ بکا و بەردەوام ئەگەر بزوێنێك بکەوێتە سەرەتای بڕگە، هەمزەیەك (ئـ) بۆ خۆی دروست دەکا. بەم پێیە، ئەگەر بە وردی بۆچوونەکە جێبەجێ بکرێ، تەنیا ئەم دوو جۆرە بڕگەمان دەستدەکەوێ:

/تـە'/، /بـۆ'/، /بـا'/، /سـی'/، /دە'/، /کێ'/، /ئا'/، /ئێ'/...   /CV′/

/مە'ڕ/، /نۆ'ك/، /ژێـ'ر/، /بیـ'ر/، /ژوو'ر/، /مـi'ن/، /کـi'چ/...   /CV′C/

ب ــ بۆچوونی دووەم، کە دەڵێ: ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی لەم دیاردەیە وردبینەوە، دەبینین لە دانانی ئەم دەنگی هەمزە (ئـ) بە فۆنێم یان پیت، پێداچوونەوەیەکی وردی دەوێ و بە پێی بنەما دەنگسازییەکان لە بنەڕەتدا ئەم دەنگە فۆنێم نیە و دەنگێکی فۆنەتیکی گشتیی زمانەکانە، نەك دەنگێکی تایبەت بە فۆنۆلۆجی زمانی کوردی، چونکە دانان و دانەنانی نابێتە هۆی گۆڕینی واتا و دەربڕین. بەم پێیە دابەشکردنی بڕگەکاریی کوردی گۆڕانی بەسەردادێ و بڕگەمان دەبێ بە بزوێن دەست پێ بکا، یان بڕگەمان دەبێ لە تاکە بزوێنێك پێك هاتبێ (بچووکترین بڕگە لە بزوێنێك Vowel پێك دێ)[2]. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- پ: تە فراڤین خاریە؟ و: /ا'/. بڕگەی /ا'/ تەنیا یەك بزوێنە، ئەگەر هەمزە فۆنێم نەبێ.

2- /ا'ڤ/، /ە'ڤ/، /ە'م/، /ێـ'ش/. هەریەك لەم بڕگانە دوو فۆنێمن، ئەگەر هەمزە فۆنێم نەبێ.

دەشێ بۆ یەکخستنی هەموو ڕایەکان، تەنانەت ئەوانەی دان بە بوونی بزرۆکە (i)دا نانێن وەك فۆنێم، ئەو بڕگانەی بزرۆکەیان تیادایە، ناویان بنێین (بڕگەی فۆنەتیکی)[3] یان (بڕگەی

---

1 بۆچوونێکیش هەیە دان بە بوونی بزرۆکەدا نانێ وەك فۆنێمێك یان پیتێك، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، بڕگەی فۆنەتیکی یان بڕگەی هێشوە کۆنسونانتمان لە کوردیدا زۆر دەبێ. بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: (عەبدوللا حوسێن ڕەسول. (2004). چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی دهۆك–هەولێر. پەربەندا 7. هژمارا 1. تیرمەھ – تەمموز.).

2 وریا عومەر ئەمین. (2004). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل252.

3 Fatah, M. M. (1980). On the Stress System of Kurdish. P.185.

بزرۆکەدار) و ئەوانەی بزوێنە ئاسایییەکانیان (ا، ۆ، ێ، ە، ی، و) تیادایە، ناویان بنێین (بڕ ــگەی فۆنۆلۆجی)[1] یان (بڕگەی بزوێندار). بەم پێیە دەتوانین لە جۆری بڕ ــگەی فۆنۆ ــلۆجی ــنۆ (9) جۆری وشەی یەك بڕگەیی[2] لە دیالێکتی ژووړووی زمانی کوردیدا دەستنیشان بکەین:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 – | /نەبزوێن | نەبزوێن | بزوێن | نەبزوێن | نەبزوێن/ | | |
| | /هـ | نـ | ا | ر | ت/ | /هنارت/ | CCVCC[3]/ / |
| 2 – | /نەبزوێن | نەبزوێن | بزوێن | نەبزوێن/ | | | |
| | /جـ | ڤ | ا | ت/ | | /جڤات/ | /CCVC/ |
| 3 – | /نەبزوێن | نەبزوێن | بزوێن/ | | | | |
| | /چـ | ر | ا/ | | | /چـرا/ | /CCV/ |
| 4 – | | /نەبزوێن | بزوێن/ | | | | |
| | | /تـ | ە/ | | | /تـە/ | /CV/ |
| 5 – | | /نەبزوێن | بزوێن | نەبزوێن/ | | | |
| | | چـ | ا | ڤ | | /چاڤ/ | /CVC/ |
| 6 – | | | /بزوێن/ | | | | |
| | | | /ئا/ | | | /ئا/زاد | /V/ |
| 7 – | | | /بزوێن | نەبزوێن/ | | | |
| | | | /ئە | ز/ | | /ئەز/ | /VC/ |

1 وریا عمر أمین. شەپۆلەکانی شیعری کوردی. ل.48–49.

2 وریا عومەر ئەمین. (2004). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل253.

3 پیتی (c) هێمایە بۆ نەبزوێن (کۆنسونانت–consonant) و پیتی (v) هێمایە بۆ بزوێن (ڤاول–vowel).

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 8– | | /بزوێن | نەبزوێن | نەبزوێن/ | | |
| | | /ئا | سـ | ت/ | /ئاست/ | /VCC/ |
| 9– | /نەبزوێن | بزوێن | نەبزوێن | نەبزوێن/ | | |
| | /ز | ه | نـ | د/ | /زەند/ | /CVCC/ |

بەڵام لە جۆری بڕگەی فۆنەتیکی (بڕگەی بزرۆکەدار) دەتوانرێ دوو جۆر دەستنیشان بکرێ:

1ـ نەبزوێنێك بزرۆکەی(i) بە دوادا بێ، واتە؛ بڕگەیەك تەنیا لە نەبزوێنێك و بزرۆکە پێکهاتبێ. وەك لەم نموونانە دەردەکەوێ:

- ئەز /ب/ خۆ /د/چم. (Ez /bi/ xo /di/cim.).
- ئەم /ل/ سەر ئاخا خۆ /د/ژین. (Em /li/ ser axa xo /di/jyn).

2ـ بزرۆکە بکەوێتە نێوان دوو نەبزوێن. واتە؛ بڕگەیەك پێکهاتبێ لە دوو نەبزوێن و بزرۆ کەیان لە نێزاندا هاتبێ:

- /من/ شڤانەك ل /نك/ پەزی دیت. (/Min/ ŝvanek /nik/ pezy dyt.).
- /پسـ/مامێ تە ل /بن/ دارێ ڕونیشتیە. (/Pis/mamê ta l /bin/ dare rwnyŝtye).

(**2–1–7–2**) *وشەی سادەی دوو بڕگەیی:*

وەکو لە خاڵی سەرەوە باسکرا، هێز لە وشەی سادەدا یەك بڕگەیی بێ یان پتر، لەسەر دوا بڕگە دەنیشێ. وەك لەم نموونانە دەردەکەوێ:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| /زا/نا'/ | /CV/CV'/ | /هێـ/ڕۆ'/ | /CV/CV'/ | /با/بۆ'/ | /CV/CV'/ |
| /ور/یا'/ | /CvC/CV′/ | /بر/سی'/ | /CvC/CV′/ | /بڕ/گە'/ | /CvC/CV′/ |
| /زر/یا'ن/ | /CvC/CV′C/ | /گڕ/کا'ن/ | /CvC/CV′C/ | /شنـ/گا'ل/ | /CvC/CV′C/ |
| /ڕێـ/با'ر/ | /CV/CV′C/ | /پیـ/ڤا'ز/ | /CV/CV′C/ | /ڕێـ/ڤا'س/ | /CV/CV′C/ |
| /شەخـ/تە'/ | /CVC/CV′/ | /زوڕ/نا'/ | /CVC/CV′/ | /سەر/ما'/ | /CVC/CV′/ |

/دەس/پێ'ك/ /CVC/CV'C/    /سەر/با'ن/ /CVC/CV'C/    /قەی/ڕا'ن/ /CVC/CV'C/

شایانی باسە ئەو وشە سادە دوو بڕگەییانەی، بڕگەی یەکەمیان بزوێندار (بڕگەی فۆنۆلۆجی) بێ و ، بڕگەی دووەمیان بزرۆکەدار (بڕگەی فۆنەتیکی) بێ، لەم بارەدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم. وەك:

/جە'ژن/ /CV'/CvC/    /تە'خت/ /CV'/CvC/    /بە'رف/ /CV'/CvC/

/کە'ڤر/ /CV'/CvC/    /ئا'گر/ /CV'/CvC/    /تە'حل/ /CV'/CvC/

**(2-7-1-3)** ***وشەی سادەی سێ بڕگەیی:***

هەڵبەتە لە وشە سادە سێ بڕگەییەکانیش هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی. ڕێژەی وشەی سادەی سێ بڕگەیی کەمترە لە وشەی سادەی دوو بڕگەیی. لە خوارەوەدا چەند نموونەیەك خراوەتە ڕوو:

/زێ´/ڕە/ڤا'ن/ /CV/CV/CV'C/    /با´/دی/نا'ن/ /CV/CV/CV'C/

/کا´/مە/ڕا'ن/ /CV/CV/CV'C/    /بە□ر/خۆ/دا'ن/ /CVC/CV/CV'C/

/شۆ´ڕش/ڤا'ن/ /CV/CvC/CV'C/    /قە□ھ/ڕە/ما'ن/ /CVC/CV/CV'C/

/سە□ر/هەڵ/دا'ن/ /CVC/CVC/CV'C/    /بێ□/ری/ڤا'ن/ /CV/CV/CV'C/

**(2-7-1-4)** ***وشەی سادەی چوار بڕگەیی:***

هەرووەك وترا، لە وشە سادەی چوار بڕگەییەکانیش هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی. ڕێژەی وشەی سادەی چوار بڕگەیی زۆر کەمترە لە وشەی سادەکانی تر. شایانی باسە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی سادەی ڕەسەن نیە، لە چوار بڕگە تێپەڕ بکا. لە خوارەوەدا چەند نموونەیەك خراوەتە ڕوو:

/سو/لێ/ما´/نی'/ /CV/CV/CV /CV' /

/سوا´/ڕە/توو/کە'/ /CV/CV/CV /CV' /

/جا´/نە/مە'/رگ/ /CV/CV/ CV'/CvC/

/با´/ژێڕ/ڤا/نی'/ /CV/CVC/CV /CV' /

/سو/پا´/سا/لا'ر/ /CV/CV/CV /CV'C/

/کور/دا´/یە/تی'/ /CVC/CV/CV /CV' /

## (2–7–2) هێز لە وشەی داڕێژراودا:

دەتوانرێ وشەی داڕێژراو دابەشی دوو بەش بکرێ، وشەکانی کۆمەڵەی ناوی و وشەکانی کۆمەڵەی کاری.

هەرچی کۆمەڵەی ناویە، بە شێوەیەکی گشتی وەکو وشەی سادە ڕەفتار دەکا و بەردەوام هێز لەسەر دوا بڕگەیە، تەنیا لەو بارەدا نەبێ، کە بڕگەی کۆتایی بزرۆکەدار (بڕگەی فۆنەتیکی) بێ و نزیکترین بڕگەی پێش کۆتایی بزوێندار (بڕگەی فۆنۆلۆجی) بێ، لەم بارەدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگە فۆنۆلۆجیە بزوێندارەکە. بە مەرجێ ئەگەر ئەو مۆڕفیمە بەندەی هاتوەتە سەر وشە سادەکە، هێزڕاکێش نەبێ، هەرچەندە لە کوریدا ژمارەی ئەو مۆڕفیمە بەندانەی هێزڕانەکێشن زۆر کەمترن لە مۆڕفیمە بەندە هێزڕاکێشەکان. وەك:

/د'ل/، /سـ'ك/،/کـ'چ/. /Cv'C/ /د/لْ'م/، /سـ/کـ'ت/، /کـ/چـ□ت/. /Cv/Cv'C/

لەم نمونانەی سەرەوەدا، لەبەر ئەوەی بڕگەی یەکەم بزرۆکەدارە، ئەگەر بڕگەی گیرەکە پاشگرەکە بزوێندار بێ، بزوێنەکە هێزەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ. بەم شێوەیەی خوارەوە:

/د'ل/، /سـ'ك/، /کـ'چ/. /Cv'C/ /دلْ/ما'ن/،/سکـ/تا'ن/،/کچـ/یا□ن/ /CvC/CV'C/

لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا، لەم شێوە پێکهاتە داڕێژراوانە بەرچاو ناکەون، چونکە ڕاناوەکانی خاوەنی بە شێوەی لکاو نین و بە شێوەی سەربەخۆن. ئامرازی پەیوەندیش بریتیە لە مۆڕفیمی ڕەگەز (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ، بۆیە لەم دۆخانەدا هێز دەچێتە سەر مۆڕفیمەکانی ڕەگەز:

وشەی سادە وشەی داڕێژراو

/د'ل/ /Cv'C/ /دڵێ'/ من /CCV'/

/ز'گ/ /Cv'C/ /زگێ'/ تە /CCV'/

/مـ'ل/ /Cv'C/ /ملێ'/ وان /CCV'/

/کـ'چ/ /Cv'C/ /کـچا'/ مە /CCV'/

بەم پێیە، وشەی یەك بڕگەیی داڕێژراو لە کۆمەڵەی ناویدا کەمە، چونکە هەر چۆنێك بێ، وشە تەوەرەییەکە بڕگەیەکە و ئەو مۆرفیمە بەندە گیرەکەی پێیەوە دەلکێ دەبێتە بڕگەیێکی تر، بەڵام لە کۆمەڵەی کاریدا بەدیدەکرێ. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە وشەی داڕێژراوی یەك بڕگەیی لە کۆمەڵەی ناویدا هەر نیە، بەڵکو لەم وشە سادانە دروست دەبێ، کە بڕگەی ناوەکە لە نەبزوێن و بزوێنێك پێکهاتووە و پاشگرێکی یەك فۆنیمی نەبزوێنی پێوە دەلکێ. وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

/پێ'/، /جێ'/، /چا'/. /CV'/ /پێـ'م/، /جێـ'ی/، /چا'ت/. /CV'C/

هەڵبەتە، لەم وشە سادانەی بزوێندارن ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بە شێوەیەکی ئاسایی[1] گیرەکی هێزڕاکێش نین. وەك:

/چا'و/. /CV'C/ /چا'و/تان/. /CV'C/CVC/

/گوێ'/. /CCV'/ /گوێ'/یان/. /CCV'/ CVC/

شایانی باسە، گرووپی ناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، سفر، ین، ن، ن) وەرناگرن[2]، ئەگەر وەریانگرت، دەبن بە ڕستە.

بە هەمان شێوە، نیشانەی نەناسیاویش (ێك/ەك/ێ)، ئەگەر لە دوای تاکە بڕگەیەکی بزرۆکەدار هاتبێ، هێز بۆخۆی ڕادەکێشێ. وەك:

/ژ'ن/، /کـ'چ/. /Cv'C/ /ژنـ/یـ'ك/، /کچـ/ یـ'ك /. /CvC/V'C/

1 لە ڕستەدا هێزی سەرەکی سەر ئەم بڕگانە بە پێی جەختی قسەکەر دەگۆڕێ، واتە؛ ئایا مەبەستی سەرەکی ناوە سەرەکیەکەیە، یان کەسەکەیە؟

2 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (1995). مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. ل189.

بەڵام ئەگەر بڕگەی بزوێنداری لە پێش هاتبێ، هێز بۆ خۆی ڕاناکێشێ. وەك:

/دا'ر/، /شێـ'ر/. /CV′C/ /دا'/رێك/، /شێـ'/رێك/. /CV′/CVC/

لە دیالێکتی ژووروودا پاشگری (ەك) لە بری (ێك) بۆ نەناسیاوی بەکار دێ:

/دا'ر/، /شێـ'ر/. /CV′C/ /دا'/رەك/./شێـ'/رەك/. /CV′/CVC/

پاشگری (ەوە) کە بە ناوەوە دەلکێ و یەکێکە لەو گیرەکانەی هێزڕاکێش نین.وەك:

/دە'ر/،/سە'ر/. /CV′C/ /دە'/رە/وە/،/سە'/رە/وە/. /CV′/CV/CV/

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ژمارەی ئەو مۆڕفیمە بەندانەی هێزڕاکێشن زۆرترن لە مۆڕفیمە بەندە هێزڕانەکێشەکان. ڕەنگە ئەمەش پتر بگەڕێتەوە بۆ بایەخی ئەو واتا نوێیەی مۆڕفیمە بەندەکە دەیخاتەسەر مۆڕفیمە سەربەخۆکە. بۆنموونە:

/گو'ڵ/،/با'خ/ /CV′C/ /گو´/ڵـە/کە'/،/با´/خە/کە'/ /CV/CV/CV′/

/گو´/ڵـە/کە'/ /CV/CV/CV′/ /گو´/ڵـە/کا'ن/ /CV/CV/CV′C/

/با´/خە/کە'/ /CV/CV/CV′/ /با´/خە/کا'ن/ /CV/CV/CV′C/

لە دیالێکتی ژووررووی زمانی کوردیدا (ە ـکە)ی نیـ ـشانەی نا ـسیاوی نـ ـیە، زۆر ـجار نیشانەکانی ڕەگەز دەبنە هۆی ئەوەی پێویست بە نیشانەی ناسیاوی نەکا و ئامرازەکانی نیشانە بە شێوەیەکی سەرەکی پتر بۆشاییە پڕ دەکەنەوە.

زۆربەی ئەو پاشگرانەی ئاوەڵناو دروستدەکەن، یان دەچنە سەر ئاوەڵناو وەك پلەی بەراورد و باڵا لە گیرەکە هێزڕاکێشەکانن. وەك:

| وشەی سادە | هێزی بڕگە | وشەی داڕێژراو | هێزی بڕگە | پاشگرەکان |
|---|---|---|---|---|
| /جۆ'ت/ | /CV′C/ | /جۆتـ/کا'ر/ | /CVC/CV′C/ | کار |
| /بە'/خت/ | /CV′/CVC/ | /بە/ختـ/ یا'ر/ | /CV/CvC/CV′C/ | یار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| /سـ/نـوو'ر/ | /Cv/CV′C/ | /سـ/نـوور/دا'ر/ | /Cv/CVC/CV′C/ | دار |
| /پا'/قژ/ | /CV′/CvC/ | /پا/قژ/تـ'ر/ | /CV/CvC/Cv′C/ | تر |
| /جا'ن/ | /CV′C/ | /جا/نی□/ (جوانی) | /CV/CV′/ | ی |
| /نیـ/چیـ'ر/ | /CV/CV′C/ | /نیـ/چیـر/ڤا'ن/ | /CV/CVC/CV′C/ | ڤان |
| /ڕە'ز/ | /CV′C/ | /ڕەز/وا'ن/ | /CVC/CV′C/ | وان |
| /زا/خۆ'/ | /CV/CV′/ | /زا/خـۆ/یی'/ | /CV/CV/CV′/ | یـی |
| /دا'ر/ | /CV′C/ | /دا/رسـ/تا'ن/ | /CV/CvC/CV′C/ | ستان |
| /دا□ر/ | /CV′C/ | /دار/کە□ر/ | /CVC/CV′C/ | کەر |
| /دا'د/ | /CV′C/ | /داد/وە'ر/ | /CVC/CV′C/ | وەر |
| /فیـ□ل/ | /CV′C/ | /فیلـ/با□ز/ | /CVC/CV′C/ | باز |
| /زیــڕ/ | /CV′C/ | /زیـ/ڕیـ□ـن/ | /CV/CV′C/ | ین |
| /درۆ□/ | /CCV′/ | /درۆ/ییـ□ن/ | /CCV/CV′C/ | یین |

**(2-7-2-1) هێز لە چاوگدا:**

گرووپێکی تری گرنگ لە وشەی داڕێژراوی کۆمەڵەی ناوی چاوگەکانە. بە شێوەیەکی گ ـشتی چاوگ لە زمانی کوردیدا لە سێ مۆرفیم پێکدێ: ڕەگی کار، مۆرفیمی کاتی ڕا ـبوردوو، ( ـکە نیشانەی چاوگیشی پێ دەوترێ، وەك: ا، ی، و، د[1]، ت)، لەگەڵ نوونی چاوگ. لێرەدا پێکهاتەی چاوگ لەبەر ئەوەی گەردان نەکراوە، واتای ئەنجامدانی هیچ کارێك ناگەیێنێ، بەڵکوو ئاماژە ـبە ناوی کارێك دەکا، بۆیە هەمیشە چاوگ لەگەڵ گرووپی ناوی دادەنرێ، کە ناوە بۆ کارێك. ـلە دیالێکتی ژووررووی زمانی کوردیدا، پێکهاتەی داڕشتنی هەندێ لە چاوگەکان دەگۆڕێ، بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە وردن و شێوازی بنەڕەتی ڕۆنانی چاوگ ناگۆڕن. بۆ نموونە:

/بوو□ن/، /چوو□ن/،........ /CV′C/

/کـر□ن/، /بر□ن/، /مر□ن/،.. /CCv′C/

/هنا□ر/تن/، /بژا□ر/تن/،.. /CCV′C/CvC/

1 لە دیالێکتی ژووررووی زمانی کوردیدا، فۆنیمی (د) وەکوو نیشانەی چاوگ یان مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوو بەکار نایێ، بەڵکوو ـلە ـبری ـئەوە، ـمۆڕفیمی ـسفر ( zero morpheme) بەکاردێ. بەم پێیە، نیشانەکانی چاوگ، یان مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردوو لە دیالێکتی ژووررووو بریتین لە (ا، ی، ت، سفر، و). تەنیا لە هەـندێ ـلە ـچاوگە تێپەڕێنراوەکان نەبێ، وەك: (هژاندن، زڤڕاندن).

/هژ/ما□ر/تن/،....... /CvC/CV′C/CvC/

/كو□شـ/تن/،........... /CV′C/CvC/

/خـا□/رن/،.............. /CV′/CvC/

/هسـ/پا□/رن/،............ /CvC/CV′/CvC/

/بـ/رِ يـ□ن/، /سـ/رِ يـ□ن/، /Cv/CV′C/

/كـ/رِيـ□ن/

/خـا□نـ/دن/،............. /CV′C/CvC/

(2-2-7-2) هێز لە ئاوەڵناوی كراودا:

جۆرێكی تر لە وشەی دارێژراو كە بە هاوكاری رِەگی كارەوە دروستدەكرێ و بە كۆمەڵەی ناوی دادەنرێ، وشەكانی (ئاوەڵناوی كراو)ن. یاسای رِۆنانی لە كاری تێنەپەرِ بە شێوەیەكی گشتی پێكدێ لە: (رِەگی كار و مۆرِفیمی كاتی رِابوردوو (یا نیشانەی چاوگ)، لەگەڵ مۆرِفیمی ئاوەڵناوی كراو □كە لە دیالێكتی ناوەرِاست فۆنێمی (و)ە و لە دیالێكتی ژووروودا فۆنێمی (ی)ە.□)، بەلاّم لە كاری تێپەرِدا بە زۆری لە شێوەی بكەر نادیار دروستدەكرێ و یاسای رِۆنانی لە دیالێكتی ناوەرِاست بە شێوەیەكی گشتی پێكدێ لە: □رِەگی كار و مۆرِفیمی بكەر نادیار (ر) لەگەڵ مۆرِفیمی كاتی رِابوردوو، ئینجا مۆرِفیمی ئاوەڵناوی كراو□، كە ئەم شێوازە لە دیالێكتی ژووروو بەكار نایێ. وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەكەوێ:

| ئاوەڵناوی كراو لە دیالێكتی ناوەرِاستدا | | ئاوەڵناوی كراو لە دیالێكتی ژووروودا | |
|---|---|---|---|
| /مر/دوو□/ | /CvC/CV′/ | /مری□/. | /CCV′/ |
| /سـوو/تا□و/ | /CV/CV′C/ | /سۆ/تی□/. | /CV/CV′/ |
| /دا/نیشـ/توو□/ | /CV/CVC/CV′/ | /رِیـ/نیشـ/تی□/ | /CV/CVC/CV′/ |
| /نووسـ/را□و/ | /CVC/CV′C/ | /نـ/ڤیسـ/یا□ی/ | /Cv/CVC /CV′C/ |
| /كوژ/را□و/ | /CVC/CV′C/ | /كوشـ/تـی□/. | /CVC/CV′/ |
| /برِ/را□و/ | /CvC/CV′C/ | /برِ/یـی□/. | /CvC/CV′/ |

لە شێوەزاری بادینیی دیالێکتی ژووروودا، زۆربەی چاوگەکان لە کاتی گەردانکردنیا بۆ ئاوەڵناوی کراو، بە پێی دیاردەیەکی دەنگسازی فۆنیمی(ا)ی پێش (ی) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو کە دەکەوێتە کۆتایی ئاوەڵناوە کراوەکە دەسوێ. بۆ نموونە ئەم ئاوەڵناوە کراوانەی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە دەگۆڕێن، بەمەش لە ڕووی بڕگە و هێزەوە لە دیالێکتی ناوەڕاست جیا دەبنەوە:

/سۆت/یای□/. /CVC/CV′C/ ← /سۆ/تی□/. /CV/CV′/

/کوژ/یا□ی/. /CVC/CV′C/ ← /کوش/تی□/. /CVC/CV′/

/بڕ/یا□ی/. /CvC/CV′C/ ← /بڕی□/. /CvC/CV′/

(3-7-2) **هێز لە وشەی لێکدراودا:**

لە وشەی لێکدراوی کۆمەڵەی ناویدا، بە شێوەیەکی گشتی بە هەمان شێوەی وشەی سادە و داڕێژراو، هێز دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەکە.وەك:

/پێش/مە□ر/گە□/، ............. /CVC/CVC/CV′/

/مێر/گە□/سۆ□ر/، ........... /CVC/CV/CV′C/

/مەر/دە□ /مێ□ر/، ........... /CVC/CV/CV′C/

/سوا/رە□/توو/کە□/، ......... /CCV/CV/CV/CV′/

/جۆ/لە□/مێ□/رگ/، ......... /CV/CV/CV′ /CvC/

/جا/نە□/مە□/رگ/، ............. /CV/CV/CV′ /CvC/

/زە/ڤیو□/زا□ر/، ........... /CV/CVC/CV′C/

لە وشەی لێکدراوی کۆمەڵەی ناوی تێبینی ئەوە دەکرێ، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی بزوێندار (فۆنۆلۆجی)ی وشەکە، بەڵام هێزی لاوەکی دەکەوێتە سەر دوابڕگەی وشەی یەکەم. واتە؛ ئەگەرچی وشەی یەکەم هێزی سەرەکی لەدەست دەدا، کاتێ دەبێتە لێکدراو، بەڵام لە بری ئەوە هێزی لاوەکی بۆخۆی گلدەداتەوە.

جێی سەرنجە، لە کۆمەڵەی کاریدا، وشەی سادە لە ڕوانگەی مۆڕفیمەوە لە ئارادا نیە، کار لە زمانی کوردیدا یان داڕێژراوە یان لێکدراو، چونکە بە لای کەمەوە کاری ـگەردانکراو ـلە دیالێکتی ناوەڕاستدا سێ مۆڕفیمی تیادایە، کە ڕەگی کار و مۆڕفیمی کات و مۆڕفیمی کە ـسن، لە دیالێکتی ژووروووشدا بە لای کەمەوە دوو مۆڕفیمی تیادایە، کە ڕەگی کار و مۆڕفیمی کاتن، چونکە هەندێ جار (بەتایبەتی لە ڕابوردووی تێپەڕدا) ڕاناو جیایە و لکاو نیە. لە لا ـیەکی ـتر، هەموو کارێکی گەردانکراو بە تەنیا بەکار ناهێنرێ و لە شێوەی ڕستەدا بەکار دەهێنرێ. بۆ ـیە جۆرەکانی وشە لە کۆمەڵەی کاریدا فەرامۆش دەکەین، تاکو ـلە با ـسی ڕ ـستەدا دوو ـچاری دووبارەکردنەوە نەبین.

**(2-8)** <u>هێزی ڕستە:</u>

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ ڕستەی کوردی دابەشی دوو بەش ب ـکرێ، ب ـچووکترین ڕستەی سادە (یان ڕستەی یەك وشەیی) و ڕستەی سادەی ئاسایی.

**(2-8-1)** <u>هێز لە بچووکترین ڕستەی کورتکراوەدا:</u>

هێز لە ڕستەی سادەی یەك وشەییدا دەکەوێتە سەر یەکەم مۆڕفیمی بنەڕەتی پ ـێکهاتەکە، کە بە زۆری یەکەم مۆڕفیمی بنەڕەتی ڕەگی کارەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مۆڕفیمە گیرەکانەی (پێشگر بن یان پاشگر) کە هیزڕاکێشن. ئەمەش پێچەوانەی هێزی ـسەر و ـشەکانی کۆمەڵەی ناویە، کە بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەکە:

/<u>ها</u>/تم/، /<u>ها</u>/تن/، /<u>دیـ</u>/نن/، ........ /CvC/ <u>CV′</u>/

/<u>ها</u>/تی/، /<u>خۆ</u>/ ـشە/، /<u>با</u>/ ـشە/، / /CV/ <u>CV′</u>/

.......

/<u>نقـ</u>/ـسـ/تم/، /<u>شکـ</u>/ـسـ/تم/ ........... /CvC/<u>CCv′C</u>/

لەم نموونانەدا درێژی بزوێنی بڕگە (بڕگەی فۆنۆلۆجی) ڕۆڵی ڕاکێشانی هێز دەبینێ و هـ ـێز دێتە بڕگەی دووەم:

/زۆ/ریـ□م/، /دگـ/ریـ□م/،...          /CvC/CV′C/

ژمارەی ڕستە یەك وشەییەكان لە دیالێكتی ژووروو كەمترە، بە ـهۆی ـنەبوونی دە ـستە ڕاناوی خاوەنی بە شێوەیەكی لكاو. ڕاناوە لكاوەكانیش لەبەر ئەوەی مۆرفیمی ڕێزمانین ـكەمتر هێزی سەرەكی ڕادەكێشن.

بۆ پتر ڕوونكردنەوەی جیاوازی نێوان، هێز لە وشەی كۆمەڵەی ناوی و هێز ـلە و ـشەی كۆمەڵەی كاری، دەتوانین سەیری ئەم بەراوردیەی خوارەوە بكەین[1].

| هێز لە وشەی كۆمەڵەی ناوی | | هێز لە وشەی كۆمەڵەی كاری | |
|---|---|---|---|
| /خا/ـنە□/. = (خانەیەك) | /CV/CV′/ | /خا□/نە/. = (تەویلەیە) | /CV′/CV/ |
| / ـكە/رە□/. = (نویشك) | /CV/CV′/ | /كە□/رە/. = (نەزانە) | /CV′/CV/ |
| /مە/ـلە□/. = (مەلەوانی) | /CV/CV′/ | /مە□/لە/. = (باڵندەیە) | /CV′/CV/ |
| /چا/كە□/. = (خێر) | /CV/CV′/ | /چا□/كە/. = (باشە) | /CV′/CV/ |
| /شـ ـێ/رە□/. = (بەلوعە) | /CV/CV′/ | /شێـ□/رە/. = (ئازایە) | /CV′/CV/ |
| /با/ـغە□/. = (پلاستیك) | /CV/CV′/ | /با□/ ـغە/. = (باخچەیە). | /CV′/CV/ |

**(2–8–1)** گیرەكە هێزڕاكێشەكان لە بچووكترین ڕستەی كورتكراوەدا:

بە شێوەیەكی گشتی ئەو گیرەكانەی بە بچووكترین ڕستەی سادەوە دەلـ ـكێن گیرە ـكی هێزڕاكێشن، بە تایبەتی پێشگرەكان. بۆ نموونە:

1 Fattah, M. M. (1980). On the Stress System of Kurdish. P.183-194.

| | |
|---|---|
| /تیـ/که/وت/........ | /CV′/CV/CvC/ |
| /دا/مەز/رێ/......... | /CV′/CVC/CV/ |
| /دا/نە/مەز/ریێی/...... | /CV/CV′/CVC/CVC/ |
| /بنـ/ڤە/، هشـ/بە/،... | /CvC/CV′/ |

شایانی باسە لە ڕستەدا ئاوازە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دەستنیشانکردنی جۆری ڕستەکە، بەڵام هێز پتر ڕۆڵی جەختکردن دەبینێ لەسەر ئەو مۆرفیمە یان ئەو وشەیەی قسەکەر دە ـیەوێ تیشکی بخاتە سەر.

**(2-8-3) هێز لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا:**

ڕستەی سادەی فراوانکراو واتە ئەو ڕستانەی لە پتر لە وشەیەك پێکهاتوون. هێز لەم جۆرە ڕستانەدا بە پێی مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ، واتە قسەکەر بیەوێ جەخت بکاتە سەر کام وشە لەم وشانە دەتوانێ هێزی سەرەکی ڕستەی بخاتە سەر و مەبەستەکەی خۆی بە وردی ئاڕاستەی گوێگر بکا. بۆ نموونە، لە ڕستەی (هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ـئەرزان ـکڕی.) دەتوانرێ بە پێی بایەخی قسەکەر و جەختکردنە هەر وشەیەك لە وشەکانی ئەم ڕ ـستەیە هـ ـێزی سەرەکی ڕستە بگۆڕێ. وەك:

| | |
|---|---|
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست هەڤالە).* |
| هەڤالی خانیـەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست خانیە)* |
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێـڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست مەزنە).* |
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێـڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست باژێڕە).* |
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست دهۆکە).* |
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست بهایە).* |
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست ئەرزانە).* |
| هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێڕێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی. | *(مەبەست کڕینە).* |

## ((بەشی سێیەم))

## ئاوازە  Intonation

ئەرکەکانی ئاوازە.

شێوازەکانی خستنەڕووی ئاوازە.

بۆچوونی بەریتانی

بۆچوونی ئەمریکی

بۆچوونی باسەرەك

ئاوازە لە کوردیدا

ئاستەکانی ئاوازە لە کوردیدا

## بەشی سێیەم

## (3) ئاوازە  Intonation

ئاوازە بە دیاردەیەکی کەرەسە ناکەرتیەکان دادەنرێت و هەموو زنجیرە دەنگێکی گۆکراو دەگرێتەوە، دەچێتە ناو پێکهاتەی سەرجەم تو خمەگۆکراوەکان و ڕازاندنەوە یەکی مۆ سیقییان پێدەبەخشێ بە پێی ڕۆنان و واتایان و بەپێی مەبەستە دەربڕاوەکان و بە ڕێکەوتن لەگەل ڕەو تی کات و شوێنی ئاخاوتنەکە[1]. هەر بە پێی ئەم ڕەوتی کات و شوێنی ئاخاوتنە ئاوازەی ئاخاوتن لە دەربڕینێك بۆ دەربڕینێك و لە هەڵوێست و بارێکی دەروونی بۆ یەکێکی تر دە گۆڕێ. لای پسپۆرەکان ئاوازە مۆسیقای ئاخاوتنە و سەرجەم کەرەسەناکەرتیەکانی تری تیادا ڕێکدەخرێن و

1 کمال بشر. (2003). فن الکلام. ص 262.

ڕەنگ دەدەنەوە و زنجیرە دەنگەکان لە یەکەیەکی ئاوازەداری ڕازاوە و هاویەکی پڕ بەرزی و نزمی پەیامگەیێن پێشکەش بە گوێگر دەکا و بەهرەمەندیی قسەکەریش ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

ڕۆلی ئاوازە تەواوکەری ڕۆلی کەرەسە ناکەرتیەکانی ترە، ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ بە تەواکەری و هاوکاری لەگەڵ هێزدا، چونکە هێز بەرزی یان جەختێك بە بڕگە یەکی و شەیەك دەدا، بەمەش دەبێتە هۆکارێکی پارچەیی هاریکار بۆ ئاوازە و هاوبەش دەبێ لەگەڵ هۆکارەکانی تری وەك سروشتی دەنگەکە و ڕۆنانی پێکهاتەکان و ئەدگار و مەبەست و ڕوخسار و ناوەرۆکی دەربڕینەکان.

(1-3) *ئەرکەکانی ئاوازە*:

(قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و گاڵتە پێ کردن و ڕەزایی و ناڕەزایی و ....هتد دەربڕێ و دەریخا مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە... واتا هەر ڕستەیەی دەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێ بە پێی ئاوازەکەی. تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بە هۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێ و ئاشکرا دەبێ.)[1]. دێڤد کریستاڵ ئەرکەکانی ئاوازە لەم چەند خاڵەدا کورتدەکاتەوە[2]:

- هەڵچوون یان سۆزداری (Emotional): دیارترین ڕۆلی ئاوازە دەربڕینی هەڵوێستە مەبەستدارەکانە، سەرسوڕمان، مەرج، بێئارامی، شادی، داچڵەکین، توڕەیی، بایەخدان، و گەلێ وردە واتای جیاوازی تر.
- ڕێزمانی (Grammatical): ئاوازە یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی ڕێزمانی لە ئاخاوتندا، ڕۆلێکی هاوشێوەی خاڵبەندی ئەنجامدەدا. یەکەکانی وەك لارستە و ڕستە بەزۆری پشت بە ئاوازە دەبەستن بۆ ناساندنی گوتراوەکانیان، و چەندین بەراوردکردنی دەستنیشانکراو، وەك گوتەی پرس، لە بەکارهێنانی ڕێکوپێکی ئاوازە دروست دەبن.
- زانیاری (Informational): ئاوازە یارمەتیدەرە بۆ سەرنجراکێشان بەرەو ئەوەی دەربڕینەکە چ واتایەك دەبەخشێ و چ شتێکی نوێی تێدایە. وشەکە زەقترین تۆنی ئاوازە هەڵدەگرێ لە نەخشەی هێماکانی ئەو پارچە گۆکراوەی کە قسەکەر زانیاریی نوێی پێ دەگەیەنێ: پاندانێکی نوێم پەیداکردووە، سێ پەڕتووکم کڕی.

---

1 وریا عمر امین. (1994). هێز و ئاواز. ل16.

2. Crystal, D. (2004). The Cambridge Encyclopedia of the English language. P.249

• پۆلداری (Indexical): ئاوازە لە گەڵ ئاکارەکانی تری کێشناسی، هێمایەکی گرنگە بۆ کەسایەتی یان ناسنامەی کۆمەڵایەتی و بەهرەمەندیی کەسانی وەك: پارێزەران، ئامۆژگاریکەران، هەواڵخوێنان، بێژەرانی وەرزشی (معلق رياضي)، پلەدارانی سوپا، و چەندین پیشەی تر بە سانایی ئاخاوتنەکانیان دەناسرێتەوە لە میانی کێشناسیی تایبەت بە خۆیان. لەو کاتەدا وتاربێژێکی بەهرەدار زاڵبێ بەسەر وتارەکەی و ئاوازی دەربڕینەکەی شیاوی بابەتەکە بێ، پەیامەکەی کاریگەرتر و پەسەندتر دەبێ لە لای بەرامبەر.

هەرچەندە لە ڕووی واتاوە ڕێژەی پاسادان و سەلماندنی ئەو خاڵانە سەد لە سەد نیە، چونکە (سیستەمێکی داخراو نیە بۆ ئەم واتایانە. ئەمەش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان، چەند کەرەسەی تر هەن لەم بارەدا بەندن بە ئاوازەوە. دووەمیان، هەندێ شێوەی ڕێزمانی لەو بوارەدا دژ یەك دەوەستن و جیاوازی واتا تەماوی دەکەن)[1].

فراوانی و فرەئاستی لە بەرزی و نزمی و جۆراوجۆری ئاوازەی دەربڕینەکان، بە پێی بارودۆخ و جۆری ئاخاوتنەکان، شێوەیەکی مۆسیقی ڕەنگین بە ڕوخساری ئاخاوتنەکان دەبەخشێ و کرۆکی واتاکانیان ئاڵوگۆڕ و هەمەچەشنە دەکا، کە گوزارشت لە دۆخی دەروونی ئاخێوەران و مەبەستیان دەکا و بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێ بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەست و واتاکان و شێوە جۆراوجۆرەکانی دەربڕینەکان لە یەك جیادەکاتەوە. دەشێ، زنجیرە دەنگێك، یان تاکە ڕستەیەك بە پێی ئاوازەی دەربڕین چەندین واتا ببەخشێت[2]. بۆ نموونە: ڕستەی (هات) ڕەنگە بە پێی بارودۆخ و هەڵوێستی قسەکەر ئاوازەی بگۆڕێ و کۆمەڵێك واتا بگەیێنێ.وەك:

| | |
|---|---|
| هات. | هەواڵدان. |
| هات؟ | پرسیارکردن. |
| هات! | سەرسوڕمان. |

ڕەنگە بە چەندین شێوەی تریش دەربڕێ، بەڵام لە نووسیندا هێمای بۆ دەستنیشان نەکرابێ، وەك: (ئاگادارکردنەوە. "ئەم دەربڕینە گورجتر لە هەواڵدان دە گوترێ"، هەڕەشەکردن، گاڵتەپێکردن و ......هتد).

1 Majid, S. H. (1987). The Role of Intonation in Grammar with Reference to English & Kurdish. P.15.
2 Crystal, D. (2004). The Cambridge Encyclopedia of the English language. P.248.

هەڵبەتە نووسین و دەربڕینی ئەم شێوازانە بە بێ لە ـئارادابوونی بارودۆخە ـکە کردار ـێکی زۆر ئەستەمە.

### (2-3) *شێوازەکانی خستنەڕووی ئاوازە*:

شێوازی جۆراوجۆر هەن بۆ خستنە ڕووی ئاوازە لە نووسیندا. بە شێوەیەکی گشتی چەند ڕێگەیەك هەن بۆ نووسینەوەی ئاوازە، وەك:

- ڕێگەی هێڵکاری(Graphic method)، ئەو ڕێگەیەی لە لا ـیەن (فر ـیز) و (بۆلین ـگەر) پەیڕەوکراوە[1].
- ڕێگەی ئاستەکان(Levels method)، ئەو ڕێگەیەی (پایك) پەیڕەویکرد[2].
- ڕێگەی چێوەیی(Contour method)، ئەو ڕێگەیەی ـبەزۆری ـلە لا ـیەن دەنگنا ـسە بەریتانیەکان پەیڕەوکرا، وەك: (جۆنس)، (کینگدەن) و (هالیدای)[3].

ئەم ڕێگایانەی سەرەوە پتر دەنگسازیی ڕووتن و زۆرتر تۆمارکردنی ـچۆنیەتی ـگۆکردنن، هەرچەندە ڕێگەی چێوەیی هەوڵی داوە لایەنە سەرەکی و ناسەرەکیەکان لە یەك جیابکاتەوە و پەیوەندیی نێوان جۆرەکانی لەرە و جیاوازیە واتاییەکان بدۆزێتەوە[4].

- جگە لەم ڕێگانە ڕێگەیەکی تریش هەیە، کە ڕەنگە لەوان باوتر ـبێ، ـئەویش ڕ ـێگەی بەکارهێنانی چیناواز بێ (Tone method)، ڕەنگە تا ڕادەیەك تێکەڵییێکی لە ڕ ـێگەکانی سەرەوەی تیادا بێ، سەرباری بایەخدان بە پەیوەندیی نێوان ئاوازە و واتا.

هەرچۆنێك بێ هیچ لە ڕێگەکان بێ کەموکوڕی نین، بە بەڵگەی ئەوەی ڕێککەوتنێکی گشتی نیە لە نێوان دەنگناسەکان لەسەر بەکارهێنانی باشترین ڕێگا، یان ژمارەی ـچیناوازەکان ـلە زماندا[5].

---

1 بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (Fries, C. C. (1940). American English grammar.)، (Bolinger, Dwight, L. (1973). Accent is predictable. P.633-644.).

2 بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە ئەو سەرچاوەیە: (Pike, k. L. (1945). The intonation of American English.).

3 بۆ ئەو مەبەستە بڕوا ـنە ـئەم سەر ـچاوانە: (Jones, D. (1956). An outline of English phonetics.)، (Kingdon, R. (1958). The Ground Work of English Intonation.) و (Halliday, M. A. K. (1970). A Course in Spoken English: Intonation.).

4 Hawkins, P. (1984). Introducing phonology. P.198.

5 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish.P.60.

(سەرەڕای گرنگیی ئەم بابەتە نەك هەر لە زمانی کوردیدا بەڵکو لە زۆربەی زمانانی جیهاندا ... کەم باس کراوە)[1]. لە مێژووی زمانەوانیدا چەند بیرو ڕایەکی جیاواز دەربارەی ئاوازە سەریان هەڵداوە، بەڵام بایەخدارترین و دیارترینیان هەردوو بیروبۆچوونی بەریتانی و ئەمریکین[2].

(3–3) *بۆچوونی بەریتانی*:

بۆچوونی بەریتانی[3] بە شێوەیەکی سەرەکی تاوتوێی پەیوەندیی ڕوخساری ئاوازە دەکا لەگەڵ ڕێزمان. لەوانەی کە بایەخیان بە هاوبەندیی ئاوازە و ڕێزمان دەدا، (کویرك)[4] و (هالیدای) بوون.

بیرۆکەی (کویرك) پتر بایەخدان بوو بە بەکارهێنانی دەقی ئینگلیزی و فۆرمە ڕێزمانیەکان لە ئینگلیزیی هاوچەرخدا[5]. هەرچی بۆچوونی (هالیدای)ـە، پشت بە شیکردنەوەی ڕێزمانی دەبەستێ. ئەو، ئاوازە شیدەکاتەوە بۆ ئاستی ناسکیی سیستەمی ڕێزمان و بەرگری لەوە دەکات، کە گۆڕانکاریەکانی ئاوازە ڕێزمانین و دەنگسازی پردێکە لە نێوان کەرەسەی دەنگی و فۆرمەکە. دەڵێ: (لە باسکردنی ئاوازەی ئینگلیزی، ئێمە ڕێگە بە ڕێزمان دەدەین، بڕیاربدا، کە دەبێ چەند ورد و ناسك بین. ئەمەیە ئەگەری گونجان درو ستدەکا لە نێوان دەنگسازی و فۆرمە زمانەوانیەکان[6]). هالیدای ئاوازە لە زاراوەکانی سێ سیستەمی گۆڕاو شیدەکاتەوە:

*1- چیناوازبەندیی (النغمیە– tonality)* : [دابەشکردنی گۆکردن بۆ پۆلە چیناواز tone-groupe و دەستنیشانکردنی کەوتگەی تخووبیان].

2- *چیناوازکاری (tonicity)* : [شوێنی برگەی ئاوازدار لە پۆلە چیناواز].

3- *چیناواز (tone)*[7] : [ئاراستەی جووڵەی پلەیدەنگ[8]]. ئەم چیناوازە دابەشی دوو چیناوازی سەرەکی و لاوەکی دەکا.

1 وریا عومەر ئەمین. (2004). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل273.

2 Majid, S. H. (1987). The Role of Intonation in Grammar with Reference to English & Kurdish. Pp. 5-14.

3 خستنەڕووی ئەم بۆچوونانەی بیانیەکان، بە تایبەتی ئینگلیزەکان و ئەمریکیەکان سوودێکی زۆری هەیە لە ڕووی بیردۆزەییەوە، بەڵام لە ڕووی پڕاکتیکیەوە، لەبەر ئەوەی نموونەکان بە ئینگلیزین سوودێکی ئەوتۆیان نیە، چونکە لە کاتی وەرگێڕانی نموونەکاندا بۆ سەر زمانی کوردی، زنجیرەی دەنگەکان و کورت و درێژی و شێوازی دەربڕینیان تا ڕادەیەك تێك دەچێ و هاوشێوە نین، بۆیە توێژەر سەرجەم نموونە پڕاکتیکیەکانی فەرامۆشکرد و تەنیا لایەنە بیردۆزەییەکانی خستە ڕوو، تاکو بتوانرێ لە نموونە پڕاکتیزەکراوەکانی کوردی سوودیان لێ وەربگیرێ. جگە لەوەش تووشی درێژدادڕییێکی زۆر دەبوو، بە هۆی ڕاڤە و تاوتوێکردنی نموونەکان.

4 Quirk, R. Towards a description of English usage. Pp.40-61. (reported in Crystal,1969).

5 Crystal, D. Prosodic Systems & Intonation in English. p.42.

6 Halliday, M.A.k. (1967). Intonation & Grammar in British English. P.9.

7 زاراوەی (چیناواز) بەرامبەر (tone)ی ئینگلیزی بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی جیابکرێتەوە لە ئاوازە (intonation).

8 تالیب حوسێن عەلی. (2005). فەرهەنگی زاراوەی دەنگسازی. ل159.

((أ)) چیناوازە سەرەکیەکان: سیستەمێکی چیناوازن و لەمانە پێکدێن:

1- چیناوازی لێژ(falling tone).

2- چیناوازی بەرزەڕك (high rising tone).

3- چیناوازی نزمەڕك (low rising tone).

4- چیناوازی لێژەڕك (falling-rising tone).

5- ڕكەلێژ (rising-falling tone).

6- چیناوازی تێکەڵ [لێژ و نزمەڕك] و [ڕكەلێژ و نزمەڕك].

((ب)) چیناوازە لاوەکیەکان: دابەشی دوو بەش دەبن:

1- ئەمانەی جیاوازی دروستدەکەن لە چیناوازیدا (tonic).

2- ئەوانەی جیاوازی دروستدەکەن لە پێشچیناوازیدا (pretonic).

چیناوازی (tonic) ئەو بەشەی پەیامەکەیە کە قسەکەر دەیەوێ پتر بایەخداری بکا، کە واباوە لە بڕگەیەکی کپی (هێزدار)[1] دەستپێدەکا لە سەرەتای پ ـێی(تفعیلە-feet) شیعرەکە. پێ(تفعیلە-feet) بریتیە لە یەکەیەکی ترپە(ڕیتم-rhythm) و لە دوو توخم پ ـێکهاتووە، توخمی گورج (مشدد-ictus) و توخمی خاو (خامل-remiss)، هەر گورجێك دەسپێکی پێیەکی نوێیە[2].

پێشچیناوازی (pretonic) ئەو بەشەیە، کە دەکەوێتە پێش چیناوازی (tonic)، واباوە بە بڕگەیەکی هێزدار دەستپێدەکا. چیناوازی لاوەکی بەوە لە چیناوازی جیادەکرێتەوە، کە یان (پان)، (ناوەنجی)، یان (تەسك)ـە[3].

خاڵێکی گرنگی شیکردنەوەی ئاوازە لای (هالیدای) ئەوەیە، کە لە خاڵە جیاوازەکانی ڕێزماندا هەڵبژێرییەکی جۆرەکانی بێلایەن و هێمادار هەیە[4].

شیکردنەوەی ئاوازە لای سویت[5] لە زاراوەکانی لەرە جووڵەکاندا (Pitch movement)، چیناوازی سەرەکی بەوە جیادەکاتەوە، کە (پلەکانی ئاوازە tunes لە زاراوەکانیدا) ئەوانەن کە دابەشی دوو جۆر دەکرێن: چیناوازی سادە و چیناوازی ئاوێتە. چیناوازە سادەکان، لێژن

---

1 مەرج نیە ئەم سیستەمانە لە زمانی کوردیدا بە هەمان شێوەی زمانی ئینگلیزی بن و دەشێ لە پێکهات و ڕۆناندا جیاوازییان هەبێت.

2 Halliday, M.A.k. (1967). Intonation & Grammar in British English. P.12.

3 بۆ زانیاری زۆرتر دەربارەی چیناوازی لاوەکی بڕوانە: (Halliday,M.A.k. (1970).A Course in Spoken English:Intonation. London. Pp.14-19).

4 Lindsstrom, O. (1968). Aspects of English Intonation. P13.

5 Sweet, H. (1960). Primer of Spoken English. P.69.

(falling) (/)، ڕکن (rising) ()، ئاسۆیین (level) (ـــــ). چیناوازی ئاو ـێتەکان، ڵ ـێژەڕکن (falling-rising) (/)، و ڕکە لێژن (rising-falling) (/). ئەو هەروەها جۆرێکی ـئالۆز ـلە ڕکەلێژ لەگەڵ ڕکاواز دەخاتە ڕوو کە ئەم هێمایەی (\) بۆ دادەنێ، کە دەڵێ هەمان کاریگەری هەیە، بەڵام پێداگرە بۆ جەختکردنەوە (emphatic). بۆچوونی سویت تا ڕادەیەك هاوبە ـندە ـبە واتا.[1]

(پالمێر) لە شیکردنەوەکەیدا بۆ ئاوازە تیشك دەخاتە سەر چوار چیناوازی سەرەکی: ڵ ـێژ (/)، ڕك ()، ڕکەلێژ لەگەڵ ڕك (/) و نزمەڕك. پالمێر پۆلە ـچیناواز tone-groupe دابە ـشی ناوکەچیناواز (tone-nucleus) و سەرەچیناواز (tone-head) دەکا. سەرە بریتیە لە (بڕگەیەك یان ئەو بڕگانەی پێش ناوکەکە دەکەون لە پۆلەچیناواز).[2]

(ئارمسترۆنگ) و (وۆرد)، دوو چیناواز جیادەکەنەوە: چیناوازی یەکەم بریتیە لەو زنجیرە بڕگە هێزدارانەی دەکەونە پشت دوا بڕگەی هێزدار. چیناوازی دووەمیش دیسان بریتـ ـیە ـلەو زنجیرە بڕگە هێزدارانە لەگەڵ بەرزبوونەوەیەك لە کۆتایی. (لویس) لەم بارەیەوە دەڵێ کە (هەموو دیاردەکانی ئاوازەی ئینگلـ ـیزی ـبەم دوو ـچیناوازە (پلەدەنـ ـگە) چارەسەردەکر ـێن وەك، جۆراوجۆری، کورتبڕی، یان درێژدادڕی).[3]

(کینگدەن) پێشنیاری دوو جۆرە چیناواز دەکا: چیناوازی وەستاو (ئاسۆیی) و چیناوازی جووڵەدار (جووڵاو). چیناوازە جووڵەدارەکان ئەمانەن: (1) ڕك، (2) ڵ ـێژ، (3) ڵ ـێژەڕك، (4) ڕکەلێژ و (5) ڕکە–لێژە–ڕك. هەر یەکێك لەو چیناوازانە دەتوانێ بەرز یان نزم بن، پێداگر یان ئاسایی بن. (دەشێ چیناوازەکان 1– لە دەنگی قسەکەر یان بەرز یان نزم بن و 2– یان ئاسایی دەبێ [بە بەکارهێنانی هێزێکی مامناوەندی و ڕێژەیەکی لەرە]، یان پێداگر دەبێ [بە بەکارهێنانی هێزێکی باش و ڕێژەیەکی فراوانی لەرە]).[4] کینگدەن پشتی بە دابە ـشکردنەکەی پا ـلەری ـبۆ پۆلەچیناواز بەستووە، کە ناوکەچیناواز، سەرەچیناواز و کلکەچیناوازن، بەڵام سەرباری ـئەوە، پێشسەرە (pre-head)ی دابەش کردووە بۆ سەر و تەن (body).

(ئۆکۆنەر) و (ئارنۆڵد) شیکردنەوەکەیان لەسەر بناغەی (کۆمەڵە وشە) دارشتووە، کە بەم شێوەیە دەیانناسێنێ (کۆمەڵێکی داخراوی تێکچڕژاوی ڕێزمانی و ـشەی هاو ـسنوور ـیەکتر و

1 Pike, K. L. (1945). The intonation of American English. P.6.
2 Palmer, H. E. (1922). English Intonation with Systemic Exercises. P.17.
3 Lewis, J. Windsor. (1973). English Intonation Studies. P.75.
4 Kingdon, R. (1958). The Ground Work of English Intonation. P.7.

وابەستەن بە پلەی ئاوازە، بە زۆری بەوە لە فۆڕمی پێشەوە و کۆمەڵە وشەی دواوە جیادەکرێنەوە کە جۆرە وەستانێك هەیە[1]. ئەوان بڕیارەکەیان لە سەر ئەوە داوە کە گۆکردنەکان لە شێوەی کۆمەڵە وشە ڕێکخراون بە هۆی ئاوازەوە[2]. لە بۆچوونەکەیاندا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە پەیوەندییێکی پتەو هەیە لە نێوان هەڵوێست و ئەرکی ئاوازە. (کریستاڵ) لەو باوەڕەدایە، (ئۆکۆنەر هاوکارە لەگەڵ ئارنۆڵد و مەبەستێکی ئاشکرای هەیە، بۆ خۆدەربازکردن لە پێداگرتن لەسەر ئەرکی ڕێزمانیی ئاوازە.... و جەختدەکەنەوە لە ئەرکی شێوەیی ئاوازە)[3].

(جیمسۆن) لە شیکردنەوەی ئاوازەدا چوار زاراوەی ناوکەچیناواز دەخاتە ڕوو: ناوکی لێژ (/،/)، ناوکی ڕك (□،□)، لێژە-ڕك (/□) و ڕکە-لێژ (□/). شایانی باسە ئەم ناوکەچیناوازانە لە شیکردنەوەی جیمسۆن هەردوو جۆری چیناوازی (tonic) و چیناواز (tone) دەگرنەخۆ. جیمسۆن سێ ئەرکی ئاوازە جیادەکاتەوە: ئەکسێنتدار (مشدد–accentual)، بێئەکسێنت (غیر مشدد–non-accentual) و ئەرکی شێوەیی[4].

(ڕۆچ) ئاوازە شیدەکاتەوە بۆ دوو جۆری چیناواز: چیناوازی سادە و چیناوازی ئاڵۆز. چیناوازە سادەکان: ئاسۆیین (ـــ)، لێژن (/) و ڕکن (□).چیناوازە ئاڵۆزەکان: لێژە-ڕك و ڕکە-لێژن. ئەو ئاستی بەرز و ئاستی نزمی چیناوازەکان لەیەك جیادەکاتەوە و پێکهاتەی پۆلە- چیناواز دابەشدەکاتە سەر چیناوازی (tonic)، کە هەڵگری: چیناواز، سەرە، پێشسەرە و کلکە[5].

هەروەك بینیمان زۆربەی دەنگناسەکان لە بۆچوونی بەریتانی تا ڕادەیەك هاوشێوەن و جیاوازیەکانیان سنووردار و بە مەبەستی جیاوازن.

## (4–3) *بۆچوونی ئەمریکی*:

بۆچوونی ئەمریکی بەند بوو بە شیکردنەوەی فۆنۆمۆڕفێمی. کە بریتیە لە وەرگرتنی ئاستەکانی لەرە (pitch) وەکوو فۆنێمەکان. ئەو فۆنێمە لەرانە خۆیان واتایان نیە، بەڵام ئەوانە (لە زنجیرەیەکی پڕواتا ڕێکخراون، پێیاندەوترێ لەرە مۆڕفیمەکان، کەوا هاوشێوەی تەواویان هەیە لە مۆڕفیمە کەرتیەکان کە پێکهاتوون لە فۆنێمە کەرتیەکان)[6].

1 O'Conner, J. D. & Arnold, G. F. (1973). Intonation of Colloquial English. P.287.
2 Ibid. P.4.
3 Crystal, D. (1969). Prosodic Systems and Intonation in English.P.38.
4 Gimson, A. C. (1976). An introduction ti the pronunciation of English. Pp. 266-286.
5 Roach. P. (1983). English Phonetics and Phonology. P.122.
6 Wells, R. S. (1945). The Pitch Phonemes of English. P.34.

(بلۆمفیلْد) یەکەم کەس بوو ئەم بۆچوونەی وەگەڕخست، ـکە پ ـێنج فۆن ـێمە ـلەرەی جیاکردەوە، کە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کردن:

1- لەرەی لێژ /0/ لە کۆتایی ڕستە بەکاردێ.
2- لەرەی کەمتر بەرز /¿/ لە تەواوکەری پرسیارەکان (پرسیاری -wh) بەکاردێ.
3- لەرەی ڕك /?/ لە کۆتای پرسیارەکانی بەڵێ/نەخێر بەکاردێ.
4- لەرەی بەردەوام /و/ کە بە بەرزبوونەوەی لەرە ئاماژەی پێکراوە پێش وەستانێك لە ڕستەدا.
5- لەرەی سەرسوڕمان /!/ کە لە ڕستەی هەست دەربڕین بەکاردێ[1].

ئەو هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو فۆنێمە لەرانە واتای تایبەتی خۆیان هەیە ـبە پێی واتای ئارەزوومەندی دەربڕینەکە. ئاوازە لە سنووری چوارچ ـێوەکەیدا وە ـکوو ـمۆرفیم دادەنرێ، چونکە ئاوازە واتا هەڵگرە. بلۆمفیلْد لەو باوەڕەدایە کە (لەرە فۆنێمەکان) ڕۆڵ ـێکیان هەیە لە ڕۆنانە ڕستەییەکاندا.

(وێلس) پێشنیاری ئەوە دەکا، کە ـتەکنیکی ـتەواوکاری دابە ـشکردن ـبەکاربێ ـلە شیکردنەوەی لەرەدا، بەڵام وا دیارە، کە ئەوەی فەرامۆش کردووە، کە پاسادانکردنێکی ڕوو ـنی لەرە بە هۆی بچووکترین هاودژی جیاواز ئاسان نیە[2]. سەرباری ئە ـمەش ـئەو ـنە ئا ـستەکانی فۆنۆمۆرفێمی لە یەك جیادەکاتەوە[3] و نە ئەو واتایانەش دەستنیشان دەکا، ـکە ـلەرە دە ـتوانێ بیگوازێتەوە و بە چ شێوەیەك مۆرفیمە لەرەییەکان دەتوانن هاوشێوەی مۆرفیمە کەرتیەکان بن[4].

لە ڕوانگەی (پایك)ەوە ئاوازە ئەرکی هەڵوێستێکی هەیە. (ئاوازە واتای فەرهەنگیی ڕستە دەگۆڕێ بە خستنەسەری هەڵوێستی قسەکەر بە ئاراستەی ناوەرۆکی ڕستەکە)[5]. پایك چوار ئاستی لەرەی جیاکردۆتەوە: (1) زۆر بەرز، (2) بەرز، (3) ناوەند و (4) نزم. پایك وا دادەنێ، کە ئەم ئاستانە بەسن بۆ دەرخستنی واتا جیاوازەکان لە دەربڕینە جیاوازەکاندا. پایك دوو جۆر وە ـستان (pause) پۆلین دەکا: وەستانێکی نەچەسپاو (/) و وەستانی کۆتایی (//). چوارچێوە گ ـشتیەکەی

1 Bloomfield, L. (1933). Language. Pp. 114-115.
2 Liberman, P. (1967). Intonation. Perception. & Language. P.183.
3 Lindsstrom, O. (1978). Aspects of English Intonation. P. 15.
4 Liberman, P. (1967). Intonation. Perception. & Language. P.183.
5 Pike, K. L. (1945). The intonation of American English. P.21.

پایك هەمانشێوەی دەنگناسانی ترە، ـكە ـبە ـچیناوازی ـیان ناوكە ـچیناواز ـناوبراون و (پێشچوارچێوە–pre-contour)ەكەشی هاوشێوەی پێشچیناوازی سەرەكەیە.

هەروەها (تراگێر) و (سمیت)یش چوار ئاستی فۆنێمییان بەكار هێناوە. یە ـكەمیان– ـلە نزمترین لەرە خۆی دەنوێنێ و چوارەمیان– لە بەرزترین ـلەرە ـخۆی دەنو ـێنێ. س ـێیەمیان– تایبەتدەكەن بە كۆتایی نێوانەكان (terminal juncture) كە بەم شێوەیە ه ـێمادار كراون: لـ ـێژ (#)، رك (//) و لەرە پارێز (/).

ئەمە پێداچوونەوەیەكی بۆچوونە جۆراوجۆرەكانی ئاوازە بوو، بەڵام ـتا ڕادە ـیەكی زۆر سوودبەخش بوو بۆ چاوپیاخشاندنێكی بۆچوونە نوێیەكانی توێژینەوەكانی ئاوازە.

جیاوازی لە نێوان ـئەو دوو بۆ ـچوونە لەوەدا ـیە، بۆ ـچوونی ـئەمریكی ـسەرباری پڕاكتیزەكردن، جەخت لەسەر لایەنی بیردۆزەیی دەكاتەوە. ئەو لە باسكردنی ئاوازەدا پشت ـبە بنەمای فۆنۆمۆرفیم دەبەستێ. ئاوازە وابەستەی ڕێزمانە لەگەڵ ڕەچاوكردنی ڕێسا و وردەكار ـیە واتاییەكان. بە پێچەوانەی بۆچوونی بەریتانی كە جەخت لەسەر پڕاكتیزەكردن و هێزەكانی ئامانجە پەروەردەییەكان دەكاتەوە. ئاوازە كاتیگۆریە ڕێزمانیەكان بە یە ـكەوە دەبەستـ ـێنەوە، لە ـگەڵ ڕەچاوكردنی وردەكاریەكانی داڕشتن و یاسای ڕۆنانیان.

## (5–3) *بۆچوونی باسی سەرەكی (theme) و ترپە(rhythm)*:

دەتوانرێ بۆ بیرۆكەی ئاوازە، پشت بە كێشی بڕگەیی یان هۆنراوەیی دەبەستێ، كە دەشێ پێشی بوترێ بیرۆكەی بنەڕەتی. لەم بارەیەوە چەندین كەس بیردۆزە یان بۆ ـچوونەكانی خۆ ـیان خستۆتەڕوو. لەمانە: (مارتین)[1] پێشنیاری بیردۆزەیەك دەكا بۆ زمانەكانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئیتاڵی. (سیكۆكی)[2] بۆ زمانی پۆڵەندی و (لێپیتیت)[3] بۆ زمانی ئیسپانی، ئەم بیردۆزە ـیە ـئەوە دەخاتە ڕوو، كە هەر دەربڕینێك دوو ڕۆنانی هەیە: ڕۆ ـنانی ڕ ـستەیی(Syntactic Structure) و ڕۆنانی ئاوازەیی (یان ڕۆنانی كێشكاری[4]–Prosodic Structure). بە پ ـێی ـئەم بیردۆزە ـیە، هەردوو ڕۆنانەكە زنجیرەیی و یەك بە دوای یەكن و هاوشێوەنین[5]. گۆكردنەكان دابەش دەبن ـبۆ

---

1 Martin, Ph. (1977). A Theory of English Intonation. Pp.38-93.
2 Cichoki, W. (1981). Synttactic Consideration in Analysing, Analysing Polish Intonation. Pp. 10-18.
3 Lepetit, D. (1981). L'intonation de L'espagnol en Vuela Syntheses. Pp.19-26.
4 دەتوانرێ لە بری ڕۆنانی چنینكاری، ڕۆنانی كێشناسیش (البنية العروضية) بەكار بێ، بەڵام بە ڕای تۆژەر ئەمە پتر لەگەڵ كرۆكی بابەتەكە و مەبەستی زاراوەكە دەگونجا.
5 Martin, Ph. (1983). Semantics, Syntax & Intonation. Pp. 75-84.

(ترپە–rhythm) و (باسی سەرەکی–theme)، ڕۆنانە چنینکاریەکانیش بە هەمان شێوە دابەش دەبن بۆ ترپە و باسی سەرەکی[1].

ئەم بۆچوونە ئەگەرچی لە گەڵاڵەکردنی مەبەستەکەیدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو نییە، بەڵام هەوڵێکی وردە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ئاوازەی دەنگ و گۆڕینی واتا و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە (ئایا گۆڕینی ئاوازە واتا دەگۆڕێ؟ یان گۆڕینی واتا ئاوازە دەگۆڕێ؟). ئەمەش جیاوازی ئەو بۆچوونەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی پێشتر. لە ئەنجامدا دەگاتە ئەو بڕیارەی (ئاوازە، ڕستەسازی و واتاسازی سێ سیستەمی سەربەخۆن، بەڵام هاوکاری یەکترن لە ناو ڕستەدا)[2].

### (6–3) *ئاوازە لە کوردیدا*:

بە شێوەیەکی گشتی لە زمانیی کوردی و بە تایبەتی لە دیالێکتی ژووروودا لێکۆڵینەوە لە بارەی ئاوازە لە بنەڕەتدا کەمن و (ئاوازەی کوردیی تا ڕادەیەکی زۆر فەرامۆش کراوە)[3]، بەڵام ئەو زمانەوانانەی باسی ئاوازەیان کردووە، پتر لایەنی ئەرکی ئاوازەیان گرتووە لە ڕستەی کوردیدا[4]. لە توێژینەوە سەنگدارەکانی ئاوازە:

(ئێرنست ن. مکارەس) ئاماژەی بەوە داوە، کە (دەشێ ئاوازەی لە دوو ئاستدا شیبکرێتەوە: یەکەمیان، لەرەی فۆنیمەکان بخرێتە ڕوو و ئینجا هێڵکاریی لەرەی مۆرفیمەکان پێشکەشبکرێ.)[5]. ناوبراو لەرەی فۆنیمەکان لە نێوان سێ ئاستدا دابەش دەکا: یەکەم- زۆر نزمە، دووەم نزمێکی ئاسایییە و سێیەم بەرزە. بەم شێوەیە:

پرسیارکردن




جەختکردن / پێداگرتن

1 Lehiste, I. (1973). Phonetic Disambiguation of Syntactic Ambiguity. P.79.
2 Martin, Ph. Semantics, Syntax & Intonation. P. 78.
3 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish.P.57.
4 بڕوانە (پێناسەی ئاوازە لە بەشی یەکەمدا).
5 McCarus, E. N. (1958). A Kurdish Grammar. P.35.

هــيــچـــــيـــــان   هــيــچـــــيـــــان

2–   3–

هــيــچـــــيـــــان   هــيــچـــــيـــــان   (تۆ وات وت؟)، (دووبارەی پرسیارکردن)[1]

لە نموونەی یەکەمدا، لەرە لە جۆری سێیەم (بەرز) دابەزیوە بۆ جۆری دووەم (نزمی ئاسایی)، لە نموونەی دووەمدا، لەرە لە جۆری سێیەم (بەرز) دابەزیوە بۆ جۆری یەکەم (زۆر نزم) و لە نموونەی سێیەمدا، لەرە لە جۆری دووەم (نزمی ئاسایی) بەرزبووەتەوە بۆ جۆری سێیەم (بەرز). ناوبراو دەڵێ، زۆرجار ئەگەر دوابڕگەی دەربڕینەکە هێزدار بێ، ئاواز بەم شێوە دەبێ:

1– 3 –2
دێ کـ ـەم

دێ کـ ـەم

لەم نموونەیەدا، ئەوە پەسەند ناکرێ، کە هێز لەسەر دوابڕگە بێ، هەرچی لەرەی مۆرفیمەکانە، دابەشی دوو بەشی کردووە، سادە، کە یەك لەرە فۆنێم دەگرێتە خۆی، ئاڵۆز، کە زنجیرەیەك لەرە فۆنیم دەگرێتە خۆی[2].

(غازی فاتح وەیس) لەو باوەڕەدایە، کە (ئاوازە بەستراوە بە نەغمەی قسەی قسەکەرەوە. ئەم نەغمەیە جۆر و حاڵەتی قسەکەری تێدا دەرئەکەوێ وەکو تووڕەیی و نەرمی و سەرسوڕمان. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بە گۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکە ئەگۆڕێ وەکو ڕستەی پرسیارکردن و حاڵەت و ئەمر....هتد.

بۆ نموونە:

1–ئازاد ئینگلیزیێ دزانیت؟

---

1 Ibid. P36.
2 McCarus, E. N. (1958). A Kurdish Grammar. P.37.

2– ئازاد ئینگلیزیێ دزانیت.

ئاوازە لە ڕستەی یەکەمدا لە بەرزەوە بۆ نزمە و ئەم ئاوازەیەش ئەبێتە هۆی ـئەوەی ـئەو ڕستەیە بە ڕستەی پرسیار لە قەڵەم بدرێ. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ئاوازە لە نزمەوە بۆ ـبەرزە و ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕستەکە بە ڕستەی حاڵەت لە قەڵەم بدرێ.)[1].

(سوهەیلە حەمید مەجید) نامەی ماستەرەکەی تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی ئاوازە لە ڕێزماندا بە بەراوردکردنی کەرەسە ئینگلیزی و کورد ـیەکان. ـلە تو ـێژینەوەکەیدا ـسەرباری ـهەوڵی وردکاریانەی، بۆچوونەکانی بەریتانی بە گشتی و بۆچوونەکانی هالیدای بەتایبەتی لەسەر کەرەسە ئینگلیزیەکان گواستۆتەوە بۆ سەر کەرەسە کوردیەکان[2].

(وریا عومەر ئەمین) ڕاستییێکی زانستی خستوەتە ڕوو، کە ((گۆڕینی لەریـنەوەی ژ ـێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە. هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێ.)) [3] بۆ نموو ـنە ڕستەی:

سەیدا دوهی زڤڕی (هاتەڤە).

دەیان واتای جیاواز دەگەیێنێ بەپێی ئاوازەکەی، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێیەکان ـلە سەرتاپای ڕستەکەدا نەگۆڕا و وەکو خۆی بوو ... ڕستەکە واتای (هەواڵدان) دەبەخشێ.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (سەیدا)دا پتر کرا. ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (کی دوهی زڤڕیڤە؟)، کە واتا و مەبەستێکی تری جیا لەوەی سەرەوە دەگەیێنێ.

سەیدا دوهی زڤڕیڤە.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (دوهی)دا پتر کرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (سەیدا کەنگی زڤڕیڤە ؟).

سەیدا کەنگی زڤڕیڤە ؟

سەیدا دوهی زڤڕیڤە.

---

1 غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیک. ل93.

2 Majid, S. H. (1987). The Role of Intonation in Grammar with Reference to English & Kurdish. P.71.

3 وریا عمر امین. (1994). هێز و ئاواز. ل15–16.

که واتا و مەبەستێکی تره و جیاوازه لەوانەی سەرەوه. ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژ ێکان لەسەر وشەی (زڤرِیڤه) پتر کرا. ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (سەیدای دوهی چ کر؟).

سەیدا دوهی زڤرِیڤه.

ئەگەر خێراییەکی زۆرتر لەوەی سەرەوه بخرێتە سەر وشەی (سەیدا) یان (دوهی) یان (زڤرِیڤه) ڕستەکە دەبێتە پرسیار و دووپاتکردنەوه (تأکید). ئەمەش پەیوەندیی بە گۆڕینی شو ێنی هێزیشەوه هەیە.

1- (سەیدا) دوهی زڤرِیڤه ؟.

بەڵێ، سەیدا دوهی زڤرِیڤه. لێرە مەبەست دووپاتکردنەوه یە لە سەر ( سەیدا). ئەوه دەگەیێنێ، کە (سەیدا) گەڕاوەتەوه نەك کەسێکی دی.

2- سەیدا (دوهی) زڤرِیڤه ؟.

بەڵێ (دوهی). لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (دوهی). واتا (دوهی) گەڕاوەتەوه نەك ڕۆژێکی دی.

3- سەیدا دوهی (زڤرِیڤه)؟. بەڵێ (زڤرِیڤه). لێرە مەبەست دووپاتکردنەوه یە لە سەر (زڤرِین)ەکەی.

لەم نموونانەدا باس لە ڕۆلی هێزی ڕستە لەسەر وشەکان نەکراوه، چونکە هێزی ڕستەش هاوبەشە لە بەرزکردنەوەی جەختکردن لەسەر ئەو وشانەی لە نموونەکاندا ئاماژەیان پێکراوه.

ئاوازه خاوەنی سێ تایبەتمەندیی بنەڕەتیە[1]: سەراپایی لە واتا بە شێوەیەك هیچ زمانێك نیە بتوانێ بە یەك چیناواز قسەبکا، ئەرك ببینێ؛ ئەمەش ئامانجێکی تایبەتیی هە یە و ڕێکەوتنێکی ڕەمەکی نیە و سیستەمێکی ڕێکوپێکە، کە قسەکەره جیاوازەکان هەمان شێوه بە هەمان مەبەست بەکاردێنن.

لای (موحەممەد مەعرووف فەتاح)[2] لە کوردیدا ئاوازه ژمارەیەك ئەرك دەبینێ:

1 Hawkins, P. (1984). Introducing phonology. P.193.
2 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish.P.60.

1ـ بەشداره له ڕۆنانی ناوەرۆکی زانیاریەکانی ڕسته؛ بەشداره له بەخشینی ئەو زانیاریه نو ێیەی که مەبەسته، لێرەدا ئاوازه واتاکانی هێزکاری پتر و پتەوتر دەکا.

2ـ هاوکاره له جیاکردنەوەی جۆرەکانی ڕسته؛ کاری جۆرەکانی ئاخاوتن دەستنیشان دەکا؛ پێشبینی جۆری ڕستەکە دەکا، ئایا: هەواڵدانه؟، پرسیاریه؟، فەرماندانه؟، ....هتد، واته؛ ئەرکی ڕێزمانیی ئاوازه.

3ـ پێشبینی هەڵوێستی هەست و سۆزی قسەکەر دەکا، واته؛ ئەرکی هەڵوێستیی ئاوازه، که هەڵگری چۆنیەتی واتاکانه، وەك: تووڕەیی، ناچاری(إضطرار)، دوودڵی، بێزاری( سأم)، لاساری(ازعاج)، گومان، و خوێنگەرمی(حماس). ئەم واتایانه سەرباری ئەو واتایانەن که وشەکان و ڕۆنانی ڕێزمانی هەڵیاندەگرن.

ئەم زمانەوانه بەم شێوەیه باسی توخمەکانی پۆلەچیناوازەکان دەکا[1]:

پۆلەچیناواز (tone-groupe) یەکەی بنەڕەتی ئاوازەیه، که تەنیا یەك ناوکی هەیه، که گرنگترین توخمی پۆلەچیناوازه، جگه له توخمی پێشناوك و پاشناوك. پۆلەچیناواز لاڕستەیەك دەگرێته خۆی و وا باوه به هێڵی لار ئاماژەی پێدەکرێ.

ناوکەکان ئەو وشانەن که زەق دیارن به هۆی وەرگرتنی هێزی ڕسته. هەڵبژاردنی ناوك پابەنده به سەرجەم دەقەکە. بۆیه له ڕستەیەکی وەکو ئەز سێڤا ناخۆم، هیچ له توخمەکان جەختیان لەسەر نەکراوەتەوه، ڕاناوی من، ناوی سێو، یان کاری ناخۆم.

پاشناوك پێکهاتووه له هەموو ئەو کەرەسانەی دوای ناوك دێن. تەنانەت جۆری لەرەی پاشناوك به گشتی به جووڵەی ناوك دەناسرێتەوه، به شێوەیەك ڕەچاوناکرێ.

پێشناوك، دەتوانێ جۆرەکانی لەره وەربگرێ به جیا له ناوك و ئەو گۆڕانکاریانەی کار له واتای هەڵوێستی دەکەن، نەك واتای ڕێزمانی گوتراوەکە؛ هەرچەنده ئەگەر هەواڵدان یان پرسیار یان هەر جۆرێکی تر. پێشناوکەکان دەشێ نزم بن، لەو شوێنەی لەره به نزمی دەمێنێتەوه تاکو ناوکەکان، یان بەرز، لەو شوێنەی لەره پەیتا پەیتا لاردەبێتەوه بەرەو ناوك. بۆ ڕوونکردنەوەی ناوك، پاشناوك، پێشناوك و جۆرەکانیان و پۆلەچیناواز ئەم ڕستانەی خوارەوه به نموونه دەهێنینەوه:

---

1 ibid.P.61-62.

ما:لا هـەوە کا(نیٚ):



ئەز مەمـ نو:ن



دوای ئەوە بەم شیٚوەیە باسی پەیوەندیی زانیاری نویٚ و ئاوازە دەکا[1]:

ڕەنگە لاڕستە وەکو یـەکەیـەکی زانیاری بیٚتەبەرچاو، ڕۆنان لەو شتانەی پیٚشتر زانراون پیٚکدیٚ، پیٚشبینکراو یان هاتنەوەیاد و ئەوەی کە نویٚیە یان نایـیٚتەوەیاد، ئەوی تیٚکەڵاوی نویٚیە و نویٚنیە. ئەوکاتە یەکەی ئاوازە ڕۆنانیٚکە دوو ئەرك پیٚکدیٚنیٚ: نویٚ و بەخشراو[2].

بە شیٚوەیەکی نموونەیی، یەکەی زانیاری پیٚکدیٚ لە: توخمیٚکی بەخشراو، کە توخمیٚکی نویٚی بەدوادا دیٚ. هەرچۆنیٚك بیٚ هەندیٚ جار دەرچوونیش هەیە لەم بنەمایە، لەو کاتەی توخمە بەخشراوەکە، ببیٚتە سەرچاوە بەوەی کە زۆر سروشتیە؛ گەڕانەوە بۆ هەندیٚ شتی پیٚشتر لە دەقی زارەکی و نازارەکی، بە زۆری لادراوە؛ سڕاوەتەوە یان نەزانراوە لە ڕۆنانەکەدا. لە شیٚوەی داڕشتندا یەکەیەکی زانیاری هەیە پیٚکدیٚ لە توخمیٚکی نویٚی زۆرەکی(إجباری) و بەخشراویٚکی خۆشەکی(إختیاری).

(پەیڕەوی فۆنیٚمە ناکەرتیەکان لە کوردیدا) یەکیٚکە لە تۆژینەوە دیار و باشەکانی ئەم بوارە و لای تویٚژەر (ڕیٚزمان و ئاواز دەتوانن یەکبگرن بۆ دیاریکردنی کردەقسەییەکان و گویٚزانەوەی ئەرکە ڕیٚزمانیەکان)[3].

بە شیٚوەیەکی دەنگسازی، هەر یەکەیەکی زانیاری وەك چ شیٚوەیەکی لەرە (pitch contour)، یان چیناواز زانراوە، کە دەشیٚ نزم بیٚ، بەرز بیٚ، یان تیٚکەڵاو. ئەو چیٚوەی لەرەیە هەموو پۆلەچیناوازەکە دادەپۆشیٚ.

ناوك سەرباری چیناواز جوولەی لەرەی سەرەکیش هەڵدەگریٚ. بۆیە، ناوك پیٚناسەی لووتکەی ئەوە دەکا، کە نویٚیە؛ ئاماژە بەوە دەکا، لە کویٚ توخمیٚکی نویٚ لە ناو ڕستە نموونەییەکاندا هەیە، ئەمەش دوا توخمی ئەرکی ڕۆنانی لاڕستەیە لە یەکە ئەرکیەکە. ئەمە ئەوە

1 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish. P.62.
2 Halliday, M. A. K. (1985). Introduction to functional grammar. P.275.
3 ڕەحمان اسماعیل حسن کانەبی. (1998). پەیڕەوی فۆنیٚمە ناکەرتییەکان لە کوردی دا. ل133.

دەگیێنیٚ، کە زنجیرە توخمەکانی زانیاریە بەخشراوەکان توخمی نویێیان بەدوادا هاتووە، هەر چەندە کۆتایی توخمە نویێیەکە هیێزی لەسەرە، بەلاٚم هیچ هیێمایەك نییە بۆ دەسپیێکردنەکەی. ئەم جیێگۆرکیێیەی خوارەوە ئەم خالەٚ ڕووندەکاتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| (پ) | کا: | ئەو کتیێب؟ |
| (و) | (ئەو کتیێب) | یا لڤیێریٚ. |
| | ⇩ | ⇩ |
| | (بەخشراو) | (نویٚ) |
| (پ) | کی | دیێهیێت |
| (و) | ئەز | دیێهیێم |
| | ⇩ | ⇩ |
| | (بەخشراو) | (نویٚ) |

هەروەك لە نموونەکان ڕوونکراوەتەوە، ئەوەی دەتوانیٚ بیێتەوەیاد، ڕەنگە لەبەر ئەوە بیٚ دووەم ئاماژەپیێکراوە. بەلاٚم ئەوە تەنیا ئەگەر نیە. ئەو توخمەی دەتوانریٚ بهیێنریێتەوە، ڕەنگە شتیێك بیٚ لە دەقەکەدا نەبیٚ؛ دەرەکی بیٚ، وەك (من)، (ئیێوە)، (تو)، یان شتیێك بیٚ لە دەقەکەدا بیٚ، ناوەکی بیٚ، یان ئەو شتەی قسەکەر دەیەویٚ پیێشکەشی بکا وەك بەخشراو. (واتای بەخشراو ئەوەیە: کە هەوالٚ نیە، بەلاٚم لەو کاتەی نویٚ بیٚ، هەوالەٚ)[1].

فۆرمی بەخشراوە نویێیەکە لە لایەن ناوکەوە دەشیٚ پیێچەوانەیی بیٚ یان پیێچەوانەیی نەبیٚ. سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەوە، پیێچەوانە جەختدەکاتەوە لەسەر (من) و (تۆ):

تو دشیٚ:ی بچی، ئەز دیێمینم.

ناوکی پیێچەوانە دەتوانیٚ جەخت لەسەر گۆڕانی جەمسەرکاری بکا وەك لە:

من نە دبر، تە بر.

ئەز دیێهیێم، نە:هیێی. ؛ (من ڕیێگە نادەم).

---

1 Halliday, M. A. K. (1985). Introduction to functional grammar. P.277.

هەرچۆنێك بێ، زۆر جاران، ئەو ناوکەی پێچەوانەیی نەبێ، بە شێوەیەکی ئاسایی پێشبینی زانیارییێکی نوێی لێ دەکرێ، وەك لەم نموونانەی خوارەوە:

کچا: وی یا جوانە:

خا:نیێ مەزن بوو:

پا:رە دگەل من بوون:

سەرنجی ئەوە بدە، لەکاتی دارشتنی گۆکراوێك لە لایەن قسەکەر بڕیارەکە وا وەرگیراوە، کە توخمەکە توانای هێنانەوەی هەیە یان ناهێنرێتەوە یاد و نزیکە لە پێ شنیازەکەی ق سەکەر. پێشنیازی هەندێ شت دەکا، کە لە توانای ناوکدا نەبێ، وەك:

0 کتێبا–تە کا؟

(3–7) *ئاستەکانی ئاوازە لە کوردیدا*:

بەرچاوترین ئەرکی ئاوازە دەرخستنی ئەرکی زنجیرە گۆکراوەکەیە. ئا یا مەبە ستی ئەو دەربڕاوە هەواڵدانە؟ پرسیارە؟ فەرماندانە؟ .....هتد. هەرچەندە لە دیالێکتی ژووروی ز مانی کوردیدا دەرخستنی ئەرکی تەواوی ڕستەکە تەنیا لە ئەستۆی ئاوازەدا نییە، بەڵکو کەرە سە ناکەرتیەکانی تریش وەك، هێز و نێوان و ....هتد، بەڕێژەی ج یاواز بە شداری دە کەن لە دەرخستنی ئەو ئەرکە، بەڵام ئاوازە ڕۆلی سەرەکی دەبینێ لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە.

لە ئاخاوتنی کوردیدا دەتوانرێ چوار ئاستی ئاوازە دەستنیشان بکرێن: سەرووی بەرز، بەرز، ناوەندی، نزم. ئەم ئاستانەی ئاوازە دەتوانن بە هاوکاری کەرەسە کەرتیەکان، ئەر کەکانی ڕستەی کوردی دەستنیشان بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی، سیستەمی چیناواز لە زمانی کوردیدا پشت بە پێچەوانەیی نێوان بەرزی و نزمی لەرەکە دەبەستێ و دەتوانرێ بە لای کەم چوار چیناوازی سەرەکیی جیابکرێنەوە:

(3–7–1) چیناوازی بەرز: لەرەی بەرز دوودڵی و نادڵنیایی یا سەرسوڕمان دەبەخشێ. لێرەدا بەرزبوونەوەی چیناوازەکە لە ئەنجامی کاردانەوەی بیستنی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو پەیدا دەبێ.

ــ ئای لڤی بلبلێ جان!

ـ پك بابۆ ئەڤە چەندێ كرێتە!

(3-7-2) چیناوازی ئاسایی: ئەم چیناوازە لە نزمی و بەرزیدا بێلایەنە، واتە؛ لە ناوەڕاستە[1]. بواری ئەنجامدانی ئەم چیناوازە دەكەوێتە نێوان تەواو بەرز و زۆر نزم و تا ڕادەیەك بە شێوەیەكی ئاسۆییە، كە تەنیا ئەو كاتە دەتوانرێ ببیسرێ، كە قسەكردنەكە درێژبێ. ئەمە بە زۆری لە ڕستەی زانیاری و هەواڵدان بەكاردێ.

ـ سەگڤانی نێچیرەك گرت.
ـ هۆزانێ سترانەكا خۆش گۆت.

(3-7-3) چیناوازی نزمەبەرز: بواری ئەنجامدانی ئەم چیناوازە دەكەوێتە نێوان نزم و بەرز، بە زۆری لە ڕستەی فەرماندان بەكاردێ.

ـ هەرە، دەرسا خۆ بخینە.
ـ جارەكا دی نەچیە وێرێ.

(3-7-4) چیناوازی بەرزەنزم: ئەم چیناوازە تێكەڵێكە لە نێوان بەرز و نزمەكان، بە تایبەتی نزمەبەرز و بەرزەنزم[2]. ئەم چیناوازە بە پتر لە ڕستەی پرسیاری بەكاردێ. هەندێ جار ئەم چیناوازە دەكەوێتە دوای چیناوازی ئاسایی.

ـ ئەرێ ئەو قوتابی هات؟
ـ بابێ تە ل مالە؟

لە دیالێكتی ژووروی زمانی كوردیدا ڕێژەی بەكارهێنانی چیناوازی نزم بە پلەی یەك، ئینجا چیناوازی ئاسایی و دوای ئەوەش چیناوازی نزمەبەرزەنزم لە ئەوانی تر زۆرترە.
ڕستەی كوردی جگە لە پۆلینكردنی لە ڕووی ڕۆنان و داڕشتنەوە، لە ڕووی ئەركی گەیاندنی واتا و مەبەستیش پۆلین كراوە، وەك پۆلینكردنی لە ڕووی ناوەڕۆك[3]، یان لە هەمان

1 Halliday, M. A. K. (1985). Introduction to functional grammar. P.281.
2 Fattah, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish.P.64.
3 كوردستان موكریانی. (2004). سینتاكسی ڕستەی تێكەڵ. ل60.

ڕووەوە بە ناوی کردە قسەییەکان[1] پۆلینکراوە. (زۆربەی زمانەوانە کوردەکان هەر لە زووەوە ئەم دابەشەیان کردووە و لەم ڕووەوە تەنیا چوار بە ـشیان ـلە ـیەك جیاکردۆ ـتەوە: ڕ ـستەکانی (هەواڵگەیاندن، پرسیار، فەرماندان و سەرسوڕمان)، بەڵام بە زۆری لایەنی داڕشتن و واتایان ـلە یەك جیا نەکردۆتەوە، هەرچەندە لە یەك ترازاندنیان کارێکی ئاسان ن ـیە، ـچونکە دەن ـگەکان هەڵگری واتاکانن و پەیوەندییێکی لە خۆوەی ئەوەندە بە هێزیان پە ـیدا ـکردووە، ـلە ـیەکتر دابڕینیان ئەستەمە)[2]، ئەوەی لەمەش گرنگترە، فەرامۆشکردنی لایەنی ئاوازەی ئەم جۆرە ڕستانەیە، کە لە سەرجەم پۆلینکردنەکانی سەرەوە ئاماژەی پێ نەکراوە.

(ئەوەی گرنگە، بۆ دەستنیشانکردنی هەر ئەرکێکی ڕستە، دەبێ تەواو لە مەبەستی قسەکەر (یا نووسەر) بگەین و بە پێی مەبەستی وردی قسەکەر ئەرکەکە دەستنیشان بکرێ. لە ئاخاوت ـندا هێز و ئاواز و هێما جووڵەییەکانی قسەکەر یارمەتییێکی زۆری قسەکەر دەدەن ـبۆ گەیا ـندنی مەبەستە وردەکەی، بەڵام لە نووسیندا هەوڵدراوە، نیشانەکانی خاڵبەندیی ئەم ڕۆڵە بگێڕن، بۆ ـیە فەرامۆشکردنیان دیاردەیەکی پەسەند نیە)[3].

هێمادارکردن و نووسینی ئاوازە بە هەر وێنەیەك بێ، کوتومت ئامانجەکە ناپێکی و وە ـکو خودی خۆی دەرناچێ، بەڵام هەرچۆنێك بێ بە پێی پرانسیپە باوەکانی تۆمارکردنی ئاوازە، ـلەم بەشەدا هەوڵدراوە ئاستە هەرە سەرەکی و باوەکانی ئاوازە بخرێتە ڕوو[4].

دەربڕاوە جیاوازەکانی زمانی کوردی یەکێ یان پتر لەو چوار ئاستەی ئاوازەی لە ـسەرەوە باسکران دەگرنەخۆ و بە هاوکاری ئەو ئاستانەی ئاوازە واتای جۆراوجۆر لە داڕشتنە ڕێزمانیەکان دێننە بەرهەم.

### (3–8) *ئاوازەی جۆرەکانی ڕستە*:

1 قیس کاکل تۆفیق. (1995). جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان. ل38.

2 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. ل46.

3 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. ل46..

4 ئەگەرچی ژمارەی ئەرکە واتاییەکانی ڕستە لە نێوان زمانەوانە هاوچەرخەکانیش هاویەك نیە، لە نێوان سێ ئەرك و پتر لە دە ئەرکدایە. لەبەر نەبوونی ئامێرەکانی پێوانی دەنگ و تاقیگەییێکی پێشکەوتووی دەنگ، لەم بەشەدا نەتوانرا هەموو بەشەکان زۆر بە وردی باس بکرێن و سەرجەم وردە ـکاریی ـئاوازە ـسادەکان و ئاڵۆزە ـکان بخر ـێنە ڕوو و کاریگەریی کەرەسە ناکەرتیەکانی تر لەسەر ئاوازە دەستنیشان بکرێن، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ، کە لای سەرجەم زمانەوانە دێرین و هاوچەرخەکان تەنیا سێ ئەرکی ڕ ـستەی بنەڕەتی و سەرەکی هەن و ئەوانی تر لاوەکین و دەتوانرێ، لە گەڵ سێ ئەرکە سەرەکیەکە تێکەڵ بکرێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە ئەوەندەی بکرێ وردەکار ـیەکان فەرامۆش نەکرێن و بخرێنە ڕوو.

له خوارەوە ڕۆنانە ڕێزمانیەکانی ڕستە خراونەتە ڕوو و ئا ستی ئاوازەی هەریەک یێکیان دەستنیشانکراوە:

**(3-8-1)** *ئاوازەی ڕستەی هەواڵدان:*

ئاوازە لە ڕستەی هەواڵداندا لە جۆری سێیەمە (چیناوازی ئاسایی) واتە؛ تا ڕادە یەك ئاسۆییە و بەرزی و نزمی لە هەموو جۆرەکانی تر کەمترە. بۆ نموونە:

| ڕستەی هەواڵدان | چیناوازی ڕستەی هەواڵدان |
|---|---|
| 1- ئەز تە دنیاسم. | ____________ |
| 2- نازدار هژیرا دخۆت. | ____________ |
| 3- لاوکۆ پسمامێ ویێیە. | ____________ |
| 4- کوردێن سۆرا و بادینا ئێکن. | ____________ |
| 5- ئەحمەدێ خانی هۆزانڤانەکێ ب ناڤ و دەنگە. | ____________ |

لە کۆتایی سەرجەم ڕستەکان دابەزینێك لە ئاوازەدا هەیە، واتە؛ کۆتاییە کەی دەبێتە چیناوازی یەکەم (چیناوازی نزم) بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕستەی هەواڵداندا چیناوازە ئا سۆییەکە خۆی لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە ئەگەر ئەم نزمبوونەوەیە فەرامۆش بکرێ ئاساییە. تەنیا لە دۆخی وەڵامی پرس یان پێداگرتن و جەختکردنەوەدا پتر هەستی پێ دە کرێ و دابەزینە کە زە قتر دیاردەبێ:

| ڕستەی هەواڵدانی وەڵامی پرس یان جەخت | چیناوازی جەختکردنەوە |
|---|---|
| 1- بەلێ، ئەز چووم بۆ دهۆکێ. | ____________/ |
| 2- ئەو ب خۆ هاتە دەڤ من. | ____________/ |
| 3- وەسایە، هیڤی دۆتماما ویە. | ____________/ |

**(3-8-2)** *ئاوازەی ڕستەی پرسیاری:*

لە ڕستەی پرسیاریدا ئاوازە تێکەڵێکە لە نێوان چیناوازی بەرز و نزم. لە کۆتایی ڕستەی پرسیاریدا ئاوازە نزم دەبێتەوە و چیناوازی نزم بەکاردێ و لە ناوەڕاستی ڕستەکە، واتە؛ لەو وشەیەی قسەکەر دەیەوێ پرسیاری دەربارە بکا، ئاوازە بەرزدەبێتەوە و چیناوازی بەرز بەکاردێ. بەم پێیە، ئەگەر ڕستەکە، ڕستەیەکی یەك وشەیی بوو، یەکسەر چیناوازی بەرزەنزم بەکاردێ، وەك:

| ڕستەی پرسیاری یەك وشەیی | چیناوازی ڕستەکە |
| --- | --- |
| 1- هاتن؟. | □/ |
| 2- بهێین؟. | □/ |
| 3- ناخۆت؟. | □/ |

بەڵام ئەم جۆرە ڕستە یەك وشەییانە لە دیالێکتی ژوورووی زمانی کوردیدا زۆر کەمترن لە دیالێکتی ناوەڕاست، لە کاری تێپەڕدا بە گشتی و لە تێپەڕی ڕابوردوودا بەتایبەتی. بۆیە ئاوازەکە پتر دەبێتە جۆرێکی تێکەڵ لە چیناوازی ئاسایی ئینجا بەرزەنزم. بۆ نموونە:

| ڕستەی پرسیاری | چیناوازی ڕستەکە |
| --- | --- |
| 1- تە نڤیسی؟. | ــــ□/ |
| 2- وە نەدیت؟. | ــــ□/ |
| 3- وان خار؟. | ــــ□/ |

لەگەڵ ئەمانەشدا بە شێوەیەکی گشتی جۆری ئاوازەی ڕستەی پرسیاری چیناوازی بەرزەنزمە، بەتایبەتی ئەوانەی بە ئامرازی پرس (ئایا/ئەرێ) یان ڕاناوی پرس دەستپێدەکەن، وەك:

| ڕستەی پرسیاری | چیناوازی ڕستەکە |
| --- | --- |
| 1- ئەرێ ئەم دێ ئێکودوو بینین؟ | □/ |
| 2- کێ ئەڤ هۆزانە نڤیسیە؟. | □/ |
| 3- کەنگی کۆمارا مهابادێ هاتە دامەزراندن؟. | □/ |

دەتوانرێ لەم جۆرە ڕستانەدا، جگە لە وشەی پرسەکان (ئامراز بێ، ڕاناو ...هتد) و ناوکی ڕستە پرسیاریەکە، ئاوازی وشەکانی تر لە جۆری ئاسایی دابنرێن. واتە؛ دەتوانرێ، لە ڕستەی (1-)ی سەرەوەدا چیناوازی هەردوو وشەی (ئەم ئێکودوو) بە ئاسایی دابنرێن و بە هەمان شێوە وشەکانی (ئەڤ هۆزانە) لە ڕستەی دووەم، بەمەرجێ ئەم وشانە نەبنە ناوکی ڕستەکە.

**(3-8-3)** *ئاوازەی ڕستەی فەرماندان*:

ئەرکی فەرماندان لە ڕستەدا جۆری ڕاستەوخۆ (بەهێز) و ناڕاستەوخۆ (بێهێز)ی هەیە، کە یەکەمیان تەنیا ئاڕاستەی کەسی دووەم دەکرێ، چ تاك بێ، چ کۆ. جۆری دووەمیان ئاڕاستەی هەموو کەسەکان دەکرێ. ئاوازە لە ڕستەی فەرماندانادا جۆری چیناوازی نزمەبەرزە. وەك لەم نموونانە دەردەکەوێ:

| ڕستەی فەرماندان | چیناوازی ڕستەکە |
|---|---|
| 1- پیچەکا ئاڤێ بینە. | □/ |
| 2- هەڕە ویرێ. | □/ |
| 3- ڤی شۆلی نەکەن. | □/ |

جۆری دووەمی فەرماندان بە چەندین شێوە و چەندین ئاوازە ئەنجام دەدرێ. دەشێ لە شێوەی پرسیار بێ، بەتایبەتی لە شێوەی نەرێ. هەمان ئاوازەی ڕستەی پرسیاریی دەبێ. جیاوازی ئەم جۆرە ڕستانە لەگەڵ ڕستەی پرسیاری لە ئاوازەدا نیە، بەڵکو لەوەدایە، لەم جۆرە ڕستانەدا قسەکەر چاوەڕێی وەڵامێکی زارەکی ناکا، بەڵکو چاوەڕێی ئەنجامدانێکی کارەکیە، ئەمەش پێچەوانەی ڕستەی پرسیاریە، کە چاوەڕێی وەڵامە. بۆنموونە:

| ڕستەی فەرماندانی ناڕاستەوخۆ (بێهێز) | چیناوازی ڕستەکە |
|---|---|
| 1- تو ڤی شۆلی بو من ناکەی؟. | /□ |
| 2- چایەکا شرین ناڤەخۆی؟. | /□ |
| 3- جلکێن خو ناگوهڕی؟. | /□ |

هەندێ جاریش فەرماندانی ناڕاستەوخۆ، بە بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی کۆمەڵایەتی لە پێش ڕستەکەی فەرماندان بەکاردێ، لێرەدا دەتوانرێ دەستەواژەکە بە چیناوازی ئاسایی دەستنیشان بکرێ و ڕستە فەرماندانەکە بە چیناوازی نزمەبەرز دەستنیشان بکرێ. وەك:

| ڕستەی فەرماندانی ناڕاستەوخۆ (بێهێز) | چیناوازی ڕستەکە |
| --- | --- |
| 1- هەکە زەحمەت نەبیت، کاغەزەکێ بو من بنڤیسە. | --/□ |
| 2- ژ دەستوورا یا تە، دێ ڕینمەخارێ. | --/□ |
| 3- ئەزیەت نەبیت، ناڤێ خۆ بێژە. | --/□ |

(4-8-3) *ئاوازەی ڕستەی سەرسوڕمان*:

ئاوازی ڕستەی سەرسوڕمان لە جۆری چیناوازی بەرزە. لە ئەنجامی هەستدەربڕینێکی کوتوپڕی قسەکەر بە هۆی هاتنە ئارای شتێکی چاوەڕواننەکراو پەیدا دەبێ. وەك لەم نموونانەدا دەرەکەوێ، هەستانی ئاوازەکە لە سەرەتای ڕسەکەوەیە:

| ڕستەی سەرسوڕمان | چیناوازی ڕستەکە |
| --- | --- |
| 1- پك! ئەڤرۆ چەند گەرمە!. | □ |
| 2- ئای! چەندا/ێ جانە!. | □ |
| 3- وەی بابۆ! ئەڤە چ مەزناهییە!. | □ |

لە هەندێ ڕستەدا ئاوازەی سەرسوڕمان و پرسیاری تێکەڵدەبێ، لەو کاتانەدا کە هەستدەربڕینەکە لە شێوەی پرسیاری دەبێ، وەك:

| ڕستەی سەرسوڕمان لە شێوەی پرسیاری | چیناوازی ڕستەکە |
| --- | --- |
| 1- پك! ئەڤە چیە؟!. | □ —□/ |
| 2- ئای! ئەوژی هاتیە؟!. | □ —□/ |
| 3- تو خودێ! تو کوڕێ ئازادی؟!. | □ —□/ |

# ((بەشی چوارەم))

کەرەسە ناکەرتیەکان و لێڵی– Ambiguity □ Suprasegmental .

نێوان و لێڵواتایی

هێز و لێڵواتایی

ئاوازە و لێڵواتایی

هێز و ئاوازە و لێڵواتایی

# بەشی چوارەم

## (4) لێڵی و کەرەسە ناکەرتیەکان

(لێڵی لە زمانا ئەوەیە دەربڕینێك زیاتر لە مانایەك ببەخشێ)[1]. واتە؛ زۆرجار دەشێ(وشەیەك یان ڕستەیەك پتر لە واتایەك ببەخشێ)[2]، بەم شێوەیە لێڵواتایی (ڕەنگە لە وشەیەك بێ یان لە شێوەی دارشتنی ڕستەیەکەوە بێ)[3]. بە کورتی (ئەگەر ڕستەیەك یان گرێیەك پتر لە لێکدانەوەیەکی هەبوو، ئەو ڕستەیە یان لاڕستەیە یان وشەیە لێڵواتایی هەیە)[4]. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، کە ئەو دەربڕینانەی لێڵواتاییان هەیە، پەسەند نین. زۆرجار مرۆڤ بە ئەنقەست دەربڕینی لێڵواتا بەکاردێنی[5]، چونکە (زۆر دەربڕینی پەسەند دەشێ لێڵواتا بن، چونکە دەتوانرێ بە دوو واتا

1 وریا عمر امین. (1995). لێڵی لە زمانی کوردیدا. ل66.

2 Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. P.21.

3 Trask, R. L. (1993). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics.P.13.

4 Horsey, K. (2001). 101 Key Ideas: Linguistic. P.7.

5 بۆنموونە، (بڕوانە دیوانەکانی مەلای جزیری و نالی) زۆربەی شیعرەکانیان بە پتر لە شێوەیەك لێك دەدرێنەوە.

یان پتر لێکبدرێنەوە)[1]. هەموو ڕستەکان لە نووسیندا بەبێ کەرەسە ناکەرتیەکان لێڵواتان، تەنانەت هەموو ڕستەیەك لە ڕەوتی ئاخاوتن(سیاق الكلام) دەربهێنرێ، بەبێ کەرە ـسەناکەرتیەکان ـناتوانێ پەیامی تەواوی خۆی بگەیێنێ، هەروەها ( وشە هەیە لە نووسیندا لێڵە ... بە بیستن لـ ـێڵیەکەی دەرەویێتەوە)[2].

نەبوونی کەرەسەناکەرتیەکان بە شێوەیەکی گشتی تێکڕا دەبنەهۆی دروستکردنی لێڵی لە دەربڕینەکان، بەڵام دەتوانرێ ئەرکی بوون و نەبوونی زۆربەی کەرەسە ناکەرتیەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دەستنیشانبکرێ لە دروستکردنی لێڵواتایی، وەك:

**(1-4)** ***نێوان و لێڵواتایی***:

نێوان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە لادانی لێڵواتایی لەسەر ڕستەکاندا، بەتایبەتی ئە ـگەر دوو کەرەسە ڕۆلیان هەبێ لە کاراکردنی ڕستەیەکدا، دەتوانرێ بە دانانی نێوان، ئەم دوو کەرە ـسەیە لەیەك جیابکرێنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کاراکردنە. بۆ نموونە:

د ڤان تڕومپێلادا ژنك و زەلامێن پیر هەبوون.

د ڤان تڕومپێلادا ژنك و/ زەلامێن پیر/ هەبوون.
لەم نموونەیەدا تەنیا پیاوەکان پیرن.

د ڤان تڕومپێلادا/ ژنك و زەلامێن پیر/ هەبوون.
لەم نموونەیەدا ژن و پیاوەکان پیرن.

هەر ئێك ژ وان دوو گرووپا دوو کارێن هونەری دزانن.

هەر ئێك/ ژ وان دوو گرووپا/ دوو کارێن هونەری دزانن.
لەم نموونەیەدا تەنیا یەك گرووپ کاری هونەری دەزانێ.

هەر ئێك ژ وان دوو گرووپا/ دوو کارێن هونەری دزانن.
لەم نموونەیەدا هەردوو گرووپەکە کاری هونەری دەزانن.

---

1 Lyons, J. (1977). Semantics. P.396.

2 وریا عمر امین. (1995). لێڵی لە زمانی کوردیدا. ل67.

هەر قوتابیەك ژ ڤێ كۆما قوتابیا ب وانەیەكێ یێ كەفتی.

هەر قوتابیەك/ ژ ڤێ كۆما قوتابیا/ ب وانەیەكێ یێ كەفتی.
لەم نموونەیەدا تەنیا یەك قوتابی لە یەك وانە كەوتووە.

هەر قوتابیەك ژ ڤێ كۆما قوتابیا/ ب وانەیەكێ یێ كەفتی.
لەم نموونەیەدا هەموو قوتابیەكان لە یەك وانە كەوتوون.

لەم نموونانەدا كەرەسە ناكەرتیەكانی تریش بە تایبەتی هێز و ئاوازە بە ڕێژەی جیاواز ڕۆڵی خۆیان دەبینن، بەڵام ڕۆڵی سەرەكی بۆ هاتنە ئارا و نەمانی لێڵواتایی دەگەڕێتەوە بۆ لادان و دانانی نێوان.

هەندێ جار بوون و نەبوونی نێوان كوتومت واتای ڕستەكە پێچەوانە دەكاتەوە. بۆ نموونە:

نەهێی دێ تە كوژم.

نەهێی دێ تە كوژم.
ئەگەر تۆ نەیەی دەتكوژم. (واتە؛ دەبێ بێی)

نەهێی/ دێ تە كوژم.
نەیەی، ئەگەر بێی دەتكوژم. (واتە؛ نابێ بێی)

لەم نموونەی سەرەوەدا ڕۆڵی هێز زیاترە لە ئاوازە بۆ لادانی لێڵواتاییەكە.

ئەگەرچی بە هۆی دانان و دانەنانی نێوان لێڵواتاییەكە كاڵ دەكاتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا (هۆی ئەم لێڵیە ئەوەیە، ئەم ڕستەیە دوو بنجی هەیە: جارێ وەك ڕستەیێكی (نهی) دا خوازی و جارێ وەك ڕستەیێكی مەرجی، بە پێی یاسایێكی گوێزانەوە ئامرازی (ئەگەر)ی لێ لابراوە.)[1].

ئەگەر قسەكەرێك شارەزایی لە بەكارهێنانی نێوان نەبێ، ڕەنگە لێڵواتاییەك لای گوێگرەكەی پەیدا بكا، وەك لەم نموونانەدا دەردەكەوێ:

1 وریا عمر امین. (1995). لێڵی لە زمانی كوردیدا. ل69.

- ئەو کچە بە□نازە. (کچەکە ناز دەکا).
- ئەو کچە بەنازە. (کچەکە ناوی بەنازە).

هەروەك لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەو لێڵییەی بە هۆی (نێوان)ەوە لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دروست دەبێ، لە دیالێکتی ژووروودا بەم شێوەیە نییە و زۆربەی کەرەسە ناکەرتیەکان کەمتر دەبنە هۆی لێڵواتایی. بۆ نموونە لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ئەگەرچی لە دیالێکتی ناوەڕاست جۆرە لێڵواتاییەك دروست دەبێ، بەڵام شێوەی داڕشتنی ڕستەی یەکەم لە دیالێکتی ژووروودا جیا دەبێتەوە لە شێوەی داڕشتنی ڕستەی دووەم، بە هۆی ئەوەی (بە)ی ئامرازی پەیوەندیی لە دیالێکتی ژووروودا دەبێتە (ب) و ڕستەکان بەم شێوەیە دەگۆڕێن:

- ئەو کچ ب نازە. (کچەکە ناز دەکا).
- ئەو کچ بەنازە. (کچەکە ناوی بەنازە).

لەم نموونەیەی خوارەوەدا نەك تەنیا شێوەی داڕشتنی ڕستەکە لە دیالێکتی ژوورروو جیاوازە، بەڵکو شێوەی دەربڕینی وشەی (جوان)یش لە ڕستەی یەکەم و دووەم جیاوازە.

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژوورروو |
|---|---|
| – ئەو کچە / جوانە. (ئاوەڵناوە). | – ئەو کچ / یا جانە. (ئاوەڵناوە). |
| – ئەو کچە / جوانە. (ناوە). | – ئەو کچ / جوانە. (ناوە). |

زۆرجار لە نووسیندا وێرگوڵ (کۆما) لەبری نێوان دادەنرێ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو جیاوازییەی لەم بارەیەوە نووسین لەگەڵ گۆکردنیدا هەیە. لێرەدا دوو جۆری نێوان پێشبینی دەکرێن: نێوانی ڕستەیی و نێوانی وشەیی. وێرگوڵ لە نێوانی وشەیی دەرناکەوێ.

(**2-4**) ***<u>هێز و لێڵواتایی</u>***:

هێز ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە لادانی تەمومژ و لێڵواتایی لەسەر واتای وشە و ڕستەکان. بە شێوەیەکی گشتی لێڵواتایی ((دوو جۆری لێ دەستنیشانکراوە. 1- لێڵی مۆرفۆلۆجی. 2- لێڵی سینتاکسی. لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئەوەیە وشەیێك یا مۆرفیمێك (بە تەنیا) ببیسرێ یا

بخوێنرێتەوە، گوێگر یا خوێنەر بە زیاتر لە مانایێك تێی بگا))[1]. بۆ نموونە لە چاوگە فرە بڕگەییەكاندا ئەگەر هێز لەسەر دوابڕگەبێ، واتای چاوگ دەدا و وەك ناوێك ڕەفتار دەكا، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەكانی پێشتر بێ، واتای ڕستەیەكی گەردانكراو دەدا بۆ كەسی دووەم و سێیەمی كۆ:

كەنین ← كەنین بۆ دلی یا باشە.

كەنین ← هین كەنین[2].

نڤیسین ← نڤیسین داهێنانەكا مەزنە د دیرۆكا مرۆڤایەتییێدا.

نڤیسین ← ئەڤ سال دەستورێ هەرێما كوردستانێ دنڤیسین.

بەڵام لێڵی لە ڕستەدا، بە پێی گۆڕینی هێز لە سەر مۆرفیمە سادەكان، واتای ڕستەكان دەگۆڕێ و نەبوونی ئەو هێزە بەتایبەتی لە نووسیندا دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵواتایی. وەك:

ئەڤ كانیە تژی بوو. ← ئەڤ كانیە تژی بوو'. (ئێستا پڕ بوو، پێشتر پڕ نەبوو).

ئەڤ كانیە تژی بوو. ← ئەڤ كانیە تژی' بوو. (پێشان پڕ بوو، ئێستا پڕ نیە).

جێگەی سەرنجە، ڕێژەی بوونی لێڵواتایی بە هۆی كەرەسە ناكەرتییەكان لە دیالێكتی سەرووی زمانی كوردیدا، تا ڕادەیەك كەمترە لە دیالێكتی ناوەڕاستی زمانی كوردییدا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆ:

1- دەستەی ڕاناوە كەسیەكانی خاوەنی (من، تە، و[ی/ێ]، مە، وە، وان) شێوەی سەربەخۆن و لكاو نین.

2- بوونی چەند مۆرفیمێكی تایبەت بە هەریەك لە ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ.

---

1 وریا عمر امین. (1995). لێڵی لە زمانی كوردیدا. ل66.

2 هەمان سەرچاوە. ل67.

3ـ ڕاناوە کەسیەکانی ڕێککەوتن ڕۆڵی ئاشکراتر دەبینن، چونکە ڕاناوی کەسی لکاوی تر ـــنین، تاکو لێڵۆاتاییبیان لەگەڵ دروست بکا.

بۆ نموونە، بەراوردی ئەم دوو ڕستانەی دیالێکتی ناوەڕاست و باکوور بکە:

نموونەی یەکەم: لە دیالێکتی ناوەڕاستدا:

**برایەتی**[1].

برایە'تی. (ناوی واتایی: ڕۆژنامەی برایەتی لە هەولێر دەردەچێ)

برا'یەتی. (ڕستە: ئەو برای ئەوە).

لە دیالێکتی ژووروودا:

**برایەتی**.

برایەتی'. (ناوی واتایی: ڕۆژناما برایەتی ل هەولێرێ دەردکەڤیت)

ئەم فۆرمە نیە. (ئەو برایێ ویە [بۆ نێر] یان وێیە [بۆ مێ])

نموونەی دووەم: لە دیالێکتی ناوەڕاست:

**پێم دەشکێ**[2].

پێ'ـم دەشکێ.
قاچم دەشکێ.

پێم دە'شکێ.
من دەتوانم بیشکێنم.

لە دیالێکتی ژووروودا:

**پێم دەشکێ**.

ئەم فۆرمە لە دیالێکتی ژووروودا نیە

1 وریا عمر امین. (1995). لێڵی لە زمانی کوردیدا. ل67.

2 وریا عمر امین. (1995). لێڵی لە زمانی کوردیدا. ل68.

پێـ'ـم دەشکێ. (ناوەڕاست)
پێیێ من دشکێت.
(ژووروو)

پێم دە'شکێ. (ناوەڕاست)
ئەز دشێم بشکینم. (ژووروو)

(**3-4**) ***ئاوازە و لێڵواتایی***:

ئاوازە لە کەرەسە ناکەرتیەکانی تر پتر ڕۆڵی نەهێشتنی لێڵواتایی دەبـینێ، بەتایـبەتی ـلە ڕستەدا. بۆ نموونە هەموو ڕستەیەك بێ ئاوازە لێڵواتایە. بۆ نموونە ڕستەیەکی وەکو:

(ئەڤ زارۆکە دێچیتە قوتابخانێ)

ئەگەر ئەم ڕستەیەی سەرەوە هیچ ئاوازەیەکی نەبێ، بەر لە هەموو شتێك ڕەنگە نەتوانرێ ـبەبێ هیچ ئاوازەیەك گۆبکرێ، دوای ئەمەش ئەگەر توانرا گۆبکرێ، گوێگر نازانێ مەبەستی ـتەواوی قسەکەر چیە؟ ئایا مەبەستی هەواڵدانە؟، پرسیارە؟، یان سەرسوڕمانە؟. بۆیە هەوڵدراوە، تەنانەت لە نووسیندا هێمایەك بۆ جۆری ئاوازەی ڕستەکان دابنێن. واتە؛ هێمای (**0**) ئاماژەکردنە بۆ ڕستەی هەواڵدان، هێمای (؟) ئاماژەکردنە بۆ ڕستەی پرسیار و هێمای (!) ئاماژەکردـنە ـبۆ ڕ ـستەی سەرسوڕمان. بەم پێیە ئەم ڕستەیەی سەرەوە پتر لە واتایەك دەگەیێنێ:

ئەڤ زارۆکە دێچیتە قوتابخانێ. (ڕستەی هەواڵدانە).
ئەڤ زارۆکە دێچیتە قوتابخانێ ؟ (ڕستەی پرسیارە).
ئەڤ زارۆکە دێچیتە قوتابخانێ! (ڕستەی سەرسورمانە).

بەزۆری لادانی لێڵواتایی تەنیا بە کەرەسەیەکی ناکەرتی ناکرێ، بەڵکو پتر لە کەرەسەیەك بە هەماهەنگی ڕۆڵ دەبینن لە لادانی لێڵواتایی. جگە لەمەش لێڵواتایی پتر لە ئاستی ڕستەدا هەیە و لە ئاستی وشەدا کەمترە، ((لە زۆر باردا، لە گفتوگۆدا سنووری کۆمەڵەیەك هەمبەرە بۆ ـسنووری ڕستەیەك. دیسان بۆ ئەڵقەبەندیی نێوان سنووری یەکەی ـئاوازە و یەکەڕ ـێزمانییەکان ـئەوە مەیلێکی توند هەیە بۆ دەرکەوتنی سنووری یەکەی ئاوازە لە سنوورەکانی نـێوان ـئەو یە ـکە ڕێزمانییانەی کە ڕێژەیەکی بەرزتریان هەیە (واتە ڕستەکان) زیاتر لەوەی ـکە ـلە و ـشەکاندا دەرکەوێ. تەنانەت شتێکی زۆر بڵاوە لە سنووری ڕستەیەکدا، سنووری یەکەی ئاوازە ببینرێت.

کەچی زۆر نائاساییە کەوا سنووری یەکەی ئاوازە لە شوێنێك دەرکەوێ کە تەنها سنووری ڕێزمانی لە نێوان وشەکاندا هەبێ؛ چونکە ویڕای ئەمانە وەستانیش هەیە بەتایبەتی لە کۆتایی قسە و ڕستە، لەم بارەدا شوێنی دانانی سنووری یەکەی ئاوازە ئەو کاتە دەتوانێ ئاماژە بۆ ڕۆنانە ڕێزمانییەکان بکات و دیاری بکرێ بە لایەنی گوێگرەوە. وەك لەم نموونانەدا:

(**1**) زەلام، هەرچار هاتن.

(**2**) زەلام هەر، چار هاتن.))[1].

هەندێ جار ئاوازەش لێڵواتایی هەندێ ڕستە لانادا، بە تایبەتی ئەگەر هەمان ڕستە دوو واتا بگەیێنێ، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕەوتی ئاخاوتن و بە پێی هەڵوێستی قسەکەر تا ڕادە یەك لێڵییان کەمتر دەبێ. بۆ نموونە:

چتکەن؟! (= چ دکەن؟!).

چتکەن؟!.

چۆنن؟!. (ڕستەی کۆمەڵایەتیە)

لەم جۆرە ڕستەدا قسەکەر کەمتر بایەخ بە وەڵام نادا. واتە؛ مەبەستی سڵاوکردنە، نەك زانینی باری تەندروستی.

چتکەن؟.

ئایا ئێوە چی دەکەن؟. (ڕستەی پرسیارە)

لەم جۆرە ڕستەدا قسەکەر پتر بایەخ وەڵام دەدا. مەبەستی ئەوەیە بزانێ، کە ئەوان چی دەکەن.

بابێ تە یێ چاوایە؟!

بابێ تە یێ چاوایە؟!.

باوکت چۆنە؟!. (ڕستەی کۆمەڵایەتیە)

لەم جۆرە ڕستانەدا قسەکەر کەمتر بایەخ بە وەڵام

بابێ تە یێ چاوایە؟.

باوکت چۆنە؟. (ڕستەی پرسیارە)

لەم جۆرە ڕستانەدا قسەکەر چاوەڕێی وەڵام دەکا.

---

1 رەحمان اسماعیل حسن کانەبی.(**1998**). پەیڕەوی فۆنێمە ناکەرتییەکان لە کوردی دا. ل**135**.

دەدا. مەبەشتی ئەوەیە بڵێ: (سەلام لە باوکت بکە، مەبەستی ئەوەیە باری تەندروستی باوکی بزانێ.واتە؛ یان هەواڵی باوکت بپرسە.) (باوکت تەندروستی باش نەبوو، ئێستا چۆنە؟.)

### (4-4) *هێز و ئاوازە و لێڵواتایی*:

ئەو لێڵواتاییانەی بە هۆی نەبوونی کەرەسەناکەرتیەکان دێنە ئارا، کەمتر ـنەبوونی ـتەنیا کەرەسەیەك ئەم دیاردەیە دروستی دەکات، بە زۆری پتر ـلە کەرە ـسەیەکی نا ـکەرتی تیا ـیدا بەشداری دەکەن، بەتایبەتی بەشداریکردنی هێز و ئاوازە ـلە نەبوونیا ـندا لـ ـێڵواتایی زۆر ـتر دروستدەبێ. بۆ نموونە، لە ڕستەیەکی وەکو (ئەو دهۆکیە) چەند واتایەك بە پێی ئاوازی ڕستەکە و کەوتگەی هێزی سەرەکیی ڕستە لەخۆ دەگرێ. وەك:

| | | |
|---|---|---|
| ئەو دهۆکیە.(هەواڵدان) | ئەو دهۆکیە؟ (پرسیار) | ئەو دهۆکیە! (سەرسوڕمان) |
| ئەوˈ دهۆکیە. | ئەوˈ دهۆکیە؟ | ئەوˈ دهۆکیە! |
| ئەو دهۆکیەˈ. | ئەو دهۆکیەˈ؟ | ئەو دهۆکیەˈ! |

لە هەر یەکێ لە جۆرەکانی ڕستەکانی سەرەوە، (هەواڵدان)، (پرسیار) و (سەرسوڕمان) بە لای کەمەوە دوو ئەگەر هەیە، یەکەمیان: جەخت لەسەر کەسەکە (ئەو) دەکاتەوە و دووەم ـیان: جەخت لەسەر شوێنەکە (دهۆك) دەکاتەوە. کەواتە، دەتوانرێ شەش واتای جیاواز بە پێی جۆری ئاوازەکە و شوێنی هێزەکە لەو ڕستە دوو وشەیە بەدیبکرێ. بەم پێیە تاکو ژ ـمارەی و ـشەکانی ڕستەیەك زۆرتر بن ئەگەری زۆربوونی ژمارەی لێڵواتاییەکان زۆرتر دەبێ. ـبۆ نموو ـنە ئە ـگەر ڕستەکە بکەین بە سێ وشە، بۆ هەر ئاوازەیەك سێ کەوتگەی هێز دروستدەبن و بەم پێیە ئەگەری لێڵواتاییەکان دەبن بە نۆ ئەگەر. وەك:

| | | |
|---|---|---|
| ئەو دهۆکیە.(هەواڵدان) | ئەو دهۆکیە؟ (پرسیار) | ئەو دهۆکیە! (سەرسوڕمان) |
| ئەوˈ پارێزگارێ دهۆکێیە. | ئەوˈ پارێزگارێ دهۆکێیە؟ | ئەوˈ پارێزگارێ دهۆکێیە؟ |
| ئەو پارێزگاˈرێ دهۆکێیە. | ئەو پارێزگاˈرێ دهۆکێیە؟ | ئەو پارێزگاˈرێ دهۆکێیە؟ |
| ئەو پارێزگارێ دهۆˈکێیە. | ئەو پارێزگارێ دهۆˈکێیە؟ | ئەو پارێزگارێ دهۆˈکێیە؟ |

تەنانەت دەتوانرێ بە یاسایەکی ماتماتیکی ژمارەی ئەگەرەکانی لـێڵواتایی ــبەم شـێوەیە دەربهێنرێن:

ژمارەی ئەگەرەکانی لێڵواتایی = ژمارەی جۆرەکانی ئاوازە (ئەرکەکانی ڕستە) × ژمارەی وشەکان

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، سێ ئەرکی ڕستەمان هەیە، بە پێی جۆری ئاوازەکان: (هەواڵدان، پرسیار و سەرسوڕمان). لە ڕستەکەشدا سێ وشەمان هەیە: (ئەو، پارێزگار و دهۆك). کەواتە، لە ئەنجامدا دەبینە خاوەنی نۆ ئەگەری لێڵواتایی.

لەم یاسایەدا پێویستە، ڕەچاوی ئەوە بکرێ، ئامرازەکان ــبە وـشە دانانرـێن و هـێز وەرناگرن.

## ((ئەنجامەکان))

(1) کەرەسەناکەرتیەکان، کەرەسەی لاوەکی نین و وەکو کەرەسەکەرتیەکانی زـمان بایەخدارن بۆ گەیاندنی پەیامی قسەکەر. کەرەسە کەرتـیەکان و ناکەرتـیەکان هاوکات بەیەکەوە مەبەستی ئاخاوتنەکان دەگەیێنن.

(2) هەر یەکە لە کەرەسەناکەرتیەکان، لە هێز، ئاوازە، نێوان، لەرە، ڕۆڵ و باـیەخی تایبەتی خۆیان هەیە لە زماندا، بەڵام تێکڕای ڕێژەی بەکارهـێنانی هەندـێکیان پترە، وەك هێز و ئاوازە.

(3) بڕگە کەوتگەی هێزە، وشە لە بڕگەیەك یان پتر پێکهاتووە، ڕستەش لە وشەیەك یان پتر پێکهاتووە، ڕێژەی هێزیش لەسەر وـشەکاندا جـیاوازە: (ـسەرەکی، لاوەکی و بێهێز). ئەم جیاوازی ڕێژەیەش هێزی ڕستە دروست دەکات، ــبەڵام سەرچاوە کوردیەکان لەسەر پۆلینکردنی جۆر و ژمارەی بڕگەکان هاوڕێك نین،

به تایبەتی بە هۆی دانان و دانەنانی هەمزە (ئـ) و بزرۆکە (i) بە فۆنێم.

(4) بە شێوەیەکی گشتی تاڕادەیەك هێز لە زمانی کوردی هاوشێوەیە لە گەڵ هێز لە زمانی ئینگلیزیدا، تەنیا لە هەندێ کەوتگەی هێز ــنەبێ، ــبۆ نموو ــنە وە ــکو، کەوتگەی هێز لە ناودا لە سەر بڕگەی کۆتایی وشەیە و ــلە ئینگلیز ــیدا ــبە پێچەوانە لە بڕگەی سەرەتایە. لە کاردا دیسان کەوت ــگەی ه ــێز پێ ــچەوانەی یەکترن، لە کوردیدا هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە و لە ئینگلیزیدا زۆربەی هێز لە سەر بڕگەی کۆتایی کارەکەیە.

(5) لە بڕگەسازی کلاسیکی کوردیدا دەنگی هەمزە (ئـ) بە فۆنێم دادەنرا و ئێستاش هەندێ زمانەوان بە فۆنیێمی دادەنێن، بەڵام ئێستا زۆربەیان بە فۆنیێمی داناn ــێن. دەنگی هەمزە (ئـ) وەکو دیاردەیەکی فۆنەتیکی دەکەوێتە سەرەتای ئەو بڕگانەی بە بزوێن دەستپێدەکەن، ئەگەر وەکو زمانەکانی تر لە کوردیـ ـشدا ــبە فۆنـ ــێم دانەنرێ، لە زمانی کوردیشدا بڕگە هەیە بە بزوێن دەستپێبکا و بڕگەش هەیە لە تاکە بزوێنێك پێکهاتبێ.

(6) ڕایەك تر هەیە کە دەڵێ: دەنگی بزرۆکە (i) وە ــکو دیاردە ــیەکی فۆ ــنەتیکی دەکەوێتە نێوان دوو دەنگی نەبزوێن و سەرجەم مەرجەکانی فۆنیێمی بە ــسەردا ناسەپێ، ئەگەر وەکو زمانەکانی تر لە کوردیشدا بە فۆنێم دانەنرێ، ــلە ز ــمانی کوردیشدا بڕگە هەیە بە بێ بزوێن و بڕگەی هیـ ـشوە کۆنـ ــسونانتیش هە ــیە، تەنانەت بڕگەش هەیە لە یەك فۆنیێمی نەبزوێن پێکهاتبێ.

(7) لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا وەکو دیالێکتی ناوەڕاست، ئەگەر وشەکە پتر لە بڕگەیەك بوو، بە زۆری لە ناوەکاندا هێز لەسەر بڕگەی کۆتایـ ــیە و ــلە کارەکاندا لەسەر بڕگەی یەکەمە.

(8) لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا وەکو دیالێکتی ناوەڕا ــست، ــبە زۆری گیرەکە ناڕێزمانیەکان (Derivationals) هێزی سەرەکی ڕاناکێشن و گیرە ــکە ڕێزمانیەکان (Inflectionals) هێزی سەرەکی بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

(9) ئەگەر کەرەسە ناکەرتیەکان بەتایبەتی هێز و ئاوازە و نێوان بە شێوەیەکی ڕاست لە شوێنی خۆیان بەکار نەهێنرێن، دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵواتایی.

(10) ڕێژەی دروستبوونی لێڵۆاتایی لە دیالێکتی ژووررووی زمانی کوردیدا کەمترە لە دیالێکتی ناوەڕاست، کەمی ئەو ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆ:

1- دەستەی ڕاناوە کەسیەکانی خاوەنی (من، تە، و[ی/ێ]، مە، وە، وان) شێوەی سەربەخۆن و لکاو نین.

2- بوونی چەند مۆرفیمێکی تایبەت بە هەریەك لە ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ.

3- ڕاناوە کەسیەکانی ڕێککەوتن ڕۆلی ئاشکراتر دەبینن، چونکە ڕاناوی کەسی لکاوی تر نین، تاکو لێڵۆاتاییان لەگەڵ دروست بکا.

(11) لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا:

ژمارەی ئەگەرەکانی لێڵۆاتایی = ژمارەی جۆرەکانی ئاوازە (ئەرکەکانی ڕستە) × ژمارەی وشەکان.

مەبەست لە  ژمارەی جۆرەکانی ئاوازە (ئەرکەکانی ڕستە) ڕستەی هەواڵدان، پرسیاری و سەرسوڕمان و ....ئەوانی ترە و مەبەست لە ژمارەی وشەکانیش ئەوەیە، ڕستەکە لە چەند وشە پێکهاتووە. بەم پێیە ئەگەر ڕستەیە بە پێی گۆڕینی ئاوازە بتوانێ سێ ئەرك ئەنجام بدا و ژمارەی وشەکانی چوار وشە بن، ئەوا دوانزە ئەگەری لێڵۆاتای لێ بەدی دەکرێ.

لەم یاسایەدا ئامرازەکان بە وشە دانانرێن و هێز وەرناگرن.

## ((سەرچاوەکان))


1- ابراهيم أنيس. (1975). **الأصوات اللغوية**. مكتبة الأنجلو المصرية.

2- أحمد مختار عمر. (1976). **دراسة الصوت اللغوي**. قاهرة.

3- ئەورەحمانی حاجی مارف. (1976). زمانی کوردیی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا.

5- ===========. (2004). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. سلێمانی.

7- ئیرنست مەکارەس. (1987). ڕستەسازی. وەرگێڕانی محمد معروف فتاح. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە-115. بەغدا.

8- تالیب حوسێن عەلی. (2005). فەرهەنگی زاراوەی دەنگسازی. هەولێر.

9- جلوريا ج. بوردن ، كاثرين س. هارس و لورانس ج. رافائيل. (1998). **أساسيات علم الكلام**. ترجمة محيي الدين حميدي. سوريا.

10- ڕەحمان اسماعیل حسن کانەبی. (1998). پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردی دا. . نامەی دکتۆرا. بەشی کوردی  کۆلێجی پەروەردە  زانکۆی بەغدا.

11- سەلام ناوخۆش. (2002). فەرهەنگی ئۆکسفۆرد. هەولێر.

12- صباح رشيد قادر. (2000). هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا. نامەی ماجستێر. بەشی کوردی – کۆلێجی زمان □ زانکۆی سلێمانی.

13- عبدالرحمن أيوب. (1989). **تحليل عملية التكلم و بعض نتائجة التطبيقية**. مجلة عالم الفكر. المجلد العشرون. العدد الثالث. الكويت.

14- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (1995). مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. بەشی کوردی □ کۆلێجی پەروەردە □ زانکۆی بەغدا.

15- ========== و عەبدولوەهاب خالید موسا. (2004). وشەی سفر و مۆرفیمی سفر. گۆڤاری زانکۆی دهۆك-هەولێر. پەربەندا 7. هژمارا 1. تیرمەه – تەمووز.

16- ==========. (2004). چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی دهۆك-هەولێر. پەربەندا 7. هژمارا 1. تیرمەه – تەمووز.

17- ============. (2004). ئایا زمانەوانی زانستێکی سروشتیە یان ویژەییە؟. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر. ژمارە 22. ئاب.

18- ============. (2006).پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. چاپی دووەم. هەولێر.

19- غازی فاتح وەیس. (1984). فۆنەتیك. هەولێر.

20- فتاح مامە علی. (1989). هاودەنگ لە زمانی کوردیدا. نامەی ماجستێر. بەشی کوردی □ کۆلێجی ئاداب □ زانکۆی سەلاحەددین.

21- قیس کاکل تۆفیق. (1995). جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان. نامەی ماجستێر. بەشی کوردی. کۆلێجی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

22- كمال بشر. (2000). **علم الأصوات**. القاهرة.

23- ====. (2003). **فن الكلام**. القاهرة.

24- کوردستان موکریانی. (2004). سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

25- محەمەد ئەمین هەورامانی. (1974). سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی. بەغدا.

26- ==========. (1974). فۆنەتیکی زمانی کوردی. بەغدا.

27- محمد حسن بناڤی. (1986). هێز د کرمانجی دا. گۆڤاری بەیان. ژمارە – 118. بەغدا.

28- محمد علي الخولي. (1987). **الأصوات اللغوية**. الرياض.

29- ==========. (1982). **معجم علم الآصوات**. الرياض

30- محمد معروف فتاح. (1989). کارپۆلین کردن بە پێی ڕۆنان. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە –121. ئادار. بەغدا.

31- ========. (1990). زمانەوانی. زانکۆی سەلاحەددین □ هەولێر.

32- ميلكا إفيتش. (1996). **إتجاهات البحث اللساني**. ترجمة سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد. المطابع الأميرية.

33- وریا عومەر ئەمین. (1986). **مردنی وشە**. گۆڤاری کاروان. ژمارە -45. حوزەیران. ل8-14. هەولێر.

34- ========. (1990). **شەپۆڵەکانی شیعری کوردی**. ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە  126. ل47-58. بەغدا.

35- ========. (1994). **هێز و ئاواز**. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە-134. ل13-16. بەغدا.

36- ========. (1995). **لێڵی لە زمانی کوردیدا**. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە-136.ل66-69. بەغدا.

37- ========. (2004). **فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی**. ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. هەولێر.


## ((سەرچاوە ئینگلیزیەکان))


1- Amin, W. O. (1979). **Aspects of the verbal construction in Kurdish**. Unpublished Ph.D. thesis. University of London.

2- Anderson, S. R. (1985). **Phonology in the Twentieth Century**. Chicago.

3- Bloofeld, L. (1933). **Language**. New YorK.

4- Bolinger, Dwight, L. (1973). **Accent is predictable( if you are a mind reader)**. Lg. 48. 633-644.

5- Carr, P. (1999). **English Phonetics & Phonology**. Great Britain.

6- Cichoki, W. (1981). **Syntactic Consideration in Analysing, Polish Intonation**. Proc. Prosody Symposium. Galf. University of Toronto. (reported in Martin, 1983).

7- Cruttenden, A. (1996). **Intonation**. 2nd ed. Cambridge.

8- Crystal, D. (1969). **Prosodic Systems and Intonation in English**. Cambridge.

9- ========. (2003). **A Dictionary of Linguistics & Phonetics**. Fifth Edition. United Kingdom.

10- ========. (2004). The Cambridge Encyclopedia of the English language. 2nd edition. P.249.

11- Fasold. R. & Connor-Linton. J. (2006). **An Introduction to Language &**

**Linguistics**. Cambridge.
12- Fattah, M. M. (1980). **On The Stress System of Kurdish**. Zanco. The Scientific Journal of Sulaimaniyah University. Vol-6. No-2. Sep.
13- =========. (1997). **A Generative Grammar of Kurdish**. Unpublished PhD thesis. University of Amsterdam.
14- Finch, G. (2000). **Linguistic Terms & Concepts**. London.
15- Firth. (1948). **Sound and Prosodies TPS**. An article in the Transactions of the Philological Society.
16- Fromkin, V. Robert Rodman & Nina Hyams. (2003). **An introduction to Language**. USA.
17- Gaandour, J. & Weinberg, B. (1982). **Perception of Contrastive Stress in a Laryngeal Speech**. Journal of Phonetics, 10: 347-359.
18- Gimson, A. C. (1976) **An introduction to the pronunciation of English**. 2nd edition. England.
19- Halliday, M. A. K.. (1967). **Intonation & Grammar in British English**. The Hague: Mouton.
20- ===========. (1985). **Introduction to functional grammar**. London.
21- Hawkins, P. (1984). **Introducing phonology**. London.
22- Hornby, A. S. (2001). **Oxford Advanced Learner's Dictionary**. New York.
23- Horsey, K. (2001). **101 Key Ideas: Linguistic.** London.
24- Kingdon, R. (1958). **The Ground Work of English Intonation**. London.
25- Ladefoged, P. (1982). **A course in Phonetics. Edinburgh**. 2nd ed. New York.
26- Lehman. W.P. (1976). **Descriptive Linguistics**. 2nd edition. New York.
27- Lewis, J. Windsor. (1973). **English Intonation Studies**. In Phonetics Department Report. No. (4). University of Leeds. Pp. 73-88.
28- Lepetit, D. (1981). **L'intonation de L'espagnol en Vuela Syntheses**. Proc Prosody Symposium. Galf. Toronto. (Reported in Marttin. 1983).
29- Lieberman, P. (1967). **Intonation Perception & Language**. Cambridge.
30- Lindsstrom, O. (1978). **Aspects of English Intonation**. Acta Universitatis Gothoburgensis. Sweden.
31- Lehiste, I. (1973). **Phonetic Disambiguation of Syntactic Ambiguity**. Glossa. (reported in Martin, 1983).
32- Lyons, J. (1977). **Semantics.** Vol. 11. Cambridge.
33- Majid, S. H. (1987). **The Role of Intonation in Grammar with Reference to English & Kurdish**. Unpublished MA thesis. University of Mosul.
34- Malmberg, B. (1963). **Phonetics**. USA.
35- Martin, Ph. (1977). **A Theory of English Intonation**. R.A. Institut de Phonetique –ULB-. Bruxelles. (reported in Martin, 1983).
36- ========. (1983). **Semantics, Syntax & Intonation**. In Abstracts of the Tenth International Congress of Phonetic sciences. Foris Publications. Holland.
37- McCarus, E. N. (1958). **A Kurdish Grammar**. New York.
38- O'Conner, J. D. (1980). **Better English Pronunciation**. Cambridge.
39- O'Conner, J. D. & Arnold, G. F. (1973). **Intonation of Colloquial English**. London.

40- Pike, K. L. (1945). **The intonation of American English**. University of Michigan press. Ann Arbor. (reported in Lieberman, 1967).
41- Plamer, H. E. (1922). **English Intonation with Systematic Exercises**. Cambridge.
42- Quirk, R. (1960). **Towards a description of English Usage**. Oxford, Transactions of the Philological Society. P.40-61.
43- Roach. P. (1983). **English Phonetics and Phonology**. A Practical Course. 3rd ed. 2000. Cambridge.
44- Sweet, H. (1960). **Primer of Spoken English**. Edward Arnold. 3rd ed. London.
45- Trask, R. L. (1993). **A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics**. London.
46- Wells, R. S. (1945). **The Pitch Phonemes of English**. Language. Vol. 21. Pp. 27-40. (reported in Lieberman. 1977. & Linderstom, 1978. P. 15).


## خلاصة البحث

**الرسالة الموسومة بعنوان (النبرة والتنغيم في اللهجة الكوردية الشمالية).**

يهتم هذا البحث بدراسة و تحليل الأصوات الفوقطعية في اللهجة الكوردية الشمالية بشكل عام، و وبالتركيز الخاص على النبرة والتنغيم. حاول لباحث تمييز و تصنيف الأصوات (أو العناصر) الفوقطعية من بعضهم البعض، مثل (النبرة، التنغيم، الفواصل، والوقفات.......الخ). وبرهن بأن الأصوات الفوقطعية ليست عناصر هامشية في قواعد اللهجة المحلية البهدينانية، بل هي عناصر مهمة و رئيسية لا يمكن الاستغناء عنها، فلا يصاغ أية جملة كوردية دون هذة العناصر ، حيث استعمالها بصورة غير صحيحة تؤدي الى الغموض في المعنى.

إن هذا الموضوع يقع ضمن إطار علم الصوت. رغم وجود بحوث قليلة وقيمة حول هذا الموضوع في اللهجة الجنوبية للغة الكوردية، ولكن لم يتناوله الباحثين في اللهجة الشمالية، والغرض الأساسي من هذا البحث هو محاولة لملء جزء من هذا لفراغ في اللهجة الشمالية بشكل عام و اللهجة المحلية البهدينانية بشكل خاص.

ففي المقدمة، بادر الباحث الى عرض عدة فقرات منها (عنوان الأطروحة، أهداف الرسالة، أسباب اختيار الموضوع، حدود البحث، عوائق البحث،منهجية البحث و طريقة الإجراء، و ثم عرض الفصول. و اقتضت طبيعة البحث أن يتضمن أربعة فصول:

ففـي الفصـل الأول تـم تقـديم عـرض تعريفـي للأصـوات الفوقطعيـة لتهـأة الأرضـية المناسبة لتحليل تلك الأصوات في الفصـول القادمـة، بعـد مقدمـة الفصـل تـم تحليـل ومناقشـة المقطع، النبرة، التنغيم، طبقة الصوت، الوقفة و الإيقاع.

وجاء الفصل الثاني، ليتحدث الباحث فيه عن النبرة من حيث تكوينه فيزياويا و لغويا، و كيفية اداء وظائفها تبعا لتغير مواقعها فوق نبرات الكلمات والجمل. حيث تطرق الى شـرح علم الأصوات السمعية، النبرة من حيث التكوين، النبرة في علم اللغة، ملامح النبرة في اللغـة الكوردية، انواع النبرات من حيث توزيعها على الكلمات والجمل.

أما الفصل الثالث خُصِّصَ لعرض وتحليـل التنغـيم. حيـث يتنـاول التراكيـب التنغيميـة اللغوية في اللغات ولاسيما اللغة الكوردية. تصنيف أنواع التنغيم، النظريات أو طرق البحـث البريطانية و الأمريكية و آراء بعض اللغويين حول التنغيم، ثم التنغـيم فـي اللغـة الكورديـة و مستويات التنغيم في الجمل الكوردية.

في الفصل الرابع، حاول الباحث دراسة تأثير أصوات الفوقطعيـة علـى الغمـوض فـي التراكيب الصرفية والنحوية، ولاسيما الوقفة، النبرة والتنغيم، كل على حِدا، ثم تأثير كل هـذه العناصر مجتمعةً.

وأخيراً قدم الباحث ملخصا لأهـم النتـائج التـي توصـل اليهـا البحـث، و قائمـة بأسـماء مصادر البحث ومراجعه، اضافة الملخص باللغتين العربية و الإنكليزية.


# (Abstract)

The dissertation is entitled "Stress and Intonation in the Northern Kurdish Dialect". The work generally deals with the supra-segmental phonemes in Kurdish focusing particularly on stress and intonation. To distinguish the supra-segmental phonemes from each other is not an easy task. All the supra-segmental phonemes (stress, intonation, juncture, rhythm, pause…etc.), work together to obtain a principal objective. But the ones that take the major role and have multiple functions are stress and intonation. This is why the title is so, and the major part of the work is dedicated to these two; and tackling the other supra-segmental phonemes is only to furnish the ground for the study.

This dissertation is an attempt to generally study the supra-segmental phonemes in Kurdish and to apply them to the Northern Kurdish Dialect as the role of the supra-segmental phonemes is no less than that of the segmental features in the conveyance of meaning; and together they complement the structure of the Kurdish Language. The essence of the meaning expressed through the supra-segmental phonemes does not only consist of a bare arrangement of the sounds

or words. Expressing a tuneless form or a form with an awkward intonation causes misunderstanding.

The work consists of an introduction and four chapters. In the introduction the researcher deals with the title of the work, objectives, reasons behind choosing the topic, scope, problems, study procedures and the constituent parts of the study.

Chapter one deals with the supra-segmental phonemes; in addition to the structure of syllable an attempt is made to define stress, intonation, pitch, juncture and pause.

In chapter two the researcher sheds some light on Stress and attempts to deal with some aspects of stress such as, acoustic phonology, stress formation, stress and linguistics, types of stress…etc.

In chapter three the researcher deals with Intonation. Some aspects of intonation such as, type and function of intonation are also dealt with.

Chapter four is devoted to the study of ambiguity of meaning and the supra-segmental phonemes particularly: stress, intonation and ambiguity.

Finally, the findings, bibliography, and work abstract in Kurdish, Arabic, and English are shown.

حكومة إقليم كوردستان/العراق
وزارة التعليم العالي والأبحاث العلمية
جامعة صلاح الدين-أربيل

# النبره والتنغيم فى اللهجه الكورديه الشماليه

## رسالة

**مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين-أربيل**

**كجزء من متطلبات درجة الدكتوراه**

**في اللغة الكوردية**

**من قبل**

**عبدالوهاب خالد موسى**

(بكالوريوس في اللغة الكوردية-كلية الآداب-جامعة صلاح الدين-1987-1988م)
(ماجستير في اللغة الكوردية-كلية الآداب-جامعة صلاح الدين-1999-2000م)

نوروز2707كوردي ربيع الأول 1427هجري نيسان2007ميلادي

Kurdistan region Government-Iraq
**Ministry of Higher Education & Scientific Research**
**Salahaddin University-Erbil**

# Stress and Intonation In the Northern Kurdish Dialect

**A Thesis**
**Submitted to the Council of College of Languages**
**of Salahaddin-Erbil University**
**in partial fulfillment of the requirements for the degree of PhD of Arts**
**in Kurdish Language**

By
*Abdulwahab Khalid Mwsa*

B.A. (Salahaddin-Erbil University- College of Arts 1987-1988)
M.A. (Salahaddin-Erbil University- College of Arts 1999-2000)

April 2007 Rabi'ul'awal 1427 Nawroz 2707